## پێشەکی وەرگێڕ

إِن الحَمْدَ للهِ نَحْمَدُهُ وَ نَسْتَعِيْنُهُ وَنَسْتَغْفِرُهُ وَنَعُوْذ بِاللهِ مِن شُــرُوْرِ أَنْفُسنَا وَمِنْ سَيِّئَاتِ أَعْمَالِنَا مَنْ يَهْدِهِ اللهُ فَلا مُضِلَّ لَهُ وَمَنْ يُضْلِلْ فَــلا هَادِيَ لَهُ ... وَأَشْهَدُ أَنْ لا إِلَهَ إِلاّاللهُ وَحْدَهُ لاشَرِيْكَ لَهُ ... وَأَشْـــهَدُ أَنَّ مُحَمَّداً عَبْدُهُ وَرَسُوْلُهُ.

﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا اتَّقُوا اللَّهَ حَقَّ تُقَاتِهِ وَلَا تَمُوتُنَّ إِلَّا وَأَنتُم مُّسْلِمُونَ﴾[1]

﴿يَا أَيُّهَا النَّاسُ اتَّقُوا رَبَّكُمُ الَّذِي خَلَقَكُم مِّن نَّفْسٍ وَاحِدَةٍ وَخَلَقَ مِنْهَا زَوْجَهَا وَبَثَّ مِنْهُمَا رِجَالًا كَثِيرًا وَنِسَاءً ۚ وَاتَّقُوا اللَّهَ الَّذِي تَسَاءَلُونَ بِهِ وَالْأَرْحَامَ ۚ إِنَّ اللَّهَ كَانَ عَلَيْكُمْ رَقِيبًا ﴿١﴾﴾[2]

﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا اتَّقُوا اللَّهَ وَقُولُوا قَوْلًا سَدِيدًا ﴿٧٠﴾ يُصْلِحْ لَكُمْ أَعْمَالَكُمْ وَيَغْفِرْ لَكُمْ ذُنُوبَكُمْ ۗ وَمَن يُطِعِ اللَّهَ وَرَسُولَهُ فَقَدْ فَازَ فَوْزًا عَظِيمًا ﴿٧١﴾﴾[3]

أَمَّا بَعْدُ: فَإِنَّ أَصْدَقَ الحَدِيْثِ كِتَابُ اللهِ وَخَيْرَ الهَدْيِ هَـدْيُ مُحَمَّـدٍ ﷺ وَشَرَّ الأُمُوْرِ مُحْدَثَاتُهَا وَكُلَّ مُحْدَثَةٍ بِدْعَةٌ وَكُلَّ بِدْعَةٍ ضَلالَةٌ وَكُلَّ ضَلالَةٍ فِي النَّارِ.

[1] آل عمران: ١٠٢
[2] النساء: ١
[3] الأحزاب: ٧٠ - ٧١



موسوڵمانانی بەڕێزو خۆشەویست ، برایان و خوشکانی دڵسۆزم

السلام عليكم ورحمة الله وبركاته : سوپاس و ستایشی بێ کۆتـا بۆخـوای پەروەردگاری جیهانیان وە درودوصەڵات و سەلامی خوای بێ هاوتا برژێ بەسەر پێغەمبەری ئازیزو خۆشەویستماندا صلى الله عليه وعلى آله وسلم ، سوپاسی خوای پـەروەردگار دەکـەم وائـەم جـارەش مۆڵـەتی دامـەوە تـا بتـوانم هەستم بەخزمەتکردنی موسـڵمانان بـەوەی ووتەیـەکی جـوانی شـەیخی ئیـسلام موحەمـەدی کـوڕی عبـدالوهاب ڕەحمـەتی خـوای لێ بێـت بـەناوی ﴿ القواعـد الأربع﴾ وەربگێڕمە سەرزمانی جوان و شـیرینی کـوردی ، ئـەو زمانـەی خـوای گـەوەر پێـی بەخـشیوین و سوپاسـی دەکـەین لـەسـەر ئـەو نیعمەتـە جوانـە ، پەرتووکی ﴿ القواعد الأربع ﴾ یەکێکە لـەدانراوەکانی ئـەو جـوامێرەی ئیـسلام کەبەڕاستی دۆستی خوای پەروەردگار بوو ، منـیش وەکـو برایـەکتان لەژیانمـدا گەلێك ئاواتی زانـستیم هەیـە لـەوەی بتـوانم بەدەسـتیان بخـەم یـەکێك لەوانـە وەرگێڕانی پەرتووکەکانی شـەیخی ئیـسلامە بـەگوێرەی توانـا ، جایـەکێك لـەو پەرتووکانەی ئاواتی ژیانم بـوو بیکەمـە کـوردی بۆنەتەوەکـەم ئـەم پەرتووکـەی بەدەستتە کەسوپاس بۆخودا ئـەو ئاواتـەم هاتـە جێ ، داوا لـەخوا دەکـەم لـێم وەربگرێت ، وەبۆئەوەی زیاتر ڕوون بێت لەبەرچاوی خوێنەراندا وام بەپێویـست زانی کە شەرحی یەکێك لەزاناگەورەکانی ئیـسلام هەڵبـژێرم بۆئـەو پەرتووکـە بەسوودە کەئەویش زانای پایەبـەرزو پێشەوای ئـەهلی سـوننە ﴿ شـەیخ صـالح الفوزان ﴾ ە خوای گەورە بیپارێزێت بۆزیاتر خزمەتکردنی ئیسلام و موسـڵمانان جاوەك ئاشکرایە ﴿ القواعد الأربع ﴾ لـەڕووی قەبارەوە بچووکە بەڵام لـەڕووی سوودەوە گەلێك مەزنە بۆیـە جێگـەی ڕەزامەنـدی زانایـان و ئـەهلی سـوننەیە

لەسەر گۆی زەویدا ، ئەو پەرتووکە پێکهاتووە لە دوعای شەیخ بۆموسڵمانی فێرخوازی زانست و پاشان پێشەکیەکی جوانی بۆدارِشتووە کەهەمووی ئامۆژگاریە بۆ موسڵمانان و پاشان دەست دەکات بە باسی چوار بنەمای ئاڵتونی بۆئەوەی والەموسڵمان بکات لەسەر چاورِۆشنی بێت لەبیروباوەرِەکەیدا و بەگومانی گومرِایان هەرگیز هەڵنەخەڵەتێت ، کەواتە پەرتووکەی کورت و پوختە و پرِ سوودە ، وەشەرحەکەی ﴿ شەیخ صالح الفوزان ﴾یش بەرِاستی جوانە و ئەگەر خوا ویستی لێ بێت سوودی لێ دەبینیت ، منیش هەوڵم داوە پارێزگاری لەوەرگێرِاندا بکەم و ئەگەر لەشوێنێکدا پێویستی کردبێت ووتەیەکی منی تیادا بێت ئەوا خستوومەتە نێوان دووکەوانەی لەم شێوەیەدا (( )) یان ئەگەر شتێکی زیادەم بەدەر لە پەرتووکەکە هێنابێت بەهەمان شێوە ئاماژەم پێداوە ، لەکۆتای ئەم پێشەکیەدا داوا لەهەموو موسڵمانێك دەکەم دریغی نەکەن لەخزمەتکردنی ئەم دینە موبارەکە بەوەی بۆیان دەکرێت بابیکەن ئەگەر زانستی هەیە بەزانستی ئەگەر ماڵی بەماڵی بەچ شتێك دەتوانێت باخزمەت پێشکەش بکات و پاڵی لێنەداتەوە ، وەداوا لەخوای گەورە دەکەم لەمن و دایك و باوك و مامۆستاکانم و سەرجەم ئەهلی سوننەو جەماعە خۆش ببێت ، ئەوەی دەیکەین تەنها لەبەر رِەزامەندی خوی بێت و بەشی هیچ کەسی تیادا نەبێت ، وەداوا لەموسڵمانان دەکەم داوای لێخۆشبووم لەخوای گەورە بۆبکەن و زیاتر دامەزراووم بکات لەسەر رِێبازی ئەهلی سوننەو جەماعە .

وصلى الله وسلم على نبينا محمد وعلى آله وصحبه أجمعين

براتان

ئاکۆ جلیل کریم ﴿ گۆخڵانی ﴾



## دەقی پەرتووکەکەی شەیخی ئیسلام
## (( موحەمەدی کورِی عبدالوهاب )) رِەحمەتی خوای لێ بێت
## ﴿ القواعد الأربع ﴾

**﴿ بسم الله الرحمن الرحيم ﴾**

أسأل الله الكريم رب العرش العظيم أن يتولاك في الدنيا والآخرة، وأن يجعلك مباركا أينما كنت، وأن يجعلك ممن إذا أعطى شكر، وإذا ابتلي صبر، وإذ أذنب استغفر، فإن هؤلاء الثلاث عنوان السعادة.

اعلم أرشدك الله لطاعته أن الحنيفية ملة إبراهيم أن تعبد الله وحده مخلصا له الدين ، كما قال تعالى: ﴿ وَمَا خَلَقْتُ ٱلْجِنَّ وَٱلْإِنسَ إِلَّا لِيَعْبُدُونِ ﴿٥٦﴾ ﴾[٤]

فإذا عرفت أن الله خلقك لعبادته، فاعلم أن العبادة لا تسمى عبادة إلا مع التوحيد، كما أن الصلاة لا تسمى صلاة إلا مع الطهارة ، فإذا دخل الشرك في العبادة فسدت، كالحدث إذا دخل في الطهارة. فإذا عرفت أن الشرك إذا خالط العبادة أفسدها وأحبط العمل وصار صاحبه من الخالدين في النار، عرفت أن أهم ما عليك معرفة ذلك، لعل الله أن يخلصك من هذه الشبكة، وهي الشرك بالله، الذي قال الله تعالى فيه:﴿ إِنَّ ٱللَّهَ لَا يَغْفِرُ أَن يُشْرَكَ بِهِۦ وَيَغْفِرُ مَا دُونَ ذَٰلِكَ لِمَن يَشَآءُ ﴾النساء: ٤٨

وذلك بمعرفة أربع قواعد ذكرها الله تعالى في كتابه:

[٤] الذاريات: ٥٦

القاعدة الأولى: أن تعلم أن الكفار الذين قاتلهم رسول الله صلى الله عليه وسلم مُقِرُّون بأن الله تعالى هو الخالق المدبر، وأن ذلك لم يدخلهم في الإسلام، والدليل قوله تعالى: ﴿ قُلْ مَن يَرْزُقُكُم مِّنَ ٱلسَّمَآءِ وَٱلْأَرْضِ أَمَّن يَمْلِكُ ٱلسَّمْعَ وَٱلْأَبْصَٰرَ وَمَن يُخْرِجُ ٱلْحَىَّ مِنَ ٱلْمَيِّتِ وَيُخْرِجُ ٱلْمَيِّتَ مِنَ ٱلْحَىِّ وَمَن يُدَبِّرُ ٱلْأَمْرَ ۚ فَسَيَقُولُونَ ٱللَّهُ ۚ فَقُلْ أَفَلَا تَتَّقُونَ ﴿٣١﴾ ﴾[٥]

القاعدة الثانية: أنهم يقولون: ما دعوناهم وتوجهنا إليهم إلا لطلب القربة والشفاعة، فدليل القربة قوله تعالى: ﴿ وَٱلَّذِينَ ٱتَّخَذُوا۟ مِن دُونِهِۦٓ أَوْلِيَآءَ مَا نَعْبُدُهُمْ إِلَّا لِيُقَرِّبُونَآ إِلَى ٱللَّهِ زُلْفَىٰٓ إِنَّ ٱللَّهَ يَحْكُمُ بَيْنَهُمْ فِى مَا هُمْ فِيهِ يَخْتَلِفُونَ ۗ إِنَّ ٱللَّهَ لَا يَهْدِى مَنْ هُوَ كَٰذِبٌ كَفَّارٌ ﴿٣﴾ ﴾[٦]

ودليل الشفاعة قوله تعالى: ﴿ وَيَعْبُدُونَ مِن دُونِ ٱللَّهِ مَا لَا يَضُرُّهُمْ وَلَا يَنفَعُهُمْ وَيَقُولُونَ هَٰٓؤُلَآءِ شُفَعَٰٓؤُنَا عِندَ ٱللَّهِ ﴾[٧]

والشفاعة شفاعتان: شفاعة منفية، وشفاعة مثبتة. فالشفاعة المنفية ما كانت تطلب من غير الله فيما لا يقدر عليه إلا الله، والدليل قوله تعالى:

﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓا۟ أَنفِقُوا۟ مِمَّا رَزَقْنَٰكُم مِّن قَبْلِ أَن يَأْتِىَ يَوْمٌ لَّا بَيْعٌ فِيهِ وَلَا خُلَّةٌ وَلَا شَفَٰعَةٌ ۗ وَٱلْكَٰفِرُونَ هُمُ ٱلظَّٰلِمُونَ ﴿٢٥٤﴾ ﴾ البقرة: ٢٥٤

[٥] يونس: ٣١.
[٦] الزمر: ٣.
[٧] يونس: ١٨.



والشفاعة المثبتة هي التي تطلب من الله، والشافع مكرم بالشفاعة، والمشفوع له من رضي الله قوله وعمله بعد الإذن، كما قال تعالى: ﴿ مَن ذَا ٱلَّذِى يَشْفَعُ عِندَهُۥٓ إِلَّا بِإِذْنِهِۦ ﴾[٨]

والقاعدة الثالثة: أن النبي صلى الله عليه وسلم ظهر على أناس متفرقين في عباداتهم منهم من يعبد الملائكة. ومنهم من يعبد الأنبياء والصالحين. ومنهم من يعبد الأشجار والأحجار. ومنهم من يعبد الشمس والقمر. وقاتلهم رسول الله صلى الله عليه وسلم ولم يفرق بينهم. والدليل قوله تعالى: ﴿ وَقَٰتِلُوهُمْ حَتَّىٰ لَا تَكُونَ فِتْنَةٌ وَيَكُونَ ٱلدِّينُ لِلَّهِ ﴾[٩] ودليل الشمس والقمر: قوله تعالى: ﴿ وَمِنْ ءَايَٰتِهِ ٱلَّيْلُ وَٱلنَّهَارُ وَٱلشَّمْسُ وَٱلْقَمَرُ ۚ لَا تَسْجُدُوا۟ لِلشَّمْسِ وَلَا لِلْقَمَرِ ﴾[١٠]

ودليل الملائكة: قوله تعالى: ﴿ وَلَا يَأْمُرَكُمْ أَن تَتَّخِذُوا۟ ٱلْمَلَٰٓئِكَةَ وَٱلنَّبِيِّۦنَ أَرْبَابًا ﴾[١١] ودليل الأنبياء: قوله تعالى: ﴿ وَإِذْ قَالَ ٱللَّهُ يَٰعِيسَى ٱبْنَ مَرْيَمَ ءَأَنتَ قُلْتَ لِلنَّاسِ ٱتَّخِذُونِى وَأُمِّىَ إِلَٰهَيْنِ مِن دُونِ ٱللَّهِ ۖ قَالَ سُبْحَٰنَكَ مَا

[٨] البقرة: ٢٥٥.
[٩] البقرة: ١٩٣.
[١٠] فصلت: ٣٧.
[١١] آل عمران: ٨٠.

يَكُونُ لِيٓ أَنۡ أَقُولَ مَا لَيۡسَ لِي بِحَقٍّۚ إِن كُنتُ قُلۡتُهُۥ فَقَدۡ عَلِمۡتَهُۥۚ تَعۡلَمُ مَا فِي نَفۡسِي وَلَآ أَعۡلَمُ مَا فِي نَفۡسِكَۚ إِنَّكَ أَنتَ عَلَّٰمُ ٱلۡغُيُوبِ ﴿١١٦﴾ ﴾ [12]

ودليل الصالحين : قوله تعالى: ﴿ أُوْلَٰٓئِكَ ٱلَّذِينَ يَدۡعُونَ يَبۡتَغُونَ إِلَىٰ رَبِّهِمُ ٱلۡوَسِيلَةَ أَيُّهُمۡ أَقۡرَبُ وَيَرۡجُونَ رَحۡمَتَهُۥ وَيَخَافُونَ عَذَابَهُۥٓۚ ﴾ [13]

ودليل الأشجار والأحجار : قوله تعالى: ﴿ أَفَرَءَيۡتُمُ ٱللَّٰتَ وَٱلۡعُزَّىٰ ﴿١٩﴾ وَمَنَوٰةَ ٱلثَّالِثَةَ ٱلۡأُخۡرَىٰٓ ﴿٢٠﴾ ﴾ [14]

وحديث أبي واقد الليثي رضي الله عنه قال: "خرجنا مع النبي صلى الله عليه وسلم إلى حنين ونحن حدثاء عهد بكفر، وللمشركين سدرة يعكفون عندها وينوطون بها أسلحتهم يقال لها ذات أنواط. فمررنا بسدرة فقلنا: يا رسول الله اجعل لنا ذات أنواط، كما لهم ذات أنواط"[15]. الحديث[16].

---

[12] المائدة: ١١٦.
[13] الإسراء: ٥٧.
[14] النجم: ١٩ ــ ٢٠.
[15] تەواوی فەرموودەکە بەم شێوەیەیە : عَنْ أَبِي وَاقِدٍ اللَّيْثِيِّ ، قَالَ : خَرَجْنَا مَعَ رَسُولِ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ إِلَى حُنَيْنٍ وَنَحْنُ حُدَثَاءُ عَهْدٍ بِكُفْرٍ ، وَلِلْمُشْرِكِينَ سِدْرَةٌ يَعْكُفُونَ عِنْدَهَا ، وَيَنُوطُونَ بِهَا أَسْلِحَتَهُمْ يُقَالُ لَهَا : ذَاتُ أَنْوَاطٍ ، قَالَ : فَمَرَرْنَا بِالسِّدْرَةِ ، فَقُلْنَا : يَا رَسُولَ اللَّهِ ، اجْعَلْ لَنَا ذَاتَ أَنْوَاطٍ كَمَا لَهُمْ ذَاتُ أَنْوَاطٍ ، فَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ : " اللَّهُ أَكْبَرُ ، إِنَّهَا السُّنَنُ ، قُلْتُمْ وَالَّذِي نَفْسِي بِيَدِهِ كَمَا قَالَتْ بنو إِسْرَائِيلَ : ﴿ ٱجۡعَل لَّنَآ إِلَٰهٗا كَمَا لَهُمۡ ءَالِهَةٞۚ قَالَ إِنَّكُمۡ قَوۡمٞ تَجۡهَلُونَ ﴿١٣٨﴾ ﴾ الأعراف: ١٣٨ ، لَتَرْكَبُنَّ سَنَنَ مَنْ كَانَ قَبْلَكُمْ "
[16] أخرجه الترمذي رقم ( ٢١٨٠ ) في الفتن ، باب ماجاء لتركبن سنن من كان قبلكم ، وقال : (( حديث حسن صحيح )) وأخرجه أحمد ( ٢١٨/٥ ) ، وإبن أبي عاصم في السنة رقم ( ٧٨ ) ، وإبن حبان في صحيحه رقم (٦٧٠٢– الإحسان ) . وصححه إبن حجر في الإصابة ( ٢١٦/٤ ).



القاعدة الرابعة: أن مشركي زماننا أغلظ شركا من الأولين، لأن الأولين يشركون في الرخاء ويخلصون في الشدة، ومشركو زماننا شركهم دائما في الرخاء والشدة ، والدليل قوله تعالى: ﴿ فَإِذَا رَكِبُواْ فِي ٱلۡفُلۡكِ دَعَوُاْ ٱللَّهَ مُخۡلِصِينَ لَهُ ٱلدِّينَ فَلَمَّا نَجَّىٰهُمۡ إِلَى ٱلۡبَرِّ إِذَا هُمۡ يُشۡرِكُونَ ﴿٦٥﴾ ﴾ [17]

## واتای کوردی ﴿القواعد الأربع – چوار بنەماکە﴾

بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

داوا لەخوای پیرۆز پەروەردگاری عەرشی گەورە دەکەم کە پشتیوانت بێت لەدونیاو دوا ڕۆژدا ، وەوات لێبکات پیرۆزو موبارەك ببیت لەهەرشوێنێکدا بوویت ، وەداوای لێ دەکەم کە بتگێڕێ لەو کەسانەی کە ئەگەر پێی بەخشرا سوپاس گوزار بێت ، وەئەگەر تاقیکرایەوە ئارامگر بێت ، وەئەگەر تاوانی ئەنجامدا بگرێتەوە بۆلای خوای گەورە ، چونکە ئەو سیانە نیشانەی بەختەوەرین .

بزانە خوای پەروەردگار ڕێنموییت بکات بۆگوێڕایەڵی کردنی خۆی :

---

[17] العنكبوت: ٦٥ .

كە حەنیفییەت میللەتی ئیبراهیم سەلامی خوای لێ بێت بریتیە لەوەی كە كەخوای گەورە بەتاك بپەرستیت و هەموو جۆرە پەرستنێكی بەنیازپاكی و دوور لەهەموو شەریك بۆخوا دانانێك ئەنجام بدەیت.

هەروەكو خوای گەورە فەرموویەتی : ﴿ وَمَا خَلَقْتُ ٱلْجِنَّ وَٱلْإِنسَ إِلَّا لِيَعْبُدُونِ ﴿٥٦﴾ ﴾ [18] واتە ﴿ من جنۆكەو مرۆڤم دروست نەكردووە تەنها لەبەر پەرستنی خۆم نەبێت ﴾ .

جائەگەر شارەزابوویت و زانیت كە خوای گەورە تۆی دروست كردووە بۆ پەرستنی خۆی ، ئەوا بزانە كەپەرستن ناو نابرێت بەپەرستن تەنها لەكاتێكدا نەبێت كەلەگەڵ یەكخواناسیدا بێت .

هەروەكو چۆن نوێژ ناو نابرێت بەنوێژ تەنها لەكاتێكدا نەبێت كەلەگەڵ دەستنوێژدا بێت .

جائەگەر شەریك بۆخوادانان چووە ناو پەرستن و تێكەڵاوی بوو ئەوا عیبادەت و پەرستنەكە خراپ دەكات و هەڵیدەوەشێنێتەوە هەروەكو چۆن ئەگەر مرۆڤ دەستنوێژەكەی شكا ئەوا دەستنوێژی نەماوە و دەسنوێژەكەی شكاوە .

جائەگەر شارەزابوویت و زانیت كەشەریك بۆخوادانان ئەگەر تێكەڵاوی پەرستن بوو خراپی دەكات و هەڵیدەوەشێنێتەوە و كردەوە پوچەڵ دەكاتەوە و بكەرەكەی دەكاتە یەكێك لەوانەی كەبەهەمیشەیی لەئاگری

[18] الذاريات: ٥٦.



دۆزەخدا دەمێننەوە ، زانیت كەگرنگترین شت لەسەر تۆ ئەوەیە كە شارەزای ئەوە ببیت ، بەو هیوایەی خوای گەورە دەربازو ڕزگارت بكات لەم تۆڕە كەبریتیە لە شەریك بۆخوا دانان و هاوبەش بۆپەیداكردنی .

ئەوەی كەخوای گەورە لەبارەیەوە فەرمویەتی : ﴿ إِنَّ ٱللَّهَ لَا يَغْفِرُ أَن يُشْرَكَ بِهِۦ وَيَغْفِرُ مَا دُونَ ذَٰلِكَ لِمَن يَشَآءُ ﴾ [19]

واتە ﴿ بەدڵنیاییەوە خوای گەورە خۆش نابێت لەوەی هاوبەشی بۆپەیدا بكرێت و لەخوار شەریك بۆخوادانانەوە خۆش دەبێت بۆهەركەسێك كەخۆی بیەوێت ﴾ ، وەئەوەش بە ناسین و شارەزابوونی چوار بنەما دەبێت خوای گەورە باسی كردوون لەقورئانە پیرۆزەكەی خۆیدا .

**بنەمای یەكەم :** ئەوەیە كەبزانیت كە بێباوەڕان ئەوانەی پێغەمبەری خوا صلّى الله عليه وعلى آله وسلم جەنگا لەگەڵیانداو شەڕی لەگەڵ كردن دانیان بەوەدا دەنا بەوەی كە خوای گەورە دروستكاری هەموو شتێكەو هەڵسوڕێنەری گەردونە ، و ئەو دانپێدانانەیان وای لێ نەكردن بیانخاتە ناو ئیسلام و بەموسڵمان دابنرێن ، وەبەڵگەش فەرمایشتی خوای گەورەیە كە دەفەرموێت : ﴿ قُلْ مَن يَرْزُقُكُم مِّنَ ٱلسَّمَآءِ وَٱلْأَرْضِ أَمَّن يَمْلِكُ ٱلسَّمْعَ وَٱلْأَبْصَٰرَ وَمَن يُخْرِجُ ٱلْحَىَّ مِنَ ٱلْمَيِّتِ وَيُخْرِجُ ٱلْمَيِّتَ مِنَ ٱلْحَىِّ وَمَن يُدَبِّرُ ٱلْأَمْرَ ۚ فَسَيَقُولُونَ ٱللَّهُ ۚ فَقُلْ أَفَلَا تَتَّقُونَ ﴿٣١﴾ ﴾ [20] واتە ﴿ بڵێ : كێ لەم ئاسمان و

[19] النساء: ٤٨.
[20] يونس: ٣١.

زەویەدا ڕزق و ڕۆزیتان دەداتیٚ ؟ کێیە دروست کارو خاوەنی ئەو گوێ و چاوەتان ، ئەی کێیـە زینـدوو لـەمردوو دەردێنـیٚ ؟ و مـردوو لـەزینـدو دەردەکـات ؟ وەکێیـە زۆر بـەوردی بۆکاروبـاری ئـەم دونیایـە نەخـشە دەکێشێت ؟ بەزوویی لەوەڵامی هەموو ئەمانەدا دەڵێن : هەرخوایە هەموو ئەوانە دەکات ، دەی کەواتە بڵیٚ : ئایە بۆلەخوا ناترسن ؟ ﴾.

**بنـەمای دووەم :** ئـەو هاوبـەش پەیداکارانـە دەڵـێن : ئێمـە هاوارمـان لێنـەکردوون و ڕوومـان تێنـەکردوون تـەنها لەبەرنزیکبونـەوە لـەخواو تکاکردن نەبێت .

جابەڵگەی نزیکیەتی لەخواوە ، فەرمایشتی خوای گەورەیە :﴿وَالَّذِينَ اتَّخَذُوا مِن دُونِهِ أَوْلِيَاءَ مَا نَعْبُدُهُمْ إِلَّا لِيُقَرِّبُونَا إِلَى اللَّهِ زُلْفَىٰ إِنَّ اللَّهَ يَحْكُمُ بَيْنَهُمْ فِي مَا هُمْ فِيهِ يَخْتَلِفُونَ ۗ إِنَّ اللَّهَ لَا يَهْدِي مَنْ هُوَ كَاذِبٌ كَفَّارٌ ﴿٣﴾ ﴾[21] واتە ﴿ ئەوانەی کەلەجیاتی خوا چەندین دۆستیان بۆخۆیان گرتووە جگە لەخواو دەیانپەرستن دەڵێن : ئێمە تەنها لەبەرئەوە ئەو بتانە دەپەرستین تالەخوامان نزیك بکەنەوە و تکامان بۆبکەن لای ، بەدڵنیاییەوە خوای گەورە لەڕۆژی دوایدا حوکم لەنێوان ئەوانەدا دەکات کەجیاوازی کەوتۆتە نێوانیان لەسەری و هەر کۆمەڵێکیان بەندایەتی شتێك دەکەن بێگومان خوای گەورە ڕێنمویی ئەو کەسانە ناکات کەلەبیروباوەڕیاندا زۆر بەهەڵەو درۆی گەورە و بێباوەڕیدا ڕۆیشتوون ﴾.

[21] الزمر: ٣.



وەبەڵگەی شـەفاعەت و تکـاکردن : فەرمایـشتی خـوای گەورەیـە : ﴿ وَيَعْبُدُونَ مِن دُونِ اللَّهِ مَا لَا يَضُرُّهُمْ وَلَا يَنفَعُهُمْ وَيَقُولُونَ هَٰؤُلَاءِ شُفَعَاؤُنَا عِندَ اللَّهِ ﴾[22] واتە ﴿ وەلەجیاتی خوایش چـەند شـتێکی وادەپەرسـتن کەنـەدەتوانن زیانێکیـان پـیٚ بگەیـەنن و نەسـوودێکیان پـیٚ ببەخشن ، وەدەڵێن : ئەوانـە لای خـوا تکاکارمـان دەبـن (( لـەبەرئـەوە دەیانپەرستین چونکە ئەو خوا بەتاڵانە تکامان بۆدەکەن لای خوای گەورە – وەرگێڕ )) ﴾.

**وەتکاکردن دوو جۆر تکاکردنە : شەفاعەت و تکاکردنێکی ناڕاست و بەدوور گیراو ، وەشەفاعەت و تکاکردنێکی ڕاست و جێگیرکراو.**

جائەوەی شەفاعەت و تکاکردنی ناڕاست و بەدوورگیراوە : ئەوەیـە کـە داوادەکرێت لەجگەلەخوا لەو شتەی کەتـەنها خـوا نـەبێت دەسـتەڵاتی بەسەردا نیە ، وەبەڵگەش فەرمایـشتی خـوای گەورەیـە :﴿ يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا أَنفِقُوا مِمَّا رَزَقْنَاكُم مِّن قَبْلِ أَن يَأْتِيَ يَوْمٌ لَّا بَيْعٌ فِيهِ وَلَا خُلَّةٌ وَلَا شَفَاعَةٌ ۗ وَالْكَافِرُونَ هُمُ الظَّالِمُونَ ﴿٢٥٤﴾ ﴾[23]

واتە ﴿ ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە ببەخشن هەندێك لەو ماڵ و سامانەی پێمان بەخشیوون پێش لەهاتنی ڕۆژێك هیچ کڕین و فرۆشتنێکی تیادا نیـە

[22] یونس: ١٨.
[23] البقرة: ٢٥٤ .

(( تابەماڵ خۆتان بكرنەوە )) هەروەك هیچ دۆستی و تكاو شەفاعەتێك سوودی نابێت وە بێباوەڕانن ستەمكارن ﴾.

وەشەفاعەت و تكاكردنی جێگیركراو : بریتیە لەوەی كەبەتەنها لەخوای گەورە داوا دەكرێت .

وەكەسی تكاكار ڕێزلێگیراوە بەوەی توانای شەفاعەت و تكاكردنی هەیە و تكابۆكراویش ئەو كەسیە خوای گەورە لە لەقسەو كردەوەی ڕازییە لەدوای مۆڵەتدان بەوەی شەفاعەتی بۆبكرێت ((واتە ئەو كەسەی شەفاعەتی بۆدەكرێت دەبێت كەسێك بێت خوای پەروەردگار لێی ڕازی بێت و لەووتەو كردەوەی ڕازی ببێت دوای ئەوە خوای پەروەردگار مۆڵەت دەدات بەتكاكار شەفاعەت و تكای بۆبكات – وەرگێر ))

هەروەكو خوای گەورە دەفەرموێت :﴿مَن ذَا ٱلَّذِي يَشۡفَعُ عِندَهُۥٓ إِلَّا بِإِذۡنِهِۦ﴾[٢٤] واتە ﴿ كێیە ئەو كەسەی لەڕۆژی قیامەتدا بتوانێت لای خوای گەورە شەفاعەت بكات هەتا خوای گەورە خۆی مۆڵەتی نەدات﴾.

**بنەمای سێیەم :** بەدڵنیاییەوە پێغەمبەری خوا صلّى الله علیه وعلى آله وسلم لەناو خەڵكانێكدا دەركەوت و كرا بە پێغەمبەر كە جیاواز بوون لەپەرستنەكانیاندا ، هەیان بوو فریشتەیان دەپەرست وەهەیان بوو كە پێغەمبەران سەلامی خوایان لێ بێت و پیاوچاكانیان دەپەرست، وەهەیان بوو كە بەردوو داریان دەپەرست ، وە هەیان بوو كە خۆرو مانگیان دەپەرست

[٢٤] البقرة: ٢٥٥.



وە پێغەمبەری خوا صلّى الله علیه وعلى آله وسلم لەگەڵ هەموویاندا شەڕی كردو جەنگاو جیاوازی نەكرد لەنێوانیاندا.

وەبەڵگەش خوای گەورە دەفەرموێت :﴿وَقَٰتِلُوهُمۡ حَتَّىٰ لَا تَكُونَ فِتۡنَةٞ وَيَكُونَ ٱلدِّينُ لِلَّهِ﴾[٢٥] واتە ﴿ ئەوانەی دەست درێژیتان دەكەنە سەرو شەڕتان لەگەڵ دەكەن ئێوەش بەچاكی شەڕیان لەگەڵدا بكەن و بیانكوژن تاوەكو هێزیان لەبەر ببڕن و ئیتر نەتوانن جارێكی تر بكەونە ئازاردانتان و هەوڵبدەن لەئاینەكەتان هەڵتان بگێڕنەوە ، بیانكوژن تا ئاین هەر ئاینی خودا بێت و تەنها ناوی خودا بڵند بێتەوە نەك ناوێكی تر ﴾ .

وەبەڵگەی پەرستنی خۆرو مانگیش خوای گەورە دەفەرموێت : ﴿وَمِنۡ ءَايَٰتِهِ ٱلَّيۡلُ وَٱلنَّهَارُ وَٱلشَّمۡسُ وَٱلۡقَمَرُۚ لَا تَسۡجُدُواْ لِلشَّمۡسِ وَلَا لِلۡقَمَرِ﴾[٢٦] واتە ﴿ لەنیشانەكانی تاك و تەنهای خوایە شەو و ڕۆژ و خۆرو مانگ ، نەسوجدە بۆخۆر بەرن نەبۆمانگ چونكە ئەوان هەردوو دروستكراوی خودان و ئەوانیش سوجدە هەربۆئەو دەبەن﴾.

وەبەڵگەی پەرستنی فریشتە خوای گەورە دەفەرموێت :﴿ وَلَا يَأۡمُرَكُمۡ أَن تَتَّخِذُواْ ٱلۡمَلَٰٓئِكَةَ وَٱلنَّبِيِّـۧنَ أَرۡبَابًا ﴾[٢٧]

[٢٥] البقرة: ١٩٣.
[٢٦] فصلت: ٣٧.
[٢٧] آل عمران: ٨.

واته ﴿ ئەو کەسە (( مەبەست عیسایە سەلامی خوای لێ بێ )) هەرگیز داواتان لێ ناکات فریشتەکان و پێغەمبەرکان سەلامی خوایان لێ بێ بەخودا بزانن و بیان پەرستن ﴾.

وەبەڵگەی پەرستنی پێغەمبەرانیش سەلامی خوایان لێ بێ : خوای گەورە دەفەرموێت :﴿وَإِذۡ قَالَ ٱللَّهُ يَٰعِيسَى ٱبۡنَ مَرۡيَمَ ءَأَنتَ قُلۡتَ لِلنَّاسِ ٱتَّخِذُونِي وَأُمِّيَ إِلَٰهَيۡنِ مِن دُونِ ٱللَّهِۖ قَالَ سُبۡحَٰنَكَ مَا يَكُونُ لِيٓ أَنۡ أَقُولَ مَا لَيۡسَ لِي بِحَقٍّۚ إِن كُنتُ قُلۡتُهُۥ فَقَدۡ عَلِمۡتَهُۥۚ تَعۡلَمُ مَا فِي نَفۡسِي وَلَآ أَعۡلَمُ مَا فِي نَفۡسِكَۚ إِنَّكَ أَنتَ عَلَّٰمُ ٱلۡغُيُوبِ ١١٦ ﴾[28]

واته ﴿ ((ئەم فەرمایشتە هەڕەشەیە بۆ دیانەکان کەچۆن لەقیامەتدا هەڵەی بیرو باوەڕەکەیان دەردەکەوێت )) خوای گەورە دەفەرموێت: کاتێك خودا لەعیسا سەلامی خوای لێ بێت دەپرسێت ئایە تۆ بەشوێن کەوتوانی خۆتت ووتوە : منو دایکم بەخودا بزانن ؟ کەئەوەیش دەرچوونە لەسنوری باوەڕبوون بەتاك و تەنهایی خوداو هاوەڵ و وێنە پەیداکردنە بۆی ، عیسایش سەلامی خوای لێ بێت لەوەڵامدا دەفەرموێت :خودایە پاك و گەورەیی هەر بۆتۆیە نابێت من لەسنوری خۆم دەربچم و شتێك بڵێم کەهەقی قسەکردنم تیایدا نەبێت ، خۆئەگەر ووتبێتم ئەوە بەڕاستی خۆت دەیزانیت چونکە تۆ دەزانیت چی لەدەرونی مندا هەیە بەڵام من ئەوەی

[28] المائدة: ١١٦.



لەنەفسی تۆدا هەیە هیچی لێ نازانم ، بێگومان تۆ زۆر ئاگادارو زانای بەگشت شاراوە و نهێنیەکان ﴾ .

وەبەڵگەی پەرستنی پیاوچاکان : خوای گەورە دەفەرموێت : ﴿ أُوْلَٰٓئِكَ ٱلَّذِينَ يَدۡعُونَ يَبۡتَغُونَ إِلَىٰ رَبِّهِمُ ٱلۡوَسِيلَةَ أَيُّهُمۡ أَقۡرَبُ وَيَرۡجُونَ رَحۡمَتَهُۥ وَيَخَافُونَ عَذَابَهُۥٓ ﴾[29] واته ﴿ ئەوانەی ئەوان دەیان پەرستن و هاناو هاواریان بۆدەبەن خۆیشیان بۆئەوەی لەخوا نزیکتر بن هێشتا هەر لەهۆیەك دەگەڕێن کەخۆیانی زیاتر لەپەروەردگار پێ نزیك بکەنەوە ئیتر ئێوە چۆن ئەوان دەپەرستن ، بەئومێدی ڕەحمەتی ئەو پەروەردگارەن و لەتۆڵەو سزایشی دەترسن ﴾.

وەبەڵگەی پەرستنی بەردەکان و دارەکان لەلایەن موشریکەکانەوە : خوای گەورە دەفەرموێت : ﴿ أَفَرَءَيۡتُمُ ٱللَّٰتَ وَٱلۡعُزَّىٰ ١٩ وَمَنَوٰةَ ٱلثَّالِثَةَ ٱلۡأُخۡرَىٰٓ ٢٠ ﴾ [30]واته ﴿ هەواڵی لات و عوززاو سێیەمەکەی ( مەنات )م بدەنێ ﴾ ((ئەوانە سێ بتەکە بوون لە (طائف و غطفان ومككة )دا دەپەرستران )).

وەبەڵگەیەکی تر بۆسەلماندنی پەرستنی بەردەکان و دارەکان لەلایەن موشریکەکانەوە فەرموودەکەی پێغەمبەری خوایە صلّى الله عليه وعلى آله وسلم کە ئەبی واقیدی لەیسی ڕەزای خوای لێ بێت دەفەرمووێت

[29] الإسراء: ٥٧.
[30] النجم: ١٩ – ٢٠.

((خرجنا مع النبي صلى الله عليه وسلم إلى حنين ونحن حدثاء عهد بكفر، وللمشركين سدرة يعكفون عندها وينوطون بها أسلحتهم يقال لها ذات أنواط. فمررنا بسدرة فقلنا: يا رسول الله اجعل لنا ذات أنواط، كما لهم ذات أنواط[31] )) واته (( لەگەڵ خوادا صلّى الله عليه وعلى آله وسلم دەرچووین بۆجەنگی حونەین و ئێمە تازە وازمان لەبێباوەڕی هێنابوو هاتبووینە ناو ئیسلام ، وە هاوبەشپەیداکەران دارێکیان هەبوو بەدەوریدا دەسوڕانەوە و چەکەکانیان (شمشێرەکانیان) پیادا هەڵدەواسی پێیان دەووت ذات أنواط ((ذات أنواط – بریتی بوو لەدرێك کەلەنەفامیدا دەپەرستڕا لەغەیری خوای گەورە و چەند لق و پۆی هەبوو هاوبەش پەیداکەران شمشێرەکانیان پیادا هەڵدەواسی بۆئەوەی چەکەکانیان بەرەکەتی بەربکەوێت و پیرۆز ببێت – وەرگێڕ)) جائێمەش دوای ئەوەی ئەوانمان بەجێهێشت و تێپەڕبووین بەلای دارێکدا ، ووتمان :ئەی پێغەمبەری خوا صلّى الله عليه وعلى آله وسلم ﴿ذاتُ أنواط ﴾ێك بۆئێمەش دابنێ هەروەکو ئەوان ﴿ذاتُ أنواط ﴾ یان هەیە ....... تاکۆتای فەرموودەکە)).

**بنەمای چوارەم:** ئەوەیە کە هاوبەشپەیداکەرانی سەردەمی ئێمە شیرك و هاوبەشدانانەکەیان زۆر خەستترو خراپترە لەشیرکی هاوبەش پەیداکەرەکانی سەردەمی پێغەمبەری خوا صلّى الله عليه وعلى آله وسلم لەبەرئەوەی هاوبەش پەیداکەرەکانی سەردەمی پێغەمبەری خوا صلّى الله

[31] پێشتر تەخریج کراوە .



عليه وعلى آله وسلم لەکاتی خۆشی و ئاسوودەیدا هاوبەشیان بۆخوای گەورە دادەنا و لەکاتی ناڕەحەتی و سەخڵەتیدا بەتەنها خوای پەروەردگاریان دەپەرست و هاواریان بەتەنها لەو دەکرد ، بەڵام موشریکەکانی سەردەمی ئێمە شەریك بۆخوا پەیداکردنەکەیان هەمیشەییە لەکاتی خۆشی و ئاسوودەیدا و ناخۆشی و ناڕەحەتیدا شەریك بۆخوای پەروەردگار ئەنجام دەدەن و هاوار دەکەنە غەیری خواو ، وەبەڵگەش فەرمایشتی خوای گەورەیە کەدەفەرموێت :﴿ فَإِذَا رَكِبُوا۟ فِى ٱلْفُلْكِ دَعَوُا۟ ٱللَّهَ مُخْلِصِينَ لَهُ ٱلدِّينَ فَلَمَّا نَجَّىٰهُمْ إِلَى ٱلْبَرِّ إِذَا هُمْ يُشْرِكُونَ ﴿٦٥﴾ ﴾[32] واتە ﴿موشریکەکان کاتێك سواری کەشتیەك یان پاپۆڕێك ببن و لەدەریادا بڕۆن بۆ شوێنێك ، ئەگەر بایەکی بەهێز هەڵبکات و شەپۆلی دەریاکە کەشتیەکەیان بخاتە مەترسیەوە و ترسی نقوم وونیان لێ بنیشێت لەو حاڵەتەدا بێباوەڕیەتی خۆیان لەبیر دەچێتەوە و بەهەموو دڵێکیانەوە دەست دەکەن بەدوعاو پاڕانەوە لەخودای تاك و تەنها تالەو تەنگانەو نەهامەتیە ڕزگاریان بکات ، بەڵام کەخودا ڕزگاریان دەکات و دەگەنەوە سەرووشکانی جارێکی تر خودایان لەبیر دەچێتەوە و دەست دەکەنەوە بە بتپەرستیەکەی جارانی خۆیان ﴾.

سوپاس بۆخوای پەروەردگار بەکوردی کردنی ﴿ القواعد الأربع ﴾ کۆتای هات.

[32] العنكبوت: ٦٥.

## دەستکردن بەشەرحەکەی زانای پایەبەرز صالح فوزان الفوزان

زانای پێشەوا (( موحەمەدی کوڕی عبدالوهاب )) ڕەحمەتی خوای گەورەی لێ بێت دەفەرموێت :

﴿ بسم الله الرحمن الرحيم ﴾

❁ أسأل الله الكريم رب العرش العظيم أن يتولاك في الدنيا والآخرة، وأن يجعلك مباركا أينما كنت، وأن يجعلك ممن إذا أعطى شكر، وإذا ابتلي صبر، وإذ أذنب استغفر، فإن هؤلاء الثلاث عنوان السعادة.

داوا لەخوای پیرۆز پەروەردگاری عەرشی گەورە دەکەم کە پشتیوانت بێت لەدونیاو دوا ڕۆژدا ، وەوات لێبکات پیرۆزو موبارەك ببیت لەهەرشوێنێکدا بوویت ، وەداوای لێ دەکەم کە بتگێڕێ لەو کەسانەی کە ئەگەر پێی بەخشرا سوپاس گوزار بێت ، وەئەگەر تاقیکرایەوە ئارامگر دەگرێت ، وەئەگەر تاوانی ئەنجامدا بگرێتەوە بۆلای خوای گەورە ، چونکە ئەو سیانە نیشانەی بەختەوەرین .

### ڕاڤەکردنی زانای پایەبەرز صالح الفوزان

ئەمە بریتیە لە چوار بنەما کە شەیخی ئیسلام (( موحەمەدی کوڕی عبدالوهاب )) ڕەحمەتی خوای گەورەی لێ بێت داینـاوە و بریتیە لە نامەیەکی سەربەخۆ ، بەڵام لەگەڵ (( الأصول الثلاثة ))دا چاپ دەکرێت



لەبەر بوونی پێویستی بۆئەو پەرتووکە تالەبەردەستی فێرخوازانی زانستدا بێت .

وە (( القواعد – بنەماکان )) کۆی بنەمایە ، وەبنەمایش بریتیە لەو ئەصڵ و بنەڕەتەی کەلێیەوە کۆمەڵێك بابەت و لقی زۆری لێ جیا دەبێتەوە.

وەناوەڕۆکی ئەم چوار بنەمایەی کە شەیخی ئیسلام (( موحەمەدی کوڕی عبدالوهاب )) ڕەحمەتی خوای گەورەی لێ بێت باسی کردووە شارەزابوونی یەکخواناسی وە شارەزابوونی شەریك بۆخوادانانە.

وە بنەما لەیەکخواناسیدا چی یە؟ وەبنەما لەشەریك بۆخوادانانادا چی یە؟

لەبەرئەوەی زۆرێك لەخەڵکی دەشڵەژێن و سەریان لێ دەشێوێت لەم دوو شتەدا کەئەوانیش یەکخواناسی و شەریك بۆخوادانانە.

دەشڵەژێن و سەریان لێ دەشێوێت لەواتای یەکخواناسیدا کە چییە؟ وە دەشڵەژێن و سەریان لێ دەشێوێت لەواتای شەریك بۆخوادانانەدا زۆربەی خەڵك ڕاڤەیان دەکات بەگوێرەی هەواو ئارەزووی خۆی .

بەڵام پێویست وایە کەئێمە لەبنەمادانانەکانماندا بگەڕێینەوە بۆ قورئان و سوننەت ، تائەو بنەمادانانە ببێتە بنەما دانانێکی ڕاست و دروست و پارێزراو وەرگیردرابێت لەقورئان و سوننەتی پێغەمبەری خوا صلّى الله عليه وعلى آله وسلم بەتایبەتی لەم دوو کارە گرنگەدا کەئەوانیش بریتین لە یکخواناسی و شەریك بۆخوادانان .

شەیخی ئیسلام (( موحەمەدی کوڕی عبدالوهاب )) ڕەحمەتی خوای گەورەی لێ بێت ئەم بنەمایانەی لەخۆیەوە و بەبیروبۆچوونی خۆی باس

نەكردووە هەروەك زۆرێك لەسەرلێشێواوان دەيكەن ، بەڵكو ئەم بنەمايانەی وەرگرتووە لە قورئانی پیرۆز وەلەسوننەتی پێغەمبەری خوا صلّى الله عليه وعلى آله وسلم و لەژيانە پیرۆزەكەیی وەرگرتووە صلّى الله عليه وعلى آله وسلم .

جائەگەر تۆ شارەزای ئەم بنەمايانە بوويت و تێیگەيشتی ئەوا لەدوای ئەوە ئاسانە لەسەرت شارەزابوونی يەكخواناسی كەخوای پەروەردگار لەپێناوی ئەودا پێغەمبەرانی سەلامی خوايان لێ بێت ڕەوانە كردووەو پەرتووكەكانی دابەزاندووە ، وەشارەزابوونی شەريك بۆخوادانان كەخوای پەروەردگار هۆشياری لەبارەوە داوەو مەترسی و زيانەكەيی لەدونياو دوا ڕۆژدا ڕوون كردۆتەوە .

وەئەوەش كارێكی زۆر گرنگە ، و هەرئەويشە پێويستی كردووە لەسەرت لەشارەزابوونی ئەحكامەكانی نوێژوو زەكات و پەرستنەكان و هەموو كاروبارە ئاينيەكان ، لەبەرئەوەی ئەوە بريتيە لەكاری يەكەمی و بنەڕەتی ، چونكە نوێژوو زەكات و حەج و جگە لەوەش لەعيباداتەكان دروست نيە و دانامەزرێت ئەگەر بنياد نەنرابێت لەسەر بنچينەی بيروباوەڕی ڕاست و دروست كەئەوەش بريتيە لەيكخواناسی پاك و پوخت بۆخوای پەروەردگار.

وەبێگومان شەيخی ئيسلام (( موحەمەدی كوڕی عبدالوهاب )) ڕەحمەتی خوای گەورەی لێ بێت سەرەتای ئەم چوار بنەمايەی بەپێشەكيەك دەستپێكردووە كە نزاو پاڕانەوەی تيادايە بۆ فێرخوازانی زانستی شەرعی ،



وەئاگاداركردنەوە لەسەر ئەوەی كەدەيلێت ، بەجۆرێك كەدەفەرموێت :

﴿ أسأل الله الكريم رب العرش العظيم أن يتولاك في الدنيا والآخرة، وأن يجعلك مباركا أينما كنت، وأن يجعلك ممن إذا أعطي شكر، وإذا ابتلي صبر، وإذ أذنب استغفر، فإن هؤلاء الثلاث عنوان السعادة.

داوا لەخوای پیرۆز پەروەردگاری عەرشی گەورە دەكەم كە پشتيوانت بێت لەدونياو دوا ڕۆژدا ، وەوات لێبكات پيرۆزو موبارەك ببيت لەهەرشوێنێكدا بوويت ، وەداوای لێ دەكەم كە بتگێڕێ لەو كەسانەی كە ئەگەر پێی بەخشرا سوپاس گوزار بێت ، وەئەگەر تاقيكرايەوە ئارامگر بێت ، وەئەگەر تاوانی ئەنجامدا بگەڕێتەوە بۆلای خوای گەورە ، چونكە ئەو سيانە نيشانەی بەختەوەرين ﴾.

ئەمە پێشەكييەكی گەورەو مەزنە ، نزاو پاڕانەوەی تيادايە لە شەيخی ئيسلام (( موحەمەدی كوڕی عبدالوهاب ))وە ڕەحمەتی خوای گەورەی لێ بێت بۆهەموو فێرخوازێكی زانستی شەرعی فێری بيروباوەڕەكەی دەبێت و مەبەستی بەو فێربوونەی دەستكەتنی حەق و گەيشتنە پێی .

وەبەو فێربوونەی دەيەوێت دوور بكەوێتەوە لە گومڕايی و شەريك بۆخوادانان جائەوكەسە شايستەيە بەوەی كە خوای گەورە پشتيوانی بێت لەدونياو دواڕۆژدا .

وەئەگەر خوای گەورە پشتيوانی بوو لەدونياو دواڕۆژدا ئەوا ئيتر هيچ ڕێگەيەك نيە بۆناڕەحەتيەكان كەبتوانێت پێی بگات نەلەدينەكەيدا نەدونياكەيدا ، خوای گەورە دەفەرموێت ﴿ٱللَّهُ وَلِيُّ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ

يُخۡرِجُهُم مِّنَ ٱلظُّلُمَٰتِ إِلَى ٱلنُّورِۖ وَٱلَّذِينَ كَفَرُوٓاْ أَوۡلِيَآؤُهُمُ ٱلطَّٰغُوتُ يُخۡرِجُونَهُم مِّنَ ٱلنُّورِ إِلَى ٱلظُّلُمَٰتِۗ أُوْلَٰٓئِكَ أَصۡحَٰبُ ٱلنَّارِۖ هُمۡ فِيهَا خَٰلِدُونَ ﴿٢٥٧﴾ ﴾[33] واتە ﴿ خوای گەورەیە دۆستی ئەو كەسانەیە كە باوەڕیان هێناوە دەریان دێنێت لەتاریكایەكانەوە بۆڕووناكی ئیسلام ، وەئەوانەی بێباوەڕن طاغوت دۆست و یاوەریانە لەڕووناكی ئیسلامەوە دەریان دێنن بۆتاریكایەكانی بێباوەڕی ئەوانە هاوەڵی ئاگری دۆزەخن و بەهەتا هەتایی تیایدا دەمێننەوە ﴾.

جائەگەر خوای گەورە پشتیوانی تۆی كرد ئەوا دەرت دەهێنێت لەتاریكیایەكانەوە – تاریكانیەكانی شەریك بۆخوا پەیداكردن و بێباوەڕی و گومانەكان و بیٚ دینی بۆ ڕۆشنای باوەڕهێنان و زانستی بەسوود و كردەی چاكە كردن خوای گەورە دەفەرمویٚت ﴿ ذَٰلِكَ بِأَنَّ ٱللَّهَ مَوۡلَى ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَأَنَّ ٱلۡكَٰفِرِينَ لَا مَوۡلَىٰ لَهُمۡ ﴿١١﴾ ﴾[34] واتە ﴿ ئەو پاداشتەش سەرخستنی باوەڕداران و تێكشكاندنی بێباوەڕان لەبەرئەوەیە كە بەڕاستی خوا پشتیوانی ئەوانەیە باوەڕیان هێناوە ، وە بێباوەڕانیش هیچ سەرپەرشتیكارو یارمەتیدەرێكیان نیە ﴾.

جائەگەر خوای گەورە بە چاودێری و یارمەتی و ڕێنمویی خۆی بووە پشتیوانت لەدونیاو دوارۆژدا ئەوا تۆ بەجۆرێك خۆش بەخت دەبێت

[33] البقرة: ٢٥٧.
[34] محمد: ١١.



كەهەرگیز لەدوای ئەوە ناڕەحەتی و ناخۆشی تێدانیەو تووشت نابێت، لەژیانی دونیادا پشتیوانتە بە ڕێنمویی كردن و یارمەتی دان و ڕۆیشتن لەسەر ڕێگەو ڕێبازی پارێزراو لەهەر لادانێك ، وە لەدوا ڕۆژیشدا پشتیوانتە بەوەی كە دەتخاتە بەهەشت و بەهەتا هەتایی تیادا دەمێنیتەوە و تیایدا نە ترس و نەنەخۆشی و نە نەگبەتی و نەپیری و نە ناڕەحەتیەكان بونیان هەیە ، ئەمەیە دۆستایەتی كردنی خوای گەورە بۆبەندەی باوەڕداری خۆی لەدونیاو دوا ڕۆژدا .

شەیخی ئیسلام (( موحەمەدی كوڕی عبدالوهاب )) ڕەحمەتی خوای گەورەی لیٚ بێت فەرمووی ((وەوات لیٚبكات پیرۆزو موبارەك ببیت لەهەرشوێنێكدا بوویت )) ئەگەر خوای گەورە وایلیٚكردیت موبارەكەت بیت لەهەرشوێنێكدا بوویت ئەوەیە بەرزترین مەبەست و ئامانجەكانە كەبەدەست بێت ، خوای گەورە بەرەكەت دەخاتە تەمەنتەوە ، وەبەركەت دەخاتە ڕۆزیتەوە ، وەبەركەت دەخاتە زانستەكەتەوە ، وەبەركەت دەخاتە ناو كردەوەتەوە ، وەبەرەكەت دەخاتە ناو نەوەو منداڵتەوە ، لەهەرشوێنێك بوویت بەرەكەت و پیرۆزی هاوڕێ و هاوەڵتە ، ڕووت كردە هەرشوێنێك بەرەكەت و پیرۆزی هاوڕێ و هاوەڵتە ، وەئەوەش خێرێكی گەورەیە ، وەپاداشت و چاكەیەكە لەخواوەیە .

وەفەرمووی ((وەداوای لیٚ دەكەم كە بتگێڕیٚ لەو كەسانەی كە ئەگەر پێی بەخشرا سوپاس گوزار بێت )) پێچەوانەی ئەوەی ئەگەر پێی ببەخشرێت بێباوەڕ دەبێت و نیعمەتەكە بەسوك بزانێت و لەخۆی بایی ببێت و بەكەم

تەماشای بکات ، جابەدڵنیاییەوە زۆرێك لەخەڵکی ئەگەر نیعمەتێکیان پێ ببەخشرێت بێباوەڕ دەبن پێی و دانی پێدا نانێن و لەجگە لەگوێڕایەڵی خوادا خەرجی دەکەن جابۆیە ئەو نیعمەتە هۆکارێکە بۆ بەدبەختی و نەگبەتیان ، بەڵام ئەوەی سوپاس گوزار بێت ئەوا بێگومان خوای گەورە بۆی زیاد دەکات ﴿ وَإِذْ تَأَذَّنَ رَبُّكُمْ لَئِن شَكَرْتُمْ لَأَزِيدَنَّكُمْ ﴾[٣٥] واتە ﴿ ئەو کاتەی کەپەروەردگارتان پێی ڕاگەیاندن کەئەگەر لەبەرامبەر نیعمەتەکانی منەوە سوپاس گوزاری بکەن ئەوا منیش نیعمەت و بەخششی خۆمتان بۆ زیاد دەکەم ﴾ .

خوای پەروەردگار لەچاکە و گەورەیی خۆیەوە نیعمەتەکان بۆسوپاس گوزاران زیاد دەکات ، جائەگەر دەتەوێت زیاتر نیعمەتت دەست بکەوێت ئەوا سوپاسی خوای گەورە بکە ، وەئەگەر ئەتەوێت نیعمەتەکان نەمێنێت ئەوا بێباوەڕ بە پێی و لەخۆت بایی بە .

شەیخی ئیسلام (( موحەمەدی کوڕی عبدالوهاب )) ڕەحمەتی خوای گەورەی لێ بێت فەرمووی ((وەئەگەر تاقیکرایەوە ئارامگر دەگرێت))

خوای گەورە بەندەکان تاقیدەکاتەوە ، تاقییان دەکاتەوە بە تووش بوون بە بەڵاو ناڕەحەتیەکان ، تاقییان دەکاتەوە بە دوژمنان لە بێباوەڕان و دوو ڕووەکان ، جابۆیە پێویستیان بە ئارامگرتن و بێ ئومێدنەبوونە لەڕەحمەتی خوای گەورە ، وە جێگیرو چەسپاوون لەسەر ئاینەکەیان و پێیان

[٣٥] إبراهیم: ٧.



ناخلیسکێت لەکاتی پەیدابوونی فیتنەو ئاژاوەکاندا یان خۆیان تەسلیمی ئاژاوەکان بکەن بەڵکو جێگیرو چەسپاو دەبن لەسەر ئاینەکەیان ، وەئارامدەگرن لەسەر ئەو شەکەتی و ماندوویی و چەرمەسەریانەی لەڕێگەیدا دووچاریان دەبێت ، بەپێچەوانەی ئەو کەسانەی ئەگەر تاقیبکرێتەوە شپرەزو توڕەو بێ ئومێد دەبێت لەڕەحمەتی خوای گەورە ، ئائەو کەسە تاقیکردنەوە لەدوای تاقیکردنەوەو ناڕەحەتی لەدوای ناڕەحەتی بۆی زیاد دەکرێت و دووچاری دەبێت ، پێغەمبەری خوا صلّى الله عليه وعلى آله وسلم دەفەرمویێت ((إِنَّ اللَّهَ إِذَا أَحَبَّ قَوْمًا ابْتَلاهُمْ ، فَمَنْ رَضِيَ فَلَهُ الرِّضَا ، وَمَنْ سَخِطَ فَلَهُ السَّخَطُ ))[٣٦] واتە (( بێگومان خوای گەورە ئەگەر خەڵکانێکی خۆش بوێت تاقیان دەکاتەوە ، جائەو کەسە ئەگەر ڕازی بێت بەو تاقیکردنەوەی خوای گەورە ئەوا ڕەزامەندی خوای گەورە بەدەست دەهێنێت ، وەهەرکەسێکیش توڕە بێت و پێی ڕازی نەبێت ئەوا توڕەیی خوای گەورەی لەسەر بێت )).

وەهەروها صلّى الله عليه وعلى آله وسلم دەفەرمویێت (( اعظم الناس بلاءً: الأنبياء ، ثم الأمثل فالأمثل ))[٣٧] واتە (( گەورەترین خەڵك لەڕووی تووش

[٣٦] أخرجه الترمذي في الزهد ، باب ماجاء في الصبر على البلاء (٤/ ٦٠١ ) ، وإبن ماجة في الفتن ، باب الصبر على البلاء رقم ( ٤٠٣١ ) من حديث بن مالك رضي الله عنه ، وقال الترمذي : ( هذا حديث غريب ).
وأخرجه أحمد ( ٥/ ٤٢٨ ) من حديث بن ليبد رضي الله عنه.

[٣٧] قطعة من حديث أخرجه الترمذي في الزهد ، باب ماجاء في الصبر على البلاء (٤/ ٦٠١-٦٠٢ ) ، وإبن ماجة في الفتن ، باب الصبر على البلاء رقم ( ٤٠٢٣ ) ، وأحمد ( ١/ ١٧٢ ، ١٧٣ ، ١٧٤ ، ١٨٠ ، ١٨٥ ) ، والدارمي ( ٢/ ٣٢٠ ) ، وإبن حبان في صحيحه ( ٧/ ١٣١- الإحسان ) ، والحاكم ( ١/ ٤١ ) ، والبيهقي (٣/ ٣٧٢ ) . وقال الترمذي : (( هذا حديث حسن صحيح )).

بوونی بەڵاوە : پێغەمبەرانن سەلامی خوایان لێ بێت ، پاشان دوای ئەوان ، پاشان دوای ئەوان ))[٣٨] ، پێغەمبەران سەلامی خوایان لێ بێت تاقیكراونەتەوە ، وە ڕاستگۆیانیش تاقیكراونەتەوە ، وە شەهیدەكانیش تاقیكراونەتەوە ، وەبەندە باوەڕدارەكانی خوای گەورەش تاقیكراونەتەوە ، بەڵام ئارامیانگرتووە ، هەرچی دووڕووە خوای گەورە لەبارەیەوە فەرموویەتی ﴿ وَمِنَ ٱلنَّاسِ مَن يَعۡبُدُ ٱللَّهَ عَلَىٰ حَرۡفٖ ﴾الحج: ١١ واتە ﴿هەندێ كەس لە خەڵكی كە ئیمان لەدڵنیاندا پتەو نیە خودا پەرستنەكەی لەسەر لایەكی خوارە كەلەداڕوخانەوە نزیك بێت ﴾ واتە لایەكی خوار كەلەداڕوخانەوە نزیك بێت ﴿ فَإِنۡ أَصَابَهُۥ خَيۡرٌ ٱطۡمَأَنَّ بِهِۦۖ وَإِنۡ أَصَابَتۡهُ فِتۡنَةٌ ٱنقَلَبَ عَلَىٰ وَجۡهِهِۦ خَسِرَ ٱلدُّنۡيَا وَٱلۡأٓخِرَةَۚ ذَٰلِكَ هُوَ ٱلۡخُسۡرَانُ ٱلۡمُبِينُ ⑪ ﴾[٣٩]

[٣٨] خوێنەری ئازیزو سەنگین : ئەوەی ڕاستی بێت زۆر گەڕام بۆئەوەی فەرموودەكە بەو دەربڕینە ببینم بەڵام بەهیچ جۆرێك بەو شێوەیە نەمبینی ، بەڵكو ئەوەی من بینیم بەم شێوانە بوو كەدەیخەمە پێش تۆی سەنگین تەنها لەبەر زانیاری :

١- مسند إبن راهوي – ٢٤١١ (( إن أعظم الناس بلاء الأنبياء ثم الذين يلونهم ثم الذين يلونهم )).

٢- مسند أحمد – ١٤٨١حَدَّثَنَا وَكِيعٌ حَدَّثَنَا سُفْيَانُ عَنْ عَاصِمِ بْنِ أَبِي النَّجُودِ عَنْ مُصْعَبِ بْنِ سَعْدٍ عَنْ أَبِيهِ قَالَ قُلْتُ يَا رَسُولَ اللَّهِ أَيُّ النَّاسِ أَشَدُّ بَلَاءً قَالَ الْأَنْبِيَاءُ ثُمَّ الصَّالِحُونَ ثُمَّ الْأَمْثَلُ فَالْأَمْثَلُ مِنْ النَّاسِ يُبْتَلَى الرَّجُلُ عَلَى حَسَبِ دِينِهِ فَإِنْ كَانَ فِي دِينِهِ صَلَابَةٌ زِيدَ فِي بَلَائِهِ وَإِنْ كَانَ فِي دِينِهِ رِقَّةٌ خُفِّفَ عَنْهُ وَمَا يَزَالُ الْبَلَاءُ بِالْعَبْدِ حَتَّى يَمْشِيَ عَلَى ظَهْرِ الْأَرْضِ لَيْسَ عَلَيْهِ خَطِيئَةٌ. وەرگێڕ .

[٣٩] الحج: ١١.



واتە ﴿ جائەگەر لەژیانیدا خۆشی و خێر ڕووی تێبكات ئەوە دڵخۆشەو ڕەزامەندی ڕووی تێدەكات ، خۆئەگەر ناخۆشی و زەحمەتێك ڕووی تێبكات ئەوە بێزار دەبێت و ناڕەزایی دەنوێنێت ، جائەو كەسەی بەو شێوەیە خودا بپەرستێت ئەوە خۆشیەكانی دونیاو دوارۆژی لەكیس دەچێت و ئەوەیش زیانێكی ئاشكرایە ﴾.

جا دونیا بەهەمیشەیی خۆشگوزەرانی و كامەرانی و چێژوو دڵخۆشی و سەركەوتن نیە ، هەمیشە بەو شێوەیە نیە ، خوای گەورە ئاڵوگۆڕی پێدەكات لەنێوان خەڵكیدا ، هاوەڵان ڕەزای خوایان لێ بێت باشترینی ئوممەتی ئیسلامن چییان بەسەردا هات لە نارەحەتی و تاقیكردنەوە؟ ، خوای گەورە دەفەرموێت ﴿وَتِلۡكَ ٱلۡأَيَّامُ نُدَاوِلُهَا بَيۡنَ ٱلنَّاسِ ﴾[٤٠]واتە ﴿ ئێمە ئەم ڕۆژگارەی سەركەوتن و تێكشانە لەناو خەڵكیدا دەستاو دەست پێدەكەین ، ڕۆژێك بۆئێوەیەو ڕۆژێكیش بۆ ئەوانە ﴾ ، با بەندە دروونی خۆی دڵنیابكاتەوە كە ئەگەر تاقیكرایەوە ئەوا بێگومان تاقیكردنەوە هەر تایبەت نیە بەوە وە ، ئەوە پێشتر دووچاری پێغەمبەران سەلامی خوایان لێ بێت بووە ، جابۆیە بادەروونی خۆی لەسەر ئەوە ڕابهێنێت و ئارام بگرێت و چاوەڕێی دەربازبوون و خۆشی بكات لەلایەن خوای گەورەوە ، وە پاشەڕۆژیش هەر بۆ لەخوا ترسانە.

شەیخی ئیسلام (( موحەمەدی كوڕی عبدالوهاب )) ڕەحمەتی خوای گەورەی لێ بێت فەرمووی ((وەئەگەر تاوانی ئەنجامدا بگرێتەوە بۆلای

[٤٠] آل عمران: ١٤٠.

خوای گەورە )) بەڵام ئەو کەسەی ئەگەر گوناهی کردو داوای لێخۆش بوونی لەخوای گەورە نەکرد و بەردەوام بوو لەسەر تاوان و زیاتر ئەنجامی دەدا ئەوا ئەو کەسە بەدبەخت و خراپەکارە پەنا بەخوا، بەڵام مرۆڤی باوەڕدار هەرکاتێك تاوانێکی ئەنجامدا خێرا دەگەڕێتەوە بۆلای خواو دەستپێشخەری دەکات بەوەی تەوبە دەکات هەروەکو خوای گەورە دەفەرموێت ﴿ وَٱلَّذِينَ إِذَا فَعَلُواْ فَٰحِشَةً أَوْ ظَلَمُوٓاْ أَنفُسَهُمْ ذَكَرُواْ ٱللَّهَ فَٱسْتَغْفَرُواْ لِذُنُوبِهِمْ وَمَن يَغْفِرُ ٱلذُّنُوبَ إِلَّا ٱللَّهُ ﴾ [41] واتە ﴿ ئەو کەسانەی کە گوناهێکی گەورە ئەنجام دەدەن یاخود بەئەنجامدانی گوناهی گچکە ستەم لەخۆیان دەکەن بەڵام خودایان دەکەوێتە بیرو داوای لێخۆشبوونی لێدەکەن جادەبێت جگە لەخوای گەورە کێ لەگوناهەکان خۆش ببێت ﴾ ، وەهەروەها دەفەرموێت ﴿ إِنَّمَا ٱلتَّوْبَةُ عَلَى ٱللَّهِ لِلَّذِينَ يَعْمَلُونَ ٱلسُّوٓءَ بِجَهَٰلَةٍ ثُمَّ يَتُوبُونَ مِن قَرِيبٍ ﴾ [42] واتە ﴿بەڕاستی خوا تەوبە تەنها لەو کەسانە وەردەگرێت کەبەنەفامی و نەزانی خراپە دەکەن پاشان لەماوەیەکی نزیکدا پەشیمان دەبنەوە و تەوبە دەکەن ﴾ وە جەهالە واتەکەی نەبوونی زانست نیە لەبەرئەوەی جاهیل لەسەرئەو گوناهەی دەیکات لێی وەرناگیرێت بەڵام جەهالە لەم ئایەتەدا بریتیە لە پێچەوانەی لەسەرخۆیی و نەرم ونیانی ، جابۆیە هەرکەسێك سەرپێچی خوای

[41] آل عمران: ١٣٥.
[42] النساء: ١٧.



گەورەی کرد ئەوا ئەو کەسە نەزان و جاهیلە بەواتای کەمی لەسەرخۆیی و هێمنی ، وە کەم وکورتی ژیریەتی و کەم و کورتی مرۆڤایەتی ، وەجاری واهەیە کەسێکی زانایە بەڵام نەزانە لەڕوویەکی ترەوە ، لەڕووی ئەوە وە کە هێمنی و لەسەرخۆیی و جێگیریەتی نیە لەکارەکانیدا ﴿ ثُمَّ يَتُوبُونَ مِن قَرِيبٍ ﴾ [43] واتە ﴿پاشان لەماوەیەکی نزیکدا پەشیمان دەبنەوە و تەوبە دەکەن ﴾ واتە هەموو جارێك کە گوناه دەکەن داوای لێخۆش بوون لەخوای گەورە دەکەن و تەوبە دەکەن ، هیچ کەسێك نیە پارێزراو بێت لەتاوان کردن ، بەڵام سوپاس بۆخوا خوای گەورە دەرگای پەشیمان بوونەوەی کردۆتەوە ، جابۆیە لەسەر بەندەیە ئەگەر گوناهی کرد خێرا دەست پێشخەری بکات بۆتەوبە کردن و پەشیمان ببێتەوە ، بەڵام ئەگەر گوناهی کردو داوای لێخۆش بوونی نەکرد ئەوە نیشانەی نەگبەتی و بەدبەختیە .

وەهەندێ جاری واهەیە مرۆڤ بێ ئومێد دەبێت لەبەزەیی خواو شەیتان دێت بۆلای و پێی دەڵێت : تەوبەو پەشیمانی بۆتۆ نیە .

ئەمە ئەو سێ شتەیە : ئەگەر پێیدرا ئەوا سوپاس گوزارە ، وەئەگەر تاقیکرایەوە ئارام دەگرێت ، وەئەگەر گوناهیشی ئەنجامدا داوای لێخۆش بوون لەخوای پەروەردگار دەکات ئەوە نیشانەی خۆشبەختیە، هەرکەسێك یارمەتی درا بۆئەوە سەرفرازی و خۆشبەختی بەدەست هێناوە

[43] النساء: ١٧.

وەهەرکەسێك بێ بەشکرا لێی – یان لەهەندێکی – ئەوا ئەو کەسە بەد بەختە (( پەنا بەخوای گەورە – وەرگێڕ )) .

اعلم أرشدك الله لطاعته أن الحنيفية ملة إبراهيم أن تعبد الله وحده مخلصا له الدين ، كما قال تعالى: ﴿ وَمَا خَلَقْتُ ٱلْجِنَّ وَٱلْإِنسَ إِلَّا لِيَعْبُدُونِ ﴿٥٦﴾ ﴾ الذاريات: ٥٦

بزانە خوای پەروەردگار ڕێنموییت بکات بۆگوێڕایەڵی کردنی خۆی : کە حەنیفییەت میللەتی ئیبراهیم سەلامی خوای لێ بێت بریتیە لەوەی کە خوای گەورە بەتاك بپەرستیت و هەموو جۆرە پەرستنێکی بەنیازپاکی و دوور لەهەموو شەریك بۆخوا دانانێك ئەنجام بدەیت.

هەروەکو خوای گەورە فەرموویەتی : ﴿ وَمَا خَلَقْتُ ٱلْجِنَّ وَٱلْإِنسَ إِلَّا لِيَعْبُدُونِ ﴿٥٦﴾ ﴾[44] واتە ﴿ من جنۆکەو مرۆڤم دروست نەکردووە تەنها لەبەر پەرستنی خۆم نەبێت ﴾ .

[44] الذاريات: ٥٦.



## ڕاڤەکردنی زانای پایەبەرز صالح الفوزان

﴿بزانە خوای پەروەردگار ڕێنموییت بکات بۆگوێڕایەڵی کردنی خۆی﴾ ئەوە نزایە لەشەیخی ئیسلامەوە ڕەحمەتی خوای لێ بێت ، وەهەربەو شێوەیەش دەبێت بۆ مامۆستا کە بپارێتەوە بۆفێرخواز .

وەگوێڕایەڵی کردنی خوای گەورە واتاکەی : گوێڕایەڵی فەرمانەکانی خوای گەورەو دوور کەوتنەوە لە قەدەغەکراوەکانی خوای گەورە .

﴿کە حەنیفییەت میللەتی ئیبراهیم سەلامی خوای لێ بێت ﴾ خوای گەورە بەرزی و بڵندی بۆئەو فەرمانی کردووە بەپێغەمبەرمان صلّى الله عليه وعلى آله وسلم بەوەی شوێن میللەتی ئیبراهیم سەلامی خوای لێ بێت بکەوێت خوای گەورە دەفەرموێت ﴿ ثُمَّ أَوْحَيْنَآ إِلَيْكَ أَنِ ٱتَّبِعْ مِلَّةَ إِبْرَٰهِيمَ حَنِيفًا وَمَا كَانَ مِنَ ٱلْمُشْرِكِينَ ﴿١٢٣﴾ ﴾[45] واتە ﴿ ئەی پێغەمبەر صلّى الله عليه وعلى آله وسلم ئێمە قورئانمان بە وەحی بۆناردوویت فەرمانمان پێداویت کەشوێن ئەو ئاینە بکەوە کەناردوومانە بۆ ئیبراهیم سەلامی خوای لێ بێت کەئاینی ئیسلامە ئەو ئیبراهیمەی کەهەرگیز لەو کەسانە نەبوو کەشەریك بۆخوا دابنێت ﴾

الحنيفية : بریتیە لە میللەتی حەنیف کەئەویش پێغەمبەر ئیبراهیمە سەلامی خوای لێ بێت وە حەنیفیش بریتیە لەو کەسەی ڕوودەکاتە خواو پشت

[45] النحل: ١٢٣ .

دەکاتە جگە لەخوای گەورە ، ئەوە بریتیە لە حەنیف : ڕووبکاتە خوای گەورە بەدڵی و کردەوەکانی و نیەتەکانی و مەبەستەکانی هەرهەمووی بۆخوا بن ، پشتیکردبێتە جگە لەخوا ، وەخوای گەورە فەرمانی پێکردووین بەشوێن کەوتنی میللەتی ئیبراهیم سەلامی خوای لێ بێت : خوای گەورە دەفەرموێت ﴿وَمَا جَعَلَ عَلَيْكُمْ فِي ٱلدِّينِ مِنْ حَرَجٍۚ مِّلَّةَ أَبِيكُمْ إِبْرَٰهِيمَ ﴾ [٤٦] واتە ﴿وە لەم دینەدا هیچ جۆرە شتێکی نارەواو قورسی نەخستۆتە سەرشانتان تا ئێوە نەتوانن ئەنجامی بدەن ، واتە بڕیاڕی هیچ شتێکی بەسەرتاندا نەداوە کەلە توانای خۆتاندا نەیت جائێوەش هەرلەئاینی ئیبراهیمی باوکتان سەلامی خوای لێ بێت پەیڕەوی بکەن ﴾.

وە میللەتی ئیبراهیم سەلامی خوای لێ بێت : ﴿بریتیە لەوەی کەخوای گەورە بەتاك بپەرستیت و هەموو جۆرە پەرستنێکی بەنیازپاکی و دوور لەهەموو شەریك بۆخوا دانانێك ئەنجام بدەیت ﴾ ئەمەیە حەنیفییەت ، نەیفەرموو ﴿کەخوای گەورە بەتاك بپەرستیت ﴾ بەتەنها ئەوە بەڵکو فەرمووی ﴿هەموو جۆرە پەرستنێکی بەنیازپاکی و دوور لەهەموو شەریك بۆخوا دانانێك ئەنجام بدەیت ﴾ واتە : دوور بکەویتەوە لەشەریك بۆخوادانان ، لەبەرئەوەی پەرستش ئەگەر شەریك بۆخوادانانی تێکەڵاو بوو ئەوا هەڵدەوەشێتەوە و پوچەڵ دەبێتەوە ، جاعیبادەت و پەرستن نیە تەنها لەکاتێکدا نەبێت ئەگەر پارێزراو بێت لەشەریك بۆخوادانانی

---

[٤٦] الحج: ٧٨.



گەورەو بچووك ، هەروەکو خوای گەورە دەفەرموێت ﴿ وَمَآ أُمِرُوٓاْ إِلَّا لِيَعْبُدُواْ ٱللَّهَ مُخْلِصِينَ لَهُ ٱلدِّينَ حُنَفَآءَ ﴾ [٤٧]

واتە ﴿ فەرمانیان پێنەدرابوو بەوە نەبێت کە بەتەواوی هەموو خودا بپەرستن و سەر بۆئەو دابنەوێنن و ئاینی خالیس هەر بۆئەو دابنێن ﴾

﴿حُنَفَآءَ ﴾ کۆی حەنیفە کەبریتیە لەو کەسەی هەموو پەرستنەکانی بەتەواوی بۆخوای گەورە ئەنجام دەدات بەبێ ئەوەی شەریکی بۆپەیدا بکات .

وەئەم پەرستنەش خوای گەورە فەرمانی بەسەرجەم دروستکراوەکان کردووە هەروەکو خوای گەورە دەفەرموێت ﴿ وَمَا خَلَقْتُ ٱلْجِنَّ وَٱلْإِنسَ إِلَّا لِيَعْبُدُونِ ﴿٥٦﴾ ﴾ [٤٨] واتە ﴿ من جنۆکەو مرۆڤم دروست نەکردووە تەنها لەبەر پەرستنی خۆم نەبێت ﴾ ، وەواتای ﴿یعبدون﴾ بەتاکم بگرن لەپەرستن بۆکردندا ، جاحیکمەت و دانایی لەدروستکردنی دروستکراوەکاندا : ئەوەیە کە ئەو دروستکراوانە خوای گەورە بپەرستن بە نیازپاکیی تەواوە وە بەبێ ئەوەی هیچ شەریکێك بۆخوای گەورە ئەنجام بدەن ، کەسی واهەیە گوێڕایەڵ بووە و کەسی واش هەیە گوێڕایەڵ نەبووە بەڵام حیکمەت لەدروستکردنیان بریتیە لە پەرستنی خوای گەورە ، جائەو

---

[٤٧] البينة: ٥.
[٤٨] الذاريات: ٥٦.

كەسەی جگە لەخوا دەپەرستێت پێچەوانەیە بۆحیكمەتی دروستكردنی دروستكراوەكان ، وەپێچەوانەیە بۆفەرمان و شەرعی خوای گەورە.

وە پێغەمبەر ئیبراهیم سەلامی خوای لیٚ بێت : باوكی پێغەمبەرانە ئەوانەی دوای خۆی هاتوون هەرهەموویان لەنەوەی ئەون ، وەلەبەرئەوەیە خوای گەورە دەفەرمویێت ﴿وَجَعَلْنَا فِي ذُرِّيَّتِهِ ٱلنُّبُوَّةَ وَٱلْكِتَٰبَ﴾ [49]

واتە ﴿ پێغەمبەریەتی و نامەمان كردە كاڵای باڵای نەوەكانی ، واتە دوای ئیبراهیم هەر كتێب و نامەیەك هاتبیٚ هەر بەنەوەكانی ئەو دراوە ئیبراهیم سەلامی خوای لیٚ بێت ﴾ هەر بۆیە هەرهەموویان لەنەوەی ئیسرائیلن كوڕەزای ئیبراهیم سەلامی خوای لیٚ بێت جگە لەموحەمەد سەلامی خوای لیٚ بێت نەبێت كەئەو لەنەوەی ئیسماعیلە سەلامی خوای لیٚ بێت ، هەموو پێغەمبەران سەلامی خوایان لیٚ بێت لەكوڕانی ئیبراهیمن سەلامی خوای لیٚ بێت وەكو ڕێزێك بۆئەو پێغەمبەرە بەڕێزە .

وەخوای گەورە كردوویەتی بەپێشەوا بۆخەڵكی واتە سەرمەشق ﴿قَالَ إِنِّي جَاعِلُكَ لِلنَّاسِ إِمَامًا﴾ [50] واتە ﴿ فەرمووی من تۆ ئەكەم بە پێشەوا بۆخەڵكی ﴾ واتە : سەرمەشق ، ﴿ إِنَّ إِبْرَٰهِيمَ كَانَ أُمَّةً ﴾ [51]واتە ﴿بەڕاستی پێغەمبەر ئیبراهیم سەلامی خوای لیٚ بێت ئوممەتێك بوو ﴾ واتە: پێشەوایەك بوو كرابوو بەسەرمەشق .

[49] العنكبوت: ٢٧.
[50] البقرة: ١٢٤.
[51] النحل: ١٢٠.



وەبەوە خوای گەورە فەرمانی بەهەموو دروستكراوەكان كردووە هەروەكو دەفەرمویێت ﴿ وَمَا خَلَقْتُ ٱلْجِنَّ وَٱلْإِنسَ إِلَّا لِيَعْبُدُونِ ﴾ [52]واتە ﴿ من جنۆكەو مرۆڤم دروست نەكردووە تەنها لەبەر پەرستنی خۆم نەبێت ﴾ ، پێغەمبەر ئیبراهیم سەلامی خوای لیٚ بێت بانگەوازی خەڵكی دەكرد بۆپەرستنی خوای گەورە وەكو جگە لەخۆی لە پێغەمبەران سەلامی خوایان لیٚ بێت ، هەموو پێغەمبەران سەلامی خوایان لیٚ بێت بانگەوازی خەڵكیان كردووە بۆپەرستنی خواو وازهێنان لەپەرستنی جگە لەخوا ، هەروەكو خوای گەورە دەفەرمویێت ﴿ وَلَقَدْ بَعَثْنَا فِي كُلِّ أُمَّةٍ رَّسُولًا أَنِ ٱعْبُدُوا۟ ٱللَّهَ وَٱجْتَنِبُوا۟ ٱلطَّٰغُوتَ ﴾ [53]

واتە:﴿ بەدڵنیاییەوە ئێمە بۆ هەموو نەتەوەیەك نێردراوێكمان ناردووە كەفەرمانیان پێبكات بەوەی خوا بپەرستن و دووربكەونەوە لە طاغوت ﴾ وەئەوەی شەریعەتەكانە كەبریتیە لە فەرمانەكان و قەدەغەكان و حەڵاڵەكان و حەرامەكان ئەمانە جیاواز دەبن بەجیاوازی نەتەوەكان بەگوێرەی پێویست ، خوای گەورە شەریعەتێك دەنێرێت پاشان ئەو شەریعەتە هەڵدەوەشێنێتەوە بەناردنی شەریعەتێكی تر تائەو كاتەی شەریعەتی ئیسلام هات و هەموو شەریعەتەكانی هەڵوەشاندەوە و بەتەنها خۆی مایەوە تائەو كاتەی ڕۆژی قیامەت دێت ، بەڵام ئەصڵ و بنەڕەتی ئاینی هەموو پێغەمبەران سەلامی خوایان لیٚ بێت كەبریتیە لەیەكخواپەرستی

[52] الذاريات: ٥٦.
[53] النحل: ٣٦ .

نەهەڵوەشاوەتەوە و نەهەڵیش دەوەشێتەوە ، ئاینی هەموویان یەکێکە کەئەویش ئاینی ئیسلامە بەواتای نیازپاکی بۆخوایە لە یەکخواناسیدا .

هەرچی شەریعەتەکانە دەگونجێت جیاوازی تیادا بێت هەڵبوەشێنرێتەوە بەڵام یەکخواناسی و بیروباوەڕ لەئادەمەوە سەلامی خوای لێ بێت تاکۆتایی پێغەمبەران سەلامی خوایان لێ بێت بانگەوازیان بۆیەکخواناسی و پەرستنی خوای پەروەردگار بووە .

وەپەرستنی خوا : گوێڕایەڵی کردنیەتی لەهەموو کاتێکدا بەوەی فەرمانی پێکردووە لەشەریعەتەکان جائەگەر هەڵوەشایەوە ئەوکاتە کردەوە کردن بەوەی هەڵیوەشاندۆتەوە دەبێتە پەرستن و عیبادەت و کردەوە کردن بەوەی هەڵوەشاوەتەوە پەرستش کردن بۆخوا نیە .

فإذا عرفت أن الله خلقك لعبادته، فاعلم أن العبادة لا تسمى عبادة إلا مع التوحيد، كما أن الصلاة لا تسمى صلاة إلا مع الطهارة ، فإذا دخل الشرك في العبادة فسدت، كالحدث إذا دخل في الطهارة.

جائەگەر شارەزابوویت و زانیت کە خوای گەورە تۆی دروست کردووە بۆ پەرستنی خۆی ، ئەوا بزانە کەپەرستن ناو نابرێت بەپەرستن تەنها لەکاتێکدا نەبێت کەلەگەڵ یەکخواناسیدا بێت .

هەروەکو چۆن نوێژ ناو نابرێت بەنوێژ تەنها لەکاتێکدا نەبێت کەلەگەڵ دەستنوێژدا بێت .



## ڕاڤەکردنی زانای پایەبەرز صالح الفوزان

﴿جائەگەر شارەزابوویت و زانیت کە خوای گەورە تۆی دروست کردووە بۆ پەرستنی خۆی ﴾ واتە : ئەگەر شارەزابوویت لەم ئایەتەدا ﴿ وَمَا خَلَقْتُ ٱلْجِنَّ وَٱلْإِنسَ إِلَّا لِيَعْبُدُونِ ﴿٥٦﴾ ﴾ [٥٤] واتە ﴿ من جنۆکەو مرۆڤم دروست نەکردووە تەنها لەبەر پەرستنی خۆم نەبێت ﴾ ، وەتۆش لە مرۆڤیت ، بەشداریت لەناو ئەم ئایەتەدا ، وەشارەزابوویت کەخوای گەورە بەبێ هودە دروستی نەکردوویت ، یان دروستی کردبێتیت تەنها بۆئەوەی بخۆیت و بخۆیتەوە ، بژی لەم دونیایەداو بێیت و بڕۆیت و ڕابوێریت و گاڵتە بکەیت ، بۆئەوە دروستی نەکردویت ، دروستی کردویت بۆپەرستنی خۆی ، وەخوای گەورە هەموو ئەو شتانەی کەهەیە ژێرباری خستووە بۆتۆ لەپێناوی ئەوەی کە بیکەیتە هۆکاری یارمەتی دەر لەپەرستنی خوای گەورەدا .

چونکە تۆ ناتوانیت کە بژیت تەنها بەبەکارهێنانی ئەم شتانە نەبێت ، وەناتوانیت کەبگەیتە پەرستنی خوای گەورە تەنها بەم شتانە نەبێت ، خوای پەروەردگار ژێرباری خستوون لەبەرئەوەی کە بەهۆیەوە خوای گەورەی پێ بپەرستیت ، نەك ژێرباری کردبێت بۆت لەپێناوی ئەوەدا کە خۆشی پێوە دەربڕیت و پێی بێت و بڕۆیت و ڕابوێریت و تاوان و خراپەکاری پێ ئەنجام بدەیت بخۆیت و بخۆیتەوە ئەوەندەی ئارەزووت

[٥٤] الذاريات: ٥٦.

لێیەتی ، ئەوە كاری ئاژەڵانە ((كەتەنها پیشەیان خواردن و خواردنـەوە و هاتن و چوون و ڕابواردن و گاڵتـەكردن بێـت – وەرگێـڕ )) ، هەرچـی دەربارەی نەوەكانی ئادەمە سەلامی خوای لێ بێت خوای گەورە دروسـتی كردوون بۆمەبەست و دانایی و كاربەجێیەكی گەورە كەئەویش پەرستنە خوای گەورە دەفەرموێت ﴿ وَمَا خَلَقْتُ ٱلْجِنَّ وَٱلْإِنسَ إِلَّا لِيَعْبُدُونِ ﴿٥٦﴾ مَآ أُرِيدُ مِنْهُم مِّن رِّزْقٍ ﴾ [٥٥]واتە ﴿ من جنۆكەو مرۆڤم دروست نەكردووە تەنها لەبەر پەرستنی خۆم نەبێت ، هیچ ڕۆزییەكم لەوانەوە ناوێت بمدەنێ و بۆم دابین بكەن ﴾ خوای گەورە بۆئەوە دروستی نەكردوویت كـە كەسـابەتی بۆبكەیت و ڕزق و ڕۆزی بۆپەیدا بكەیت ، كە كارو پیشەیەك بكـەیت و ماڵی بۆكۆبكەیتەوە ، هەروەكو نەوەكانی ئادەم سـەلامی خـوای لێ بێـت هەندێكیان بۆهەندێكیان دەیكەن و چەندین كرێكار دەگرن مـاڵ و پـارەو سوودو قاوانجیان بۆكۆدەكەنەوە، نەخێر ، خوای گەورە بێ پێویستە لـەوە و پێویستی بەوە نیە ، خوای گەورە بێ پێویـستە لەهـەموو جیهانیـان ، و هەرلـەبەرئـەوەش فەرموویـەتی ﴿ مَآ أُرِيدُ مِنْهُم مِّن رِّزْقٍ وَمَآ أُرِيدُ أَن يُطْعِمُونِ ﴿٥٧﴾ ﴾ [٥٦]واتە ﴿ ڕزق و ڕۆزیم لێیان ناوێت بۆم پەیدابكەن و نامـەوێت خواردنم بۆئامادەبكەن ﴾ خواردن ئەدات نەك پێویستی بەوە بێت خواردنی پێ بدرێت ، پێویستی بەخواردن نیە ، خـوای گـەورە بـەزاتی موبـارەكی

[٥٥] الذاريات: ٥٦ – ٥٧.
[٥٦] الذاريات: ٥٧.



خۆی بێ پێویستە لەهەموو دروست كراوەكان ، وە پێویستی بەو عیبادەت و پەرستنی تۆ نیە ، ئەگـەر بێبـاوەڕ ببیـت هـیچ لـەموڵكی خـوات كـەم نەكردۆتەوە ، بەڵام ئـەوە تـۆی كەپێویـستت بـەخوای گەورەیـە ، تـۆی كەپێوستت بەعیبادەت كردنـە ، لەڕەحمـەتی خـوای پـەروەردگارە : كـە فـەرمانی پێكردوویـت كـە بیپەرسـتیت لـەپێناو بەرژەوەنـدی خۆتـدا ، لەبەرئەوەی ئەگەر پەرستت ئەوا خوای گەورە ڕێزت لێ دەنێـت بـەوەی پاداشتت دەداتەوە ، جابۆیە پەرستنی خوای گەورە هۆكارە بۆبەدستهێنانی ڕێزیی خوایی بۆت لەدونیاو دوا ڕۆژدا، جاكێ یـە ئـەو كەسـەی سـوود لەعیبادەت كردن وەردەگرێت ؟ ئـەوەی سـوود لـەعیبادەتكردن بۆخـوا وەردەگرێـت بریتیـە لـەخودی بەندەكـە ، بـەڵام الله بـێ پێویـستە لەدروستكراوی لەوەی عیبادەتی بۆبكەن .

شەیخی ئیـسلام (( موحەمـەدی كـوڕی عبـدالوهاب )) ڕەحمـەتی خـوای گەورەی لێ بێت فەرمووی ﴿ئەوا بزانە كەپەرستن ناو نابرێـت بەپەرسـتن تەنها لەكاتێكدا نەبێت كەلەگەڵ یەكخواناسیدا بێت ، هەروەكو چۆن نوێژ ناو نابرێت بەنوێژ تەنها لەكاتێكدا نەبێت كەلەگـەڵ دەستنوێژدا بێـت ﴾ ئەگەر زانیت كەخوای گەورە دروستی كردوویت بۆپەرستشی خۆی ئەوا بەدڵنیاییەوە عیبادەن ڕاست و دروست نابێت و خوای گەورە لێـی ڕازی نابێت تەنها ئەگەر دوو مەرجی تیادا هاتبووە جێ ، ئەگەر یەكێك لەو دوو مەرجەی تیادا نەبێت ئەوا عیبادەتەكە هەڵدەوەشێتەوە و پوچەڵ دەبێتەوە : ئەوانیش:

**مەرجی یەکەم :** دەبێت بەتەنها لەبەر ڕەزامەندی خوای گەورە ئەنجام بدرێت ، شەریك بۆخوا پەیداکردنی تیادا نەبێت ، خۆئەگەر شەریك بۆخودا پەیداکردنی تێکەڵاو بوو ئەوا پوچەڵ دەبێتەوە ، وێنەی دەستنوێژ ئەگەر بێ دەستنوێژی تێکەڵاو بوو ئەوا دەستنوێژەکە پوچەڵ دەبێتەوە و هەڵدەوەشێتەوە (( واتە : ئیتر دوای ئەوە نابێت بوترێت خۆکابرا دەسنوێژی هەبوو چۆن دەسنوێژەکەی هەڵوەشایەوە بەوەی ڕووداوێکی وەکو میزکردن و پیسایی کردنی لێ ڕوودا !! ئەو کابرایە دەستنوێژەکەی نەماو دەبێت ئەگەر بیەوێت نوێژێکی کە بکات ئەوا دەستنوێژێکی کە بگرێتەوە ، موسڵمانیەتیش وایە بە ووتنی شەهادەتەین دێتە ناو بازنەی ئیسلام بەڵام ئەگەر شەریکی بۆخوا دانا ئەوا ئیسلامەتیەکەی هەڵوەشاوەتەوە ئەگەر بیەوێت عیبادەت بکات ئەوا پێویستە لەسەری جارێکی کە شایەتومان بێنێتەوە چونکە ئیسلامەتیەکەی بەو شەریك بۆخوادانانەی ئەنجامی داوە نەماوە وەکو ئەوەی هاوار لەغەیری خوابکات یان ئاژەڵ بۆجگە لەخوا سەربڕێت یان هەرشتێکی کە لەوانەی مرۆڤی موسڵمانی پێ کافردەبێت پەنابەخوای گەورە لەوەی بکەوینە هەڵەی ئاواوە – وەرگێڕ )) بەهەمان شێوە ئەگەر خوای گەورەت پەرست پاشان شەریکت بۆپەیدا کرد عیبادەتەکەت پوچەڵ بوویەوە ، ئەوە مەرجی یەکەم.

**مەرجی دووەم :** بریتیە لەشوێنکەوتنی ڕاستەقینە بۆ پێغەمبەری خوا صلّى الله علیه وعلی آله وسلم ، جابۆیە هەر پەرستشێك پێغەمبەری خوا صلّى



الله علیه وعلی آله وسلم نەیهێنابێت و فەرمانی پێنەکردبێت ئەوا ئەو عیبادەتە پووچ و بەتاڵ و ڕەتکراوەیە بەسەر خاوەنەکەیدا ، لەبەرئەوەی بیدعەو خوڕافەت و پڕووپوچە ، وەهەرلەبەر ئەوەشە پێغەمبەری خوا صلّى الله علیه وعلی آله وسلم دەفەرموێت ﴿مَنْ عَمِلَ عَمَلاً لَيْسَ عَلَيْهِ أَمْرُنَا فَهُوَ رَدٌّ ﴾[57] وفي رواية ﴿مَنْ أَحْدَثَ فِي أَمْرِنَا مَا لَيْسَ مِنْهُ فَهُوَ رَدٌّ﴾[58] واتە ﴿هەرکەسێك هەر کارێك بکات فەرمانی ئێمەی لەسەر نەبێت ئەوا ڕەد دەکرێتەوە ﴾ وە لەڕیوایەتێکی تردا : ﴿ هەرکەسێك شتی نوێ دابهێنێ لەم کارەماندا کەلەو نەبێت ئەوا ڕەد دەکرێتەوە﴾ جابۆیە دەبێت عیبادەتکردن بەگوێرەی ئەوە بێت کە پێغەمبەری خوا صلّى الله علیه وعلی آله وسلم هێناویەتی نەك بەگوێرەی بەچاکدانان و نیەت و مەبەستەکانی خەڵك لەبەرئەوەی بەدڵنیاییەوە عیبادەت ئەگەر بەڵگەیەکی لەسەر نەبێت بەڵگە بێت لەسەر دروستیەتی لەشەرعدا ئەوا ئەو عیبادەتە بیدعەیە و سوود بەخاوەنەکەی و بکەرەکەی ناگەیەنێت و بەڵکو زیانی پێدەگەیەنێت چونکە تاوانە ، وەئەگەر واگومانیش ببات کەئەو عیبادەتە نزیکی دەکاتەوە لەخوای گەورە عزّ وجل .

[57] أخرجه مسلم رقم ( ١٧١٨ ) في الأقضية ، نقض الأحكام الباطلة ورد محدثات الأمور ، من حديث عائشة رضي الله عنها .

[58] أخرجه البخاري رقم ( ٢٦٩٧ ) في الصلح ، باب إذا إصطلحوا على صلح جور فالصلح مردود ، ومسلم رقم ( ١٧١٨ ) من حديث عائشة رضي الله عنها .

جابۆیە لەعیبادەتكردندا ئەم دوو مەرجە پێویستە : ئیخلاص و نیازپاكی بۆخوا ، وە شوێنكەوتنی ڕاستەقینە بۆ پێغەمبەری خوا صلّی الله علیه وعلی آله وسلم تا ئەو پەرستشە دەبێت بە عیبادەتێكی ڕاست و دروست و بەسوود دەبێت بۆخاوەنەكەی و بكەرەكەی ، خۆئەگەر شەریك بۆخوادانانی تێكەڵاو بوو ئەوا پووچ و بەتاڵ دەبێتەوە ، وەئەگەر عیبادەتەكە داهێنراویش بوو بەڵگەی لەسەر نەبوو ئەوا ئەو عیبادەتەش بەهەمان شێوەی ئەویتر پووچ و بەتاڵە ، بەبێ ئەم دوو مەرجە هیچ سوودێك لەعیبادەتكردندا نیە لەبەرئەوەی لەسەر جگە لەوەیە كەخوای گەورە بەشەرعی داناوە ، وەخوای گەورە جگە لەوە نەبێت كەلە قورئانەكەیدا یان لەسەر زاری پێغەمبەرەكەیدا صلّی الله علیه وعلی آلە وسلم بەشەرعی داناوە وەریناگرێت .

جابۆیە هیچ كەسێك نیە لەناو دروستكراوەكاندا پێویستە شوێنكەوتنی تەنها پێغەمبەری خوا صلّی الله علیه وعلی آله وسلم نەبێت ، بەڵام جگە لە پێغەمبەری خوا صلّی الله علیه وعلی آله وسلم ئەوا ئەو كەسە شوێنی دەكەوڕێت و گوێڕایەڵی دەكرێت ئەگەر ئەو كەسە شوێن پێغەمبەری خوا صلّی الله علیە وعلی آلە وسلم دەكەوت ، بەڵام ئەگەر سەرپێچی پێغەمبەری خوای صلّی الله علیه وعلی آله وسلم كرد ئەوا گوێڕایەڵی ناكرێت ، خوای گەورە دەفەرموێت ﴿ أَطِيعُواْ ٱللَّهَ وَأَطِيعُواْ ٱلرَّسُولَ وَأُوْلِي ٱلۡأَمۡرِ



مِنكُمۡ ﴾[٥٩] واتە ﴿ گوێڕایەڵی خوا بكەن وەگوێڕایەڵی پێغەمبەری خوا صلّی الله علیه وعلی آله وسلم بكەن وە گوێڕایەڵی كاربەدەستانی خۆتان بكەن ﴾ وەكاربەدەستان كەسانێكن : دەستەڵاتداران وەزانایانن ، جائەگەر گوێڕایەڵی خوایان كرد ئەوا پێویستە گوێڕایەڵی كردنیان و شوێنكەوتنیان ، بەڵام ئەگەر سەرپێچی فەرمانی خوایان كرد ئەوا لەو كاتەدا دروست نیە گوێڕایەڵی كردنیان وەدروست نیە شوێن كەوتنیان لەو شتەدا كەسەرپێچی خوای گەورەیان تیادا كردووە ، لەبەرئەوەی هیچ كەسێك نیە لەدروستكراوەكاندا بەشێوەیەكی ڕەهایی و سەربەخۆیی گوێڕایەڵی بكرێت تەنها پێغەمبەری خوا صلّی الله علیه وعلی آلە وسلم نەبێت ، وەئەوەی جگە لە پێغەمبەری خوایە صلّی الله علیە وعلی آلە وسلم ئەوا گوێڕایەڵی دەكرێت و شوێنی دەكەوڕێت ئەگەر گوێڕایەڵی پێغەمبەری خوای صلّی الله علیه وعلی آله وسلم كرد وەشوێنی كەوت ، ئەمە بریتیە لە پەرستش و عیبادەتی ڕاستەقینە .

[٥٩] النساء: ٥٩.

فإذا عرفت أن الشرك إذا خالط العبادة أفسدها وأحبط العمل وصار صاحبه من الخالدين في النار، عرفت أن أهم ما عليك معرفة ذلك، لعل الله أن يخلصك من هذه الشبكة، وهي الشرك بالله، الذي قال الله تعالى فيه: ﴿ إِنَّ ٱللَّهَ لَا يَغۡفِرُ أَن يُشۡرَكَ بِهِۦ وَيَغۡفِرُ مَا دُونَ ذَٰلِكَ لِمَن يَشَآءُ ﴾[60] وذلك بمعرفة أربع قواعد ذكرها الله تعالى في كتابه.

جائەگەر شارەزابوویت و زانیت کەشەریك بۆخوادانان ئەگەر تێکەڵاوی پەرستن بوو خراپی دەکات و هەڵیدەوەشێنێتەوە و کردەوە پوچەڵ دەکاتەوە و بکەرەکەی دەکاتە یەکێك لەوانەی کەبەهەمیشەیی لەئاگری دۆزەخدا دەمێننەوە ، زانیت کەگرنگترین شت لەسەر تۆ ئەوەیە کە شارەزای ئەوە ببیت ، بەو هیوایەی خوای گەورە دەربازو ڕزگارت بکات لەم تۆڕە کەبریتیە لە شەریك بۆخوا دانان و هاوبەش بۆپەیداکردنی .

ئەوەی کەخوای گەورە لەبارەیەوە فەرمویەتی : ﴿ إِنَّ ٱللَّهَ لَا يَغۡفِرُ أَن يُشۡرَكَ بِهِۦ وَيَغۡفِرُ مَا دُونَ ذَٰلِكَ لِمَن يَشَآءُ ﴾[61]

واتە ﴿ بەدڵنیاییەوە خوای گەورە خۆش نابێت لەوەی هاوبەشی بۆپەیدا بکرێت و لەخوار شەریك بۆخوادانانەوە خۆش دەبێت بۆهەرکەسێك کەخۆی بیەوێت ﴾ ، وەئەوەش بە ناسین و شارەزابوونی چوار بنەما دەبێت خوای گەورە باسی کردوون لەقورئانە پیرۆزەکەی خۆیدا .

[60] النساء: ٤٨.
[61] النساء: ٤٨.



## ڕاڤەکردنی زانای پایەبەرز صالح الفوزان

﴿جائەگەر شارەزابوویت و زانیت کەشەریك بۆخوادانان ئەگەر تێکەڵاوی پەرستن بوو خراپی دەکات و هەڵیدەوەشێنێتەوە و کردەوە پوچەڵ دەکاتەوە و بکەرەکەی دەکاتە یەکێك لەوانەی کەبەهەمیشەیی لەئاگری دۆزەخدا دەمێننەوە ، ....... تاکۆتایی ﴾

واتە : لەبەرئەوەی تۆ شارەزای یەکخواناسی بوویت کە بریتیە : لە بەتاکگرتنی خوای گەورە لە پەرستشدا ، پێویستە شارەزابیت کە شەریك بۆخوادانان چییە ، لەبەرئەوەی ئەو کەسەی شارەزایی دەربارەی شتێك نەبێت دەکەوێتە ناویەوە ، جابۆیە کەتۆ شارەزای جۆرەکانی شەریك بۆخوادانان ببیت لەپێناوی ئەوەی کەبتوانیت لێی دوور بکەویتەوە ، چونکە خوای گەورە هۆشیاری داوە لە شەریك بۆخوادانان و فەرموویەتی ﴿ إِنَّ ٱللَّهَ لَا يَغۡفِرُ أَن يُشۡرَكَ بِهِۦ وَيَغۡفِرُ مَا دُونَ ذَٰلِكَ لِمَن يَشَآءُ ﴾[62] واتە ﴿بەدڵنیاییەوە خوای گەروە خۆش نابێت لەوەی شەریکی بۆپەیدا بکرێت وەلەخوار شەریك بۆخوادانانەوە لەهەرگوناهێك خۆش دەبێت بۆهەر کەسێك کەخۆی بیەوێت﴾ جائەوەیە شەریك بۆخوادانان و ئەوە مەترسیەکەیەتی ، وەئەوەش لەبەرئەوەیە کە قەدەغە دەکات لەوەی بچێتە بەهەشتەوە خوای گەورە دەفەرموێت ﴿إِنَّهُۥ مَن يُشۡرِكۡ بِٱللَّهِ فَقَدۡ حَرَّمَ ٱللَّهُ

[62] النساء: ٤٨.

عَلَيۡهِ ٱلۡجَنَّةَ ﴾ [٦٣] واتە ﴿ چاك بزانن كەهەركەسێك شەریك بۆخوا دابنێ بێگومان خوای گەورە بەهەشتی لەسەر قەدەغەدەكات ﴾ وەشەریك بۆخوادانان ڕێگری دەكات لە لێخۆش بوونی خوایی ﴿ إِنَّ ٱللَّهَ لَا يَغۡفِرُ أَن يُشۡرَكَ بِهِۦ ﴾ [٦٤] واتە ﴿ بەدڵنیاییەوە خوای گەروە خۆش نابێت لەوەی شەریكی بۆپەیدا بكرێت ﴾.

كەواتە : ئەوە مەترسیەكی گەورەیە ، پیویستە لەسەرت كە شارەزای ببیت پێش هەر مەترسیەك ، لەبەرئەوەی شەریك بۆخوادانان چەندین ئەقڵ و تێگەیشتن تیایدا گومڕا بووە (( واتە : چەندین كەس هەیە خاوەنی ئەقڵ و ژیرو تێگەیشتنە لەگەڵ ئەوەشدا كەوتۆتە شەریك بۆخوا دانان و هەستی پێناكات لەسەر چ مەترسیەكی گەورەیە بۆنمونە چەندان خاوەن ئەقڵمان هەیە لەهەموو وڵاتەكاندا كەچی لەگەڵ ئەوەشدا شتێكی كە جگە لەخوا دەپەرستێت وەكو زانای وایە لە چین بوزا دەپەرستێت ، وەلەهیندستان مانگا دەپەرستێت ، وەلەمەكسیك خۆر دەپەرستێت وەلە وڵاتی خۆشماندا دارو بەردو گۆڕو پەڕۆ و چەندین شتی لەو جۆرە دەپەرستێت كەهەریەك لەوانەی باسم كردن شەریك بۆخوا پەیداكردنەو بوونی ئەقڵ و ژیریەكەیان نابێتە ڕێگر لەوەی بەبێباوەڕ دابنرێن بەڵكو بێباوەڕن ئەگەر لەسەر ئەو شیركە بمرن ئەوا بێگومان بەهەتاهەتایی لەئاگری دۆزەخدا دەمێننەوە و لێی دەرباز نابن پەنا بەخوای گەورە – وەرگێر )) ، دەی

[٦٣] المائدة: ٧٢.

[٦٤] النساء: ٤٨.



كەوایە بابزانین شەریك بۆخودا پەیداكردن چییە لە قورئان و سوننەتدا ، خوای گەورە هۆشیاری لەبارەی هیچ شتێكەوە نەداوە ئەوا بێگومان ڕوونی كردۆتەوە بۆچی هۆشیاری لەبارەوە داوە ، وەفەرمانیشی بەهیچ شتێك نەداوە ئەوا بێگومان ڕوونی كردۆتەوە بۆخەڵكی ، خوای گەورە شەریك بۆخوادانانی قەدەغە نەكردووە و بەشێوەیەكی كورت و گشتی باسی كردبێت و وازی لێهێنابێت ، بەڵكو لەقورئانی پیرۆزدا ڕوونی كردۆتەوە و پێغەمبەری خوایش صلّى الله عليه وعلى آله وسلم لەسوننەتدا ڕوونی كردۆتەوە ، ڕوونكردنەوەیەكی تەواو ، جائەگەر ویستمان شارەزاببین لەوەی كە هاوبەش بۆخوا پەیداكردن چییە ئەوا دەگەڕێینەوە بۆقورئان و سوننەت تا بزانین شەریك و هاوبەش بۆخوادانان چییە ، و ناگەڕێینەوە بۆلای ووتەی فلّان . وەئەوەش إن شاءالله باسەكەی دێت.

القاعدة الأولى: أن تعلم أن الكفار الذين قاتلهم رسول الله صلى الله عليه وسلم مُقِرُّون بأن الله تعالى هو الخالق المدبر، وأن ذلك لم يدخلهم في الإسلام، والدليل قوله تعالى: ﴿ قُلۡ مَن يَرۡزُقُكُم مِّنَ ٱلسَّمَآءِ وَٱلۡأَرۡضِ أَمَّن يَمۡلِكُ ٱلسَّمۡعَ وَٱلۡأَبۡصَٰرَ وَمَن يُخۡرِجُ ٱلۡحَيَّ مِنَ ٱلۡمَيِّتِ وَيُخۡرِجُ ٱلۡمَيِّتَ مِنَ ٱلۡحَيِّ وَمَن يُدَبِّرُ ٱلۡأَمۡرَۚ فَسَيَقُولُونَ ٱللَّهُۚ فَقُلۡ أَفَلَا تَتَّقُونَ ٣١ ﴾ یونس: ٣١

**بنەمای یەکەم** : ئەوەیە کەبزانیت کە بێباوەڕان ئەوانەی پێغەمبەری خوا صلّی الله علیه وعلی آله وسلم جەنگا لەگەڵیانداو شەڕی لەگەڵ کردن دانیان بەوەدا دەنا بەوەی کە خوای گەورە دروستکاری هەموو شتێکەو هەڵسوڕێنەری گەردونە ، و ئەو دانپێدانانەیان وای لێ نەکردن بیانخاتە ناو ئیسلام و بەموسڵمان دابنرێن ، وەبەڵگەش فەرمایشتی خوای گەورەیە کە دەفەرموێت : ﴿ قُلْ مَن يَرْزُقُكُم مِّنَ ٱلسَّمَآءِ وَٱلْأَرْضِ أَمَّن يَمْلِكُ ٱلسَّمْعَ وَٱلْأَبْصَٰرَ وَمَن يُخْرِجُ ٱلْحَىَّ مِنَ ٱلْمَيِّتِ وَيُخْرِجُ ٱلْمَيِّتَ مِنَ ٱلْحَىِّ وَمَن يُدَبِّرُ ٱلْأَمْرَ ۚ فَسَيَقُولُونَ ٱللَّهُ ۚ فَقُلْ أَفَلَا تَتَّقُونَ ﴿٣١﴾ ﴾[65] واتە ﴿ بڵێ : کێ لەم ئاسمان و زەویەدا ڕزق و ڕۆزیتان دەداتێ ؟ کێیە دروست کارو خاوەنی ئەو گوێ و چاوەتان ، ئەی کێیە زیندوو لەمردوو دەردێنێ ؟ و مردوو لەزیندو دەردەکات ؟ وەکێیە زۆر بەوردی بۆکاروباری ئەم دونیایە نەخشە دەکێشێت ؟ بەزوویی لەوەڵامی هەموو ئەمانەدا دەڵێن : هەرخوایە هەموو ئەوانە دەکات ، دەی کەواتە بڵێ : ئایە بۆلەخوا ناترسن ؟ ﴾.

[65] یونس: ٣١.



## ڕاڤەکردنی زانای پایەبەرز صالح الفوزان

**بنەمای یەکەم** : ئەوەیە کەبزانیت کە بێباوەڕان ئەوانەی پێغەمبەری خوا صلّی الله علیه وعلی آله وسلم جەنگا لەگەڵیاندو شەڕی لەگەڵ کردن دانیان بەیەکخواناسی پەروەردگاریەتیدا (( توحید الربوبیّة )) دەنا ، لەگەڵ ئەو دانپێدانانەیان بەیەکخواناسی پەروەردگاریەتیدا وای لێ نەکردن بیانخاتە ناو ئیسلام و بەموسڵمان دابنرێن ، وەخوێن و ماڵیانی حەرام و قەدەغە نەکرد .

جائەوە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە یەکخواناسی تەنها بریتی نیە لەدانانن بە پەروەردگاریەتیدا ، وەبەڵگەشە لەسەر ئەوەی شەریك بۆخوادانان بریتی نیە لە شەریك بۆخوا پەیدا کردن لەپەروەردگاریەتیدا بە تەنها ، بەڵکو هیچ کەسێك نیە هاوبەشی بۆخوای گەورە دانابێت لە پەروەردگاریەتیدا تەنها کەسانێکی ڕیزپەڕ نەبێت لەناو خەڵکدا ، وەئەگەر نا ئەوا هەموو نەتەوەکان دان دەنێن بە (( توحید الربوبیّة )) بەیەکخواناسی پەروەردگاریەتیدا .

وە (( توحید الربوبیّة )) یەکخواناسی پەروەردگاریەتی : بریتیە لە داننان بەوەی کە خوای گەورە دروستکارو ڕۆزیدەرو ژیەنەرو مرێنەرو هەڵسوڕێنەرە ، یان بەدەربڕینێکی کورتتر : (( توحید الربوبیّة)) یەکخواناسی پەروەردگاریەتی : بریتیە لە بەتاکگرتنی خوای پەروەردگار لەکردەوەکانیدا ، جابۆیە هیچ کەسێك نیە لەناو خەڵکدا بانگەشەی

ئەوەی كردبێت كەكەسێك هەیە لەگەڵ خوای پەروەردگاردا دروستكاربێت ، یان ڕۆزیدەر بێت لەگەڵ خوادا ، یان بژیەنێت یان بمرێنێت ، بەڵكو هاوبەش پەیداكەران دان بەوەدا دەنێن بەوەی كە خوای گەورە دروستكارو ڕۆزیدەرو ژیەنەرو مرێنەرو هەڵسوڕێنەرە : ﴿ وَلَئِن سَأَلْتَهُم مَّنْ خَلَقَ ٱلسَّمَـٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضَ لَيَقُولُنَّ ٱللَّهُ ﴾[66] واتە ﴿ وەئەگەر پرسیاریان لێ بكەیت : كێ دروستكاری ئاسمانەكان و زەوییە لەوەڵامدا دەڵێن : الله ﴾ ﴿ قُلْ مَن رَّبُّ ٱلسَّمَـٰوَٰتِ ٱلسَّبْعِ وَرَبُّ ٱلْعَرْشِ ٱلْعَظِيمِ ﴿٨٦﴾ سَيَقُولُونَ لِلَّهِ ﴾[67] واتە ﴿ ئەی پێغەمبەری خوا صلّى الله عليه وعلى آله وسلم بڵێ : كێ پەروەردگاری حەوت ئاسمانەكان و پەروەردگاری عەرشی گەورەیە ؟ خێراو بێ دواكەوتن دەڵێن : هەر خوایە بەدیهێنەریان﴾ ئایەتەكانی كۆتایی سورەتی (( المؤمنون )) بخوێننەوە دەیبینن كە هاوبەش پەیداكەرەكان دانیان دەنا بە یەكخواناسی پەروەردگاریەتیدا ، وەبەهەمان شێوە لەسورەتی یونسدا ﴿ قُلْ مَن يَرْزُقُكُم مِّنَ ٱلسَّمَآءِ وَٱلْأَرْضِ أَمَّن يَمْلِكُ ٱلسَّمْعَ وَٱلْأَبْصَـٰرَ وَمَن يُخْرِجُ ٱلْحَىَّ مِنَ ٱلْمَيِّتِ وَيُخْرِجُ ٱلْمَيِّتَ مِنَ ٱلْحَىِّ وَمَن يُدَبِّرُ ٱلْأَمْرَ ۚ فَسَيَقُولُونَ ٱللَّهُ ﴾[68]

---

[66] لقمان: ٢٥.
[67] المؤمنون: ٨٦ ــ ٨٧.
[68] یونس: ٣١.



واتە ﴿ئەی پێغەمبەری خوا صلّى الله عليه وعلى آله وسلم بڵێ : كێ لەئاسمان و زەویدا ڕزق و ڕۆزیتان دەداتێ ؟ كێیە دروستكەری ئەو گوێ و چاوانەتان ؟ ئەی كێیە زیندوو لەمردوو دەردێنێ ؟ وەمردوو لەزیندوو دەردەكات ؟ وەكێیە زۆر بەوردی بۆكارو باری ئەم دونیایە نەخشە دەكێشێ ؟ بەزوویی لەوەڵامی هەموو ئەمانەدا دەڵێن : هەر خوایە هەموو ئەوانە دەكات ﴾ ئەوان دان دەنێن بەوەدا .

یەكخواپەرستی بریتی نیە لە دانپێدانان بە یەكخواناسی پەروەردگاریەتیدا هەروەكو زاناكانی زانستی كەلام و ئەوانەی زۆر شارەزان لەبیروباوەڕەكانیاندا ئەوە دەڵێن ، چونكە ئەوانە دان بەوەدا دەنێن بەوەی كە یەكخواناسی بریتیە لە : دانان بەوەی كە خوای گەورە دروستكارو ڕۆزیدەرو ژیەنەرو مرێنەرە ، وە دەڵێن : (( تاكە لەخودی خۆیداو بەش بوونی بۆنیە ، تاكە لەئاوەڵناوەكانیدو هاوشێوەی نیە ، تاكە لەكردارەكانیداو هاوبەشی نیە )) وەئەوەش بریتیە لە یەكخواناسی پەروەردگاریەتی ، بگەڕێرەوە بۆهەر پەرتوكێك لەپەرتووكەكانی زانایانی زانستی كەلام دەیان بینی پێناسەیان بۆ تەوحید لە یەكخواناسی پەروەردگاریەتی دەرناچن ، وەئەو پێناسەیەی ئەوانە بریتی نیەو لەو تەوحیدەی كەخوای گەورە پێغەمبەرانی سەلامی خوایان لێ بێت لەپێناویدا ناردووە ، وەدان پێدانان بەتەنها بەوەدا سوود بەخاوەنەكەی ناگەیەنێت ، لەبەرئەوەی هاوبەش پەیداكەران و سەرەزلەكانی قوڕەیش دانیان بەوەدا ناوە ، و ئەو دان پێدانانەیان دەری نەكردوون لەبێباوەڕی ، وە نەیشی

خسوونەتە ناو ئیسلام ، جابۆیە ئەوە هەڵەیەکی گەورەیە ، جاهەرکەسێك ئەو بیروباوەڕە بیروباوەڕی بێت هیچ زیاد نەکردووە لەبیروباوەڕەکەی ئەبو جەهل و ئەبو لەهەب ، ئەوەی کە ئێستا هەندێك لەڕۆشنبیرانی لەسەرن بەتەنها بریتیە لەدانپێدانان بە تەوحیدی پەروەردگاریەتیدا ، خۆیان نادەن لەتەوحیدی یەکخواناسی ئولوهییەت ، وەئەوەش هەڵەیەکی گەورەیە لە باسی تەوحیددا .

وەهەرچی دەربارەی شیرك و هاوبەش بۆخوادانانە ئەوا ئەڵێن : ((بریتیە لەوەی کە باوەڕت وابێت کەسێك توانای دروستکردنی هەبێت لەگەڵ خواداو توانای ڕۆزی دانی هەبێت لەگەڵ خوادا ))

دەڵێین : ئەوە تەنانەت ئەبو جەهل و ئەبو لەهەب شتی وایان نەووتوە، نەیان ووتوە : کەسێك هەیە توانای دروستکردنی هەیە لەگەڵ خوادا وە دەتوانێت لەگەڵ خودادا ڕۆزی بدات ، بەڵکو ئەوان دانیان بەوەدا دەنا کە خوای گەورە ئەو خوایەیە کە دروستکارو ڕۆزیدەرو ژیەنەرو مرێنەرە.



**القاعدة الثانية: أنهم يقولون: ما دعوناهم وتوجهنا إليهم إلا لطلب القربة والشفاعة، فدليل القربة قوله تعالى:** ﴿ وَٱلَّذِينَ ٱتَّخَذُواْ مِن دُونِهِۦٓ أَوۡلِيَآءَ مَا نَعۡبُدُهُمۡ إِلَّا لِيُقَرِّبُونَآ إِلَى ٱللَّهِ زُلۡفَىٰٓ إِنَّ ٱللَّهَ يَحۡكُمُ بَيۡنَهُمۡ فِي مَا هُمۡ فِيهِ يَخۡتَلِفُونَۗ إِنَّ ٱللَّهَ لَا يَهۡدِي مَنۡ هُوَ كَٰذِبٞ كَفَّارٞ ٣ ﴾[٦٩] **ودليل الشفاعة قوله تعالى:** ﴿ وَيَعۡبُدُونَ مِن دُونِ ٱللَّهِ مَا لَا يَضُرُّهُمۡ وَلَا يَنفَعُهُمۡ وَيَقُولُونَ هَٰٓؤُلَآءِ شُفَعَٰٓؤُنَا عِندَ ٱللَّهِ ﴾[٧٠]

**والشفاعة شفاعتان: شفاعة منفية، وشفاعة مثبتة. فالشفاعة المنفية ما كانت تطلب من غير الله فيما لا يقدر عليه إلا الله، والدليل قوله تعالى:**

﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ أَنفِقُواْ مِمَّا رَزَقۡنَٰكُم مِّن قَبۡلِ أَن يَأۡتِيَ يَوۡمٞ لَّا بَيۡعٞ فِيهِ وَلَا خُلَّةٞ وَلَا شَفَٰعَةٞۗ وَٱلۡكَٰفِرُونَ هُمُ ٱلظَّٰلِمُونَ ٢٥٤ ﴾[٧١]

**والشفاعة المثبتة هي التي تطلب من الله، والشافع مكرم بالشفاعة، والمشفوع له من رضي الله قوله وعمله بعد الإذن، كما قال تعالى:** ﴿ مَن ذَا ٱلَّذِي يَشۡفَعُ عِندَهُۥٓ إِلَّا بِإِذۡنِهِۦ ﴾[٧٢]

---

[٦٩] الزمر: ٣.
[٧٠] يونس: ١٨.
[٧١] البقرة: ٢٥٤.
[٧٢] البقرة: ٢٥٥.

**بنەمای دووەم :** ئەو هاوبەش پەیداکارانە دەڵێن : ئێمە هاوارمان لێنەکردوون و ڕوومان تێنەکردوون تەنها لەبەرنزیکبونەوە لەخواو تکاکردن نەبێت .

جابەڵگەی نزیکیەتی لەخواوە ، فەرمایشتی خوای گەورەیە :﴿ وَالَّذِينَ اتَّخَذُوا مِن دُونِهِ أَوْلِيَاءَ مَا نَعْبُدُهُمْ إِلَّا لِيُقَرِّبُونَا إِلَى اللَّهِ زُلْفَىٰ إِنَّ اللَّهَ يَحْكُمُ بَيْنَهُمْ فِي مَا هُمْ فِيهِ يَخْتَلِفُونَ ۗ إِنَّ اللَّهَ لَا يَهْدِي مَنْ هُوَ كَاذِبٌ كَفَّارٌ ﴿٣﴾ ﴾[73] واتە ﴿ ئەوانەی کەلەجیاتی خوا چەندین دۆستیان بۆخۆیان گرتووە جگە لەخواو دەیانپەرستن دەڵێن : ئێمە تەنها لەبەرئەوە ئەو بتانە دەپەرستین تالەخوامان نزیك بکەنەوە و تکامان بۆبکەن لای ، بەدڵنیاییەوە خوای گەورە لەڕۆژی دوایدا حوکم لەنێوان ئەوانەدا دەکات کەجیاوازی کەوتۆتە نێوانیان لەسەری و هەر کۆمەڵێکیان بەندایەتی شتێك دەکەن بێگومان خوای گەورە ڕێنمویی ئەو کەسانە ناکات کەلەبیروباوەڕیاندا زۆر بەهەڵەو درۆی گەورە و بێباوەڕیدا ڕۆیشتوون ﴾.

وەبەڵگەی شەفاعەت و تکاکردن : فەرمایشتی خوای گەورەیە : ﴿ وَيَعْبُدُونَ مِن دُونِ اللَّهِ مَا لَا يَضُرُّهُمْ وَلَا يَنفَعُهُمْ وَيَقُولُونَ هَٰؤُلَاءِ شُفَعَاؤُنَا عِندَ اللَّهِ ﴾[74] واتە ﴿ وەلەجیاتی خوایش چەند شتێکی وادەپەرستن کەنەدەتوانن زیانێکیان پێ بگەیەنن و نەسوودێکیان پێ

[73] الزمر: ٣.
[74] یونس: ١٨.



ببەخشن وەدەڵێن : ئەوانە لای خوا تکاکارمان دەبن (( لەبەرئەوە دەیانپەرستین چونکە ئەو خوا بەتاڵانە تکامان بۆدەکەن لای خوای گەورە – وەرگێڕ )) ﴾.

وەتکاکردن دوو جۆر تکاکردنە : شەفاعەت و تکاکردنێکی ناڕاست و بەدوور گیراو ، وەشەفاعەت و تکاکردنێکی ڕاست و جێگیرکراو.

جائەوەی شەفاعەت و تکاکردنی ناڕاست و بەدوورگیراوە : ئەوەیە کە داوادەکرێت لەجگەلەخوا لەو شتەی کەتەنها خوا نەبێت دەستەڵاتی بەسەردا نیە ، وەبەڵگەش فەرمایشتی خوای گەورەیە :﴿ يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا أَنفِقُوا مِمَّا رَزَقْنَاكُم مِّن قَبْلِ أَن يَأْتِيَ يَوْمٌ لَّا بَيْعٌ فِيهِ وَلَا خُلَّةٌ وَلَا شَفَاعَةٌ ۗ وَالْكَافِرُونَ هُمُ الظَّالِمُونَ ﴿٢٥٤﴾ ﴾[75]

واتە ﴿ ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە ببەخشن هەندێك لەو ماڵ و سامانەی پێمان بەخشیوون پێش لەهاتنی ڕۆژێك هیچ کڕین و فرۆشتنێکی تیادا نیە (( تابەماڵ خۆتان بکڕنەوە ))هەروەك هیچ دۆستی و تکاو شەفاعەتێك سوودی نابێت وە بێباوەڕانن ستەمکارن ﴾.

وەشەفاعەت و تکاکردنی جێگیرکراو : بریتیە لەوەی کەبەتەنها لەخوای گەورە داوا دەکرێت .

وەکەسی تکاکار ڕێزلێگیراوە بەوەی توانای شەفاعەت و تکاکردنی هەیە و تکابۆکراویش ئەو کەسەیە خوای گەورە لە لەقسەو کردەوەی ڕازییە

[75] البقرة: ٢٥٤.

لەدوای مۆڵەتدان بەوەی شەفاعەتی بۆبکرێت ((واتە ئەو کەسەی شەفاعەتی بۆدەکرێت دەبێت کەسێك بێت خوای پەروەردگار لێی ڕازی بێت و لەووتەو کردەوەی ڕازی ببێت دوای ئەوە خوای پەروەردگار مۆڵەت دەدات بەتکاکار شەفاعەت و تکای بۆبکات – وەرگێر ))

هەروەکو خوای گەورە دەفەرموێت :﴿مَن ذَا ٱلَّذِى يَشۡفَعُ عِندَهُۥٓ إِلَّا بِإِذۡنِهِۦ﴾ [76] واتە ﴿ کێیە ئەو کەسەی لەڕۆژی قیامەتدا بتوانێت لای خوای گەورە شەفاعەت بکات هەتا خوای گەورە خۆی مۆڵەتی نەدات﴾.

## ڕاڤەکردنی زانای پایەبەرز صالح الفوزان

ئەو هاوبەش پەیداکەرانەی کە خوای گەورە ناوی نان بە هاوبەش پەیداکەر و بڕیاری دابەسەریاندا بەوەی هەتا هەتایی لەئاگری دۆزەخدا دەمێننەوە ، هاوبەشیان بۆخوای گەورە پەیدانکرد لەیەکخواناسی پەروەردگاریەتیدا (( توحید الرّبوبیة )) بەڵکو لە یەکخواناسی بەتاکگرتنی خوای گەورە (( توحید الألوهیة )) هاوبەشیان بۆ پەیداکرد ، ئەوانە ناڵێن کە خواکانیان لەگەڵ خوای گەورە دروست دەکات و ڕۆزی دەدات ، وەئەوەی کەبلێن سوود دەگەیەنن یان زیان دەگەیەنن یان کاروباری گەردون هەڵدەسوڕێنن لەگەڵ خوای گەورەدا ، بەڵکو بەتەنها کردبونیان بەتکاکار ، هەروەکو خوای گەورە بەبارەیانەوە دەفەرموێت

[76] البقرة: ٢٥٥.



﴿ وَيَعۡبُدُونَ مِن دُونِ ٱللَّهِ مَا لَا يَضُرُّهُمۡ وَلَا يَنفَعُهُمۡ وَيَقُولُونَ هَٰٓؤُلَآءِ شُفَعَٰٓؤُنَا عِندَ ٱللَّهِۚ ﴾ یونس: ١٨ واتە ﴿شتانێك دەپەرستن جگە لە خوا کە نە سوودیان پێ دەگەیەنن و نە دەشتوانن زیانیان لێ دووربخەنەوە ، وە دەشڵێن کە ئەوانە تکاکارمانن لای خوا ﴾ ﴿مَا لَا يَضُرُّهُمۡ وَلَا يَنفَعُهُمۡ – نە سوودیان پێ دەگەیەنن و نە دەشتوانن زیانیان لێ دووربخەنەوە ﴾ ئەوان دان بەوەدا دەنێن ، کەخواکانیان نەسوود دەگەیەنن نەزیان ، بەڵکو بەتەنها کردونیان بەتکاکار ، واتە : کردوونیان بەناوەند لەلای خوا لەدابینکردنی پێویستیەکانیاندا ، ئاژەڵیان بۆسەردەبڕن شت لەسەر خۆیان پێویست دەکەن بۆیان ، نەك لەبەرئەوەی کە ئەوان دروست دەکەن یان ڕۆزی دەدەن یان دەتوانن سوود بگەیەنن یان زیان دووربخەنەوە لەبیروباوەڕیاندا ، بەڵکو تەنها لەبەرئەوەی کەئەوان ببن بەناوەند بۆیان لەلای خوا ، وەتکابکەن لەلای خوا ، ئەمە بیروباوەڕی موشریك و هاوبەش پەیداکەرانە .

وەتۆ ئەگەر ئێستا موناقەشە بکەیت لەگەڵ گۆڕپەرستێك لەگۆڕپەرستەکان ئەوا ڕێك وەك ئەم قسەیە دەکات دەقاو دەق ، دەڵێت : من دەزانم کەئەو وەلیە یان ئەو پیاو چاکە نەدەتوانێت زیان دووربخاتەوە و نەسوودیش بگەیەنێت ، بەڵام ئەو پیاوێکی چاکەو من دەمەوێت کەئەو تکابۆمن بکات لەلای خوا .

وەشەفاعەتكردن حەق و بەتاڵی تیادایە (( شەفاعەتی واهەیە هەقە وەشەفاعەتی واهەیە بەتاڵە – وەرگێڕ )) ، ئەو شەفاعەتەی كەهەقە و ڕاست و دروستە بریتیە لەو شەفاعەتەی كەئەم دوو مەرجەی تیادا بێت :

**مەرجی یەكەم :** دەبێت بەمۆڵەتی خوای پەروەردگار بێت .

**مەرجی دووەم :** دەبێت ئەو كەسەی شەفاعەتەكەی بۆدەكرێت لەكەسانێك بێت كەبەتەنها خوای پەروەردگار دەپەرستن واتە مووەحید بێت .

خۆئەگەر یەك لەو دوو مەرجەی تیادا نەبێت ئەوا ئەو شەفاعەتكردنە بەتاڵ دەبێت خوای گەورە دەفەرموێت ﴿مَن ذَا ٱلَّذِى يَشۡفَعُ عِندَهُۥٓ إِلَّا بِإِذۡنِهِۦ﴾[٧٧] واتە ﴿كێ بێت لەڕۆژی دواییدا بتوانێ شەفاعەت بكات لای ئەو ، هەتا ئەو خۆی مۆڵەتی نەدا ؟ دیارە كە هەتا ئەو خۆی مۆڵەتی نەدات هیچ كەسێك ناتوانێت تكا بكات ، هاوبەش دانەرەكان پێیان وابوو كە بتەكان دەتوانن شەفاعەتیان بۆ بكەن ﴾ ﴿وَلَا يَشۡفَعُونَ إِلَّا لِمَنِ ٱرۡتَضَىٰ﴾[٧٨] واتە ﴿لە دوارۆژیشدا تكاو شەفاعەت ناكەن ، مەگەر بۆ كەسێك خوا خۆی ڕازی بێت لێیو خاوەن بڕواو موسڵمان بێت ﴾ كەئەوانیش بریتین لەسەرپێچی كارانی یەكتاپەرستان ، بەڵام بێباوەڕان و هاوبەش پەیداكەران تكای تكاكاران هیچ سوودێكیان پێ ناگەیەنێت ﴿مَا

[٧٧] البقرة: ٢٥٥.
[٧٨] الأنبياء: ٢٨.



لِلظَّٰلِمِينَ مِنۡ حَمِيمٖ وَلَا شَفِيعٖ يُطَاعُ ١٨﴾[٧٩] واتە ﴿ئەوكات ستەمكاران هیچ دۆستێكو پشتیوانێكیان نیە بتوانێ كەڵكیان پێ بگەیەنێ ، وە هیچ تكاكارێكیشیان نیە تكای وەربگیرێ ، هەموو پەیوەندیەك دەپچڕێ ﴾ جائەوانە شەفاعەتیان بیستووە و نازانن واتاكەی چییە ، وەدەچن داوایدەكەن لەوانە بەبێ ئەوەی خوای گەورە مۆڵەتی دابێت ، بەڵكو داوایان كردووە بۆكەسێك كەئەو كەسە هاوبەشی بۆخوا داناوە و تكای تكاكاران سوودی پێناگەیەنێت ، جابۆیە ئەوانە بێ ئاگان واتای شەفاعەتی حەق و بەتاڵ چییە .

شەفاعەت و تكاكردن مەرج و كۆت و بەندی هەیەو ڕەها نیە ((بەشێوەیەكی ڕەها نیە چۆن داوای بكەیت و بۆكێ داوای بكەیت بەڵكو دەبێت بزانیت چۆن داوای دەكەیت و بۆكێش داوای دەكەیت و بەمۆڵەتی خوای پەروەردگار بێت – وەرگێڕ )) .

شەفاعەتكردن دوو جۆر شەفاعەتە : تكاكردنێك خوای گەورە ڕازی نیە پێی و نەیهێشتووە ، ئەویش ئەو شەفاعەتەیە كە بەبێ مۆڵەتی خوای گەورەیە ، هیچ كەسێك نیە بتوانێت شەفاعەت بكات لای خوا تەنها بەمۆڵەتی خۆی نەبێت ، وەباشترین دروستكراوی خوا و كۆتایی پێغەمبەران سەلامی خوایان لێ بێت موحەمەد صلّی الله علیە وعلی آلە وسلم ئەگەر بیەوێت كەشەفاعەت بكات بۆئەوانەی ڕاوەستێنراون لەڕۆژی قیامەتدا لەبەردەم پەروەردگاریدا دەكەوێتە سوجدەوە و لێی

[٧٩] غافر: ١٨.

دەپاڕێتەوە و سوپاس و ستایشی دەکات ، وەبەبەردەوامی لەسوجدەدا دەمێنێتەوە تائەو کاتەی پێی دەوترێت : (( إرفع رأسك ، وقل تُسمعْ ، واشفع تُشَفّعْ ))[80] واتە (( سەرت بەرزبکەوە ، وەبڵێ قسەت بیستراوە، وەتکا بکە تکات وەرگیراوە ))[81] جابۆیە پێغەمبەری خوا صلّى الله عليه وعلى آله وسلم تکا ناکات تەنها دوای مۆڵەتدانی خوای گەورە نەبێت .

وەشەفاعەتی جێگیرکراو : بریتیە لەو شەفاعەتەی کە بۆ یەکخواناسانە، هاوبەش پەیداکەر شەفاعەت بۆئەو نیەو سوودی پێ ناگەیەنێت ، وەئەو کەسەی ئاژەڵ پێشکەشی گۆڕەکان دەکات و شت لەسەرخۆی پێویست دەکات بۆگۆڕەکان ئەوە موشریکەو تکاکردن و شەفاعەت هیچ سوودیکی پێناگەیەنێت .

وەپوختەی قسە : ئەوەیە کە شەفاعەتی بەدوورگیراو و وەرنەگیراو ئەو شەفاعەتەیە کەداوادەکرێت بەبێ مۆڵەتی خوای گەورە یان بۆهاوبەش پەیداکەرێك داوادەکرێت .

[80] بەشێکە لەفەرموودەیەکی درێژ :أخرجه البخاري (( ٧٥١٠ )) في التوحيد باب كلام الرّب يوم القيامة مع الأنبياء وغيرهم ، ومسلم (( ١٩٣ )) في الإيمان ، باب أدنى أهل الجنة منزلة فيها ، من حديث أنس بن مالك رضي الله عنه .

[81] خوێنەری ئازیز شەیخ صاڵح خوای گەورە بیپارێزێت بەو دەربڕینە هێناویەتی و دەشفەرموێت لەبوخاری و موسلیمدا هەیە بەڵام ئەوەی ڕاستی بێت والله أعلم بەو شێوەیە لەبوخاری و موسلیمدا نیەو بەم شێوەیە کە دەیهێنم :

بوخاری ٧٥١٠ : ((ارْفَعْ رَأْسَكَ وَقُلْ يُسْمَعْ لَكَ وَسَلْ تُعْطَ وَاشْفَعْ تُشَفَّعْ )).

موسلیم ١٩٣ : (( يَا مُحَمَّدُ ارْفَعْ رَأْسَكَ وَقُلْ يُسْمَعْ لَكَ وَسَلْ تُعْطَهْ وَاشْفَعْ تُشَفَّعْ فَأَقُولُ رَبِّ أُمَّتِي أُمَّتِي )).



وەشەفاعەتی جێگیرکراو : ئەو شەفاعەتەیە کەلەدوای مۆڵەتی خوای گەورەوە دەبێت وە بۆئەهلی تەوحیدو یەکخواناسان دەبێت .

والقاعدة الثالثة: أن النبي صلى الله عليه وسلم ظهر على أناس متفرقين في عبادتهم منهم من يعبد الملائكة. ومنهم من يعبد الأنبياء والصالحين. ومنهم من يعبد الأشجار والأحجار. ومنهم من يعبد الشمس والقمر. وقاتلهم رسول الله صلى الله عليه وسلم ولم يفرق بينهم. والدليل قوله تعالى:

﴿ وَقَٰتِلُوهُمۡ حَتَّىٰ لَا تَكُونَ فِتۡنَةٞ وَيَكُونَ ٱلدِّينُ لِلَّهِ ﴾[82]

ودليل الشمس والقمر : قوله تعالى: ﴿ وَمِنۡ ءَايَٰتِهِ ٱلَّيۡلُ وَٱلنَّهَارُ وَٱلشَّمۡسُ وَٱلۡقَمَرُۚ لَا تَسۡجُدُواْ لِلشَّمۡسِ وَلَا لِلۡقَمَرِ ﴾[83] ودليل الملائكة : قوله تعالى: ﴿ وَلَا يَأۡمُرَكُمۡ أَن تَتَّخِذُواْ ٱلۡمَلَٰٓئِكَةَ وَٱلنَّبِيِّـۧنَ أَرۡبَابًا ﴾[84]

ودليل الأنبياء : قوله تعالى: ﴿ وَإِذۡ قَالَ ٱللَّهُ يَٰعِيسَى ٱبۡنَ مَرۡيَمَ ءَأَنتَ قُلۡتَ لِلنَّاسِ ٱتَّخِذُونِي وَأُمِّيَ إِلَٰهَيۡنِ مِن دُونِ ٱللَّهِۖ قَالَ سُبۡحَٰنَكَ مَا يَكُونُ لِيٓ أَنۡ

[82] البقرة: ١٩٣.
[83] فصلت: ٣٧.
[84] آل عمران: ٨٠.

أَقُولَ مَا لَيۡسَ لِي بِحَقٍّۚ إِن كُنتُ قُلۡتُهُۥ فَقَدۡ عَلِمۡتَهُۥۚ تَعۡلَمُ مَا فِي نَفۡسِي وَلَآ أَعۡلَمُ مَا فِي نَفۡسِكَۚ إِنَّكَ أَنتَ عَلَّٰمُ ٱلۡغُيُوبِ ﴿١١٦﴾ ﴾ [٨٥]

ودليل الصالحين : قوله تعـالى: ﴿ أُوْلَٰٓئِكَ ٱلَّذِينَ يَدۡعُونَ يَبۡتَغُونَ إِلَىٰ رَبِّهِمُ ٱلۡوَسِيلَةَ أَيُّهُمۡ أَقۡرَبُ وَيَرۡجُونَ رَحۡمَتَهُۥ وَيَخَافُونَ عَذَابَهُۥٓ ﴾ [٨٦]

ودليل الأشجار والأحجار : قوله تعالى: ﴿ أَفَرَءَيۡتُمُ ٱللَّٰتَ وَٱلۡعُزَّىٰ ﴿١٩﴾ وَمَنَوٰةَ ٱلثَّالِثَةَ ٱلۡأُخۡرَىٰٓ ﴿٢٠﴾ ﴾ [٨٧]

وحديث أبي واقد الليثي رضي الله عنه قال: "خرجنا مع النبي صلى الله عليه وسلم إلى حنين ونحن حدثاء عهد بكفر، وللمشركين سدرة يعكفون عنـدها وينوطون بها أسلحتهم يقال لها ذات أنواط. فمررنا بسدرة فقلنا: يا رسول الله اجعل لنا ذات أنواط، كما لهم ذات أنواط". الحديث[٨٨].

**بنەمای سێیەم** : بەدڵنیاییەوە پێغەمبەری خوا صلّى الله عليه وعلى آله وسلم لەناو خەڵكانێكـدا دەركـەوت و كـرا بـە پێغەمبـەر كـە جیـاواز بـوون لەپەرستنەكانیاندا ، هەیان بوو فریشتەیان دەپەرسـت وەهـەیان بـوو كـە پێغەمبەران سەلامی خوایان لێ بێت و پیاوچاكانیان دەپەرست، وەهەیان بوو

[٨٥] المائدة: ١١٦.
[٨٦] الإسراء: ٥٧.
[٨٧] النجم: ١٩ – ٢٠.
[٨٨] أخرجه الترمذي رقم ( ٢١٨٠ ) في الفتن ، باب ماجاء لتركبن سنن من كان قبلكم ، وقال : (( حديث حسن صحيح )) وأخرجه أحمد ( ٢١٨/٥ ) ، وإبن أبي عاصم في السنة رقم ( ٧٨ ) ، وإبن حبـان في صـحيحه رقـم (٦٧٠٢– الإحسان ) . وصححه إبن حجر في الإصابة ( ٢١٦/٤ ).



كە بەردوو داریان دەپەرست ، وە هەیان بوو كە خۆرو مانگیان دەپەرست وە پێغەمبەری خوا صلّى الله عليه وعلـى آلـه وسـلم لەگـەڵ هەموویانـدا شەڕی كردو جەنگاو جیاوازی نەكرد لەنێوانیاندا.

وەبەڵگەش خوای گەورە دەفەرموێت :﴿ وَقَٰتِلُوهُمۡ حَتَّىٰ لَا تَكُونَ فِتۡنَةٞ وَيَكُونَ ٱلدِّينُ لِلَّهِ ﴾[٨٩]واتە ﴿ ئەوانەی دەست درێـژیتان دەكەنـە سـەرو شـەڕتان لەگەڵ دەكەن ئێوەش بەچاكی شەڕیان لەگەڵدا بكەن و بیانكوژن تاوەكو هێزیان لـەبـەر بـڕن و ئـیتر نـەتوانن جـارێكی تـر بكەونـە ئازاردانتـان و هەوڵبدەن لـەئاینەكەتان هەڵتان بگێڕنەوە ، بیانكوژن تـا ئـاین هـەر ئـاینی خودا بێت و تەنها ناوی خودا بڵند بێتەوە نەك ناوێكی تر ﴾ .

وەبەڵگەی پەرسـتنی خـۆرو مـانگیش خـوای گـەورە دەفـەرموێت : ﴿ وَمِنۡ ءَايَٰتِهِ ٱلَّيۡلُ وَٱلنَّهَارُ وَٱلشَّمۡسُ وَٱلۡقَمَرُۚ لَا تَسۡجُدُواْ لِلشَّمۡسِ وَلَا لِلۡقَمَرِ ﴾[٩٠]واتە ﴿ لەنیشانەكانی تاك و تەنهای خوایە شەو و ڕۆژ و خۆرو مانگ ، نەسوجدە بۆخۆر بەرن نەبۆمانگ چـونكە ئـەوان هـەردوو دروستكراوی خودان و ئەوانیش سوجدە هەربۆئەو دەبەن﴾.

وەبەڵگەی پەرستنی فریشتە خوای گەورە دەفـەرموێت :﴿ وَلَا يَأۡمُرَكُمۡ أَن تَتَّخِذُواْ ٱلۡمَلَٰٓئِكَةَ وَٱلنَّبِيِّـۧنَ أَرۡبَابًا ﴾[٩١]

[٨٩] البقرة: ١٩٣.
[٩٠] فصلت: ٣٧.
[٩١] آل عمران: ٨.

واتە ﴿ ئەو كەسە (( مەبەست عیسایە سەلامی خوای لێ بێ )) هەرگیز داواتان لێ ناكات فریشتەكان و پێغەمبەركان سەلامی خوایان لێ بێ بەخودا بزانن و بیان پەرستن ﴾.

وەبەڵگەی پەرستنی پێغەمبەرانیش سەلامی خوایان لێ بێ : خوای گەورە دەفەرموێت :﴿ وَإِذْ قَالَ ٱللَّهُ يَـٰعِيسَى ٱبْنَ مَرْيَمَ ءَأَنتَ قُلْتَ لِلنَّاسِ ٱتَّخِذُونِى وَأُمِّىَ إِلَـٰهَيْنِ مِن دُونِ ٱللَّهِ ۖ قَالَ سُبْحَـٰنَكَ مَا يَكُونُ لِىٓ أَنْ أَقُولَ مَا لَيْسَ لِى بِحَقٍّ ۚ إِن كُنتُ قُلْتُهُۥ فَقَدْ عَلِمْتَهُۥ ۚ تَعْلَمُ مَا فِى نَفْسِى وَلَآ أَعْلَمُ مَا فِى نَفْسِكَ ۚ إِنَّكَ أَنتَ عَلَّـٰمُ ٱلْغُيُوبِ ﴿١١٦﴾ ﴾[٩٢]

واتە ﴿ ((ئەم فەرمایشتە هەڕەشەیە بۆ دیانەكان كەچۆن لەقیامەتدا هەڵەی بیرو باوەڕەكەیان دەردەكەوێت )) خوای گەورە دەفەرموێت: كاتێك خودا لەعیسا سەلامی خوای لێ بێت دەپرسێت ئایە تۆ بەشوێن كەوتوانی خۆتت ووتوە : منو دایكم بەخودا بزانن ؟ كەئەوەیش دەرچوونە لەسنوری باوەڕبوون بەتاك و تەنهایی خوداو هاوەڵ و وێنە پەیداكردنە بۆی ، عیسایش سەلامی خوای لێ بێت لەوەڵامدا دەفەرموێت :خودایە پاك و گەورەیی هەر بۆتۆیە نابێت من لەسنوری خۆم دەربچم و شتێك بڵێم كەهەقی قسەكردنم تیایدا نەبێت ، خۆئەگەر ووتبێتم ئەوە بەڕاستی خۆت دەیزانیت چونكە تۆ دەزانیت چی لەدەرونی مندا هەیە بەڵام من ئەوەی

[٩٢] المائدة: ١١٦.



لەنەفسە تۆدا هەیە هیچی لێ نازانم ، بێگومان تۆ زۆر ئاگادارو زانای بەگشت شاراوە و نهێنیەكان ﴾ .

وەبەڵگەی پەرستنی پیاوچاكان : خوای گەورە دەفەرموێت : ﴿ أُوْلَـٰٓئِكَ ٱلَّذِينَ يَدْعُونَ يَبْتَغُونَ إِلَىٰ رَبِّهِمُ ٱلْوَسِيلَةَ أَيُّهُمْ أَقْرَبُ وَيَرْجُونَ رَحْمَتَهُۥ وَيَخَافُونَ عَذَابَهُۥٓ ﴾[٩٣] واتە ﴿ ئەوانەی ئەوان دەیان پەرستن و هاناو هاواریان بۆدەبەن خۆیشیان بۆئەوەی لەخوا نزیكتر بن هێشتا هەر لەهۆیەك دەگەڕێن كەخۆیانی زیاتر لەپەروەردگار پێ نزیك بكەنەوە ئیتر ئێوە چۆن ئەوان دەپەرستن ، بەئومێدی ڕەحمەتی ئەو پەروەردگارەن و لەتۆڵەو سزایشی دەترسن ﴾.

وەبەڵگەی پەرستنی بەردەكان و دارەكان لەلایەن موشریكەكانەوە : خوای گەورە دەفەرموێت : ﴿ أَفَرَءَيْتُمُ ٱللَّـٰتَ وَٱلْعُزَّىٰ ﴿١٩﴾ وَمَنَوٰةَ ٱلثَّالِثَةَ ٱلْأُخْرَىٰٓ ﴿٢٠﴾ ﴾[٩٤] واتە ﴿ هەواڵی لات و عوززاو سێیەمەكەی ( مەنات )م بدەنێ ﴾ ((ئەوانە سێ بتەكە بوون لە (طائف و غطفان ومككة )دا دەپەرستران )).

وەبەڵگەیەكی تر بۆسەلماندنی پەرستنی بەردەكان و دارەكان لەلایەن موشریكەكانەوە فەرموودەكەی پێغەمبەری خوایە صلّى الله علیه وعلى آله وسلم كە ئەبی واقیدی لەیسی ڕەزای خوای لێ بێت دەفەرموێت

[٩٣] الإسراء: ٥٧.
[٩٤] النجم: ١٩ – ٢٠.

((خرجنا مع النبي صلى الله عليه وسلم إلى حنين ونحن حدثاء عهد بكفر، وللمشركين سدرة يعكفون عندها وينوطون بها أسلحتهم يقال لها ذات أنواط. فمررنا بسدرة فقلنا: يا رسول الله اجعل لنا ذات أنواط، كما لهم ذات أنواط )) واته (( لەگەڵ خوادا صلّى الله عليه وعلى آله وسلم دەرچووین بۆجەنگی حونەین و ئێمە تازە وازمان لەبێباوەڕی هێنابوو و هاتبووینە ناو ئیسلام ، وە هاوبەش پەیداکەران دارێکیان هەبوو بەدەوریدا دەسوڕانەوە و چەکەکانیان (شمشێرەکانیان) پیادا هەڵدەواسی پێیان دەووت ذات أنواط ((ذات أنواط – بریتی بوو لەدرێك کەلەنەفامیدا دەپەرستڕا لەغەیری خوای گەورە و چەند لق و پۆی هەبوو هاوبەش پەیداکەران شمشێرەکانیان پیادا هەڵدەواسی بۆئەوەی چەکەکانیان بەرەکەتی بەربکەوێت و پیرۆز ببێت – وەرگێڕ)) جائێمەش دوای ئەوەی ئەوانمان بەجێهێشت و تێپەڕبووین بەلای دارێکدا ، ووتمان :ئەی پێغەمبەری خوا صلّى الله عليه وعلى آله وسلم ﴿ذاتُ أنواط ﴾ێك بۆئێمەش دابنێ هەروەکو ئەوان ﴿ذاتُ أنواط ﴾ یان هەیە ..... تاکۆتای فەرموودەکە )).



## ڕاڤەکردنی زانای پایەبەرز صالح الفوزان

بنەمای سێیەم : ئەوەیە کە پێغەمبەری خوا صلّى الله عليه وعلى آله وسلم نێردرا بۆلای خەڵکانێك لەهاوبەش پەیداکەران ، هەیانبوو فریشتەی دەپەرست ، وەهەیان بوو کە خۆرو مانگی دەپەرست ، وەهەیان بوو کە بتەکان و بەردەکان و دارەکانیان دەپەرست ، وەهەیان بوو کەدۆستان و پیاوچاکانیان دەرست .

وەئەوەش لەناشیرینی شەریك بۆخودا پەیداکردنە کە هاوەڵانی و بکەرانی کۆنابنەوە لەسەر تاکە شتێك (( واتە هەرکۆمەڵەو خوایەکی بۆخۆی داناوەو دەیپەستێت ناکەن هەموویان شتێك لەو شتانە بپەرستن – وەرگێڕ)) بەپێچەوانەی یەکخواناسەوە کە پەرستراویان یەکێکە خوای گەورە دەفەرموێت ﴿ءَأَرْبَابٌ مُّتَفَرِّقُونَ خَيْرٌ أَمِ اللَّهُ الْوَاحِدُ الْقَهَّارُ ﴿٣٩﴾ مَا تَعْبُدُونَ مِن دُونِهِ إِلَّا أَسْمَاءً سَمَّيْتُمُوهَا﴾ [95] واتە ﴿ئاخۆ چەند خوایەکی جیا جیا بپەرستڕێت باشترە یان هەر یەك خوای تاك و تەنیاو زاڵ و بەدەستەڵات بەسەر هەموو شتێکدا، ئەوەش بزانن ئەوەی ئێوە بەدەر لەخوا دەیان پەرستن چەند ناوێکی بێ ناوەڕۆکن بۆخۆتان ناوتان ناوون و کردووتانن بەخودای خۆتان﴾.

[95] یوسف: ٣٩ – ٤٠.

جالەخراپییەكانی شەریك بۆخوادانان و پوچییەكانی : ئەوەیە كە
خەڵكەكەی جیاوازن لەپەرستنەكەیاندا ڕێكخەرێك كۆیان ناكاتەوە ،
لەبەرئەوەی ئەوان لەسەر بنچینەیەك ناڕۆن ، و بەڵكو لەسەر هەواو
ئارەزووەكانیان و بانگەشەكانی گومڕاكەران دەڕۆن بەڕێوە ، جایۆیە
جیاوازییان زۆر دەبێت خوای گەورە دەفەرمویێت ﴿ ضَرَبَ ٱللَّهُ مَثَلًا رَّجُلًا
فِيهِ شُرَكَآءُ مُتَشَٰكِسُونَ وَرَجُلًا سَلَمًا لِّرَجُلٍ هَلۡ يَسۡتَوِيَانِ مَثَلًاۚ ٱلۡحَمۡدُ لِلَّهِۚ بَلۡ
أَكۡثَرُهُمۡ لَا يَعۡلَمُونَ ﴿٢٩﴾ ﴾ [96]واتە ﴿ خوا نمونەی هێناوەتەوە بەپیاوێك
بەندەی چەند كەسێك بێت و هەریەكەشیان كارێكی پێ بسپێرێ : ئەم پێی
بڵێ بڕۆ ، ئەوی دیكەیان پێی بڵێ مەڕۆ ، نمونەیەكیش هێناوەتەوە
بەپیاوێكی تر بەندەی تاقە كەسێك بێت هەرئەو كەسە سەرپەرشتی بكات
ئاخۆ ئەو دووانە لەخۆشحاڵی و دڵخۆشی و بەرچاو ڕوونیدا یەكسانن؟
دیارە یەكسان نین ، جامرۆڤی یەكتاپەرستیش لەگەڵ موشریكێكدا كەچەند
بتێك بپەرستێت ئاوایە ، موسڵمانەكە لەیەك لاوە بڕیاری بۆدەردەچێت و
دڵیشی زۆر ئاسوودەیە بەڵام موشریكەكە لەلاوە ئاڕاستە دەكرێت و
سەرئەنجام سەری لێتێك دەچێت ، سوپاس هەربۆخوایە لەسەر ڕاست
كردنەوەی بەڵگە لەسەر خەڵك بەڵام زۆر ترینیان ئەم ڕاستیە نازانن ﴾.
جائەو كەسەی خوای گەورە بەتاك و تەنها دەپەرستێت وەكو بەندەیەك
وایە كە بەندەی تاكە كەسێك بێت و لەگەڵیدا ئاسوودەبێت ، شارەزای

[96] الزمر: ٢٩.



مەبەست و داواكاریەكانیەتی و لەگەڵیدا ئاسوودەیە ، بەڵام هاوبەش
پەیداكەر وێنەی كەسێك وایە چەند خاوەنێكی هەبێت ، نازانێت كام
لەخاوەنەكانی ڕازی بكات ، هەریەك لەوان ئارەزوویەكی هەیە ،
وەهەریەك لەوان داواكاریەكی هەیە ، هەریەك لەوان دەیەوێت بێت بۆلای
ئەو هەرلەبەر ئەوەشە خوای گەورە دەفەرمویێت ﴿ ضَرَبَ ٱللَّهُ مَثَلًا رَّجُلًا
فِيهِ شُرَكَآءُ مُتَشَٰكِسُونَ ﴾[97] واتە ﴿ خوا نمونەی هێناوەتەوە بەپیاوێك
بەندەی چەند كەسێك بێت و هەریەكەشیان كارێكی پێ بسپێرێ : ئەم پێی
بڵێ بڕۆ ، ئەوی دیكەیان پێی بڵێ مەڕۆ ﴾ واتە چەند كەسێك خاوەنی
ئەو بەندەیەن ، نازانێت كام لەوان ڕازی بكات ﴿ وَرَجُلًا سَلَمًا
لِّرَجُلٍ ﴾[98] ﴿نمونەیەكیشی هێناوەتەوە بەپیاوێكی تر بەندەی تاقە كەسێك
بێت هەرئەو كەسە سەرپەرشتی بكات ﴾ خاوەنەكەی تاكە كەسێكە ،
ئەوە لەگەڵیدا ئاسوودە دەبێت ، ئەوە نمونەیەكە خوای گەورە
هێناویەتیەوە بۆكەسی موشریك و كەسی یەكخواپەرست .
جاهاوبەش پەیداكەران جیاوازن لەپەرستنەكانیاندا ، وە پێغەمبەری خوا
صلّى الله عليه وعلى آله وسلم جەنگا لەگەڵ هەموویانداو جیاوازی نەكرد
لەنێوانیاندا ، جەنگا لەگەڵ بتپەرستەكاندا ، جەنگا لەگەڵ گاورو
جولەكەدا ، جەنگا لەگەڵ ئاگرپەرستاندا ، جەنگا لەگەڵ هەموو هاوبەش

[97] الزمر: ٢٩.
[98] الزمر: ٢٩.

پەیداكەراندا ، وەلەگەڵ ئەوانەشدا جەنگا كە دۆستە پیاوچاكەكان دەپەرستن و جیاوازی نەكرد لەنێوانیاندا .

جائەوە ڕەددی ئەوانەی تیادایە كەدەڵێن : ئەوانەی بت دەپەرستن وەكو ئەو كەسە نیە پیاوێكی چاك یان فریشتەیەك لەفریشتەكان دەپەرستێت ، لەبەرئەوەی ئەوانە بەردەكان و دارەكان دەپەرستن ، بێ گیانەكان دەپەرستن ، بەڵام ئەو كەسەی پیاوێكی چاك و دۆستێك لەدۆستەكانی خوا دەپەرستێت وەك ئەو كەسە نیە بتەكان دەپەرستێت .

وەبەو قسەیەیان دەیانەوێت ئەوە بڵێن كە : ئەو كەسەی لەئێستادا گۆڕ دەپەرستێت حوكمەكەی جیاوازە لەو كەسەی بتەكان دەپەرستێت جابۆیە پێی بێباوەڕ نابێت ، وەكردەوەكەیشی بەشەریك بۆخوادانان دانانرێت و دروستیش نیە جەنگی لەگەڵدا بكرێت .

جائێمەش لەوەڵامیاندا دەڵێین : پێغەمبەری خوا صلّى الله علیه وعلى آله وسلم جیاوازی نەكرد لەنێوانیاندا ، بەڵكو هەموویانی بەهاوبەش پەیداكەر دانا ، وەماڵیان و خوێنیانی حەڵاڵ كرد ، وەهیچ جیاوازی نەكرد لەنێوانیاندا ، وەئەوانەی مەسیح دەپەرستن ، مەسیح پێغەمبەری خوایە سەلامی خوای لێ بێت ، وەلەگەڵ ئەوەشدا جەنگا لەگەڵیاندا ، وەجولەكەكانیش عوزەیر دەپەرستن و یەكێكیشە لەپێغەمبەرەكانیان سەلامی خوایان لێ بێت ، یان لەپیاوچاكەكانیان ، پێغەمبەری خوا صلّى الله علیه وعلى آله وسلم لەگەڵ هەرهەموویاندا جەنگاو هیچ جیاوازی نەكرد لەنێوان هیچ كامیاندا .



جابۆیە شەریك بۆخوادانان هیچ جیاوازی تیادا نیە لەنێوان كەسێكدا پیاوێكی چاك بپەرستێت یان بتێك یان بەردێك یان دارێك بپەرستێت ، لەبەرئەوەی شەریك بۆخوادانان بریتیە لە: پەرستنی هەرشتێك بەدەر لەخوای گەورە ، وەهەرلەبەرئەوەشە دەفەرموێت ﴿ ۞ وَٱعۡبُدُواْ ٱللَّهَ وَلَا تُشۡرِكُواْ بِهِۦ شَيۡـٔٗاۖ ﴾[99] واتە ﴿ ئەی خەڵكینە ! تەنها خوا بپەرستن و هیچ شتێك مەكەنە هاوبەشی ، نەمرۆڤ نەدار نە بەرد نە بتەكان ﴾ وەووشەی ﴿شَيۡـٔٗا ﴾ نەكیرەیە لەمیانەی نەهیدا هەموو شتێك دەگرێتە خۆ ، هەموو ئەو شتانە دەگرێتەوە كەكراوە بەهاوبەشی خوای گەورە لەفریشتەكان و پێغەمبەران سەلامی خوایان لێ بێت و پاوچاكان و دۆستانی خوا وەبەردەكان و دارەكان .

وەبەڵگەش خوای گەورە دەفەرموێت :﴿ وَقَٰتِلُوهُمۡ حَتَّىٰ لَا تَكُونَ فِتۡنَةٞ وَيَكُونَ ٱلدِّينُ لِلَّهِۖ ﴾[100] واتە ﴿ ئەوانەی دەست درێژیتان دەكەنە سەرو شەڕتان لەگەڵ دەكەن ئێوەش بەچاكی شەڕیان لەگەڵدا بكەن و بیانكوژن تاشەریك بۆخوادانان نەمێنێت و ئیتر نەتوانن جارێكی تر بكەونە ئازاردانتان و هەوڵبدەن لەئاینەكەتان هەڵتان بگێڕنەوە ، بیانكوژن تا ئاین هەر ئاینی خودا بێت و تەنها ناوی خودا بڵند بێتەوە نەك ناوێكی تر ﴾ .

[99] النساء: ٣٦.
[100] البقرة: ١٩٣.

واتە : بەڵگە لەسەر جەنگان لەگەڵ هاوبەش پەیداکەراندا بەبێ جیاوازی کردن لەنێوانیاندا بەگوێرەی پەرستراوەکانیان فەرمایشتی خوای گەورەیە ﴿وَقَٰتِلُوهُمۡ﴾ واتە : بجەنگن لەگەڵیاندا ،وەئەوەش گشتیە بۆهەموو هاوبەش پەیداکەران هیچ کەسی لێدەرنەکراوە ، پاشان فەرمووی ﴿حَتَّىٰ لَا تَكُونَ فِتۡنَةٞ﴾ واتە ﴿تاشەریك بۆخوادانان نەمێنێت و ئیتر نەتوانن جارێکی تر بکەونە ئازاردانتان و هەوڵبدەن لەئاینەکەتان هەڵتان بگێڕنەوە﴾ وە ﴿فِتۡنَةٞ – شەریك بۆخوادانان﴾ واتە تا شەریك بۆخوا دانان نەمێنێت ، وەئەوەش گشتیە واتە شەریك بۆخوادانان ، ئیتر ئەو هاوبەش بۆخوادانانە لە دۆستانی خواو پیاوچاکاندا بێت ، یان لەبەردەکاندا بێت ، یان لەدارەکاندا بێت ، یان لەخۆردا بێت ، یان لەمانگدا بێت . وە ﴿وَيَكُونَ ٱلدِّينُ لِلَّهِ﴾ واتە ﴿بیانکوژن تا ئاین هەر ئاینی خودا بێت و تەنها ناوی خودا بڵند بێتەوە نەك ناوێکی تر﴾ دەبێت پەرستن هەرهەمووی بۆخودا بێت ، هاوبەشایەتی تیادا نیە بۆهیچ کەسێك ئیتر ئەو کەسە هەر کەسێك یان هەر شتێك بێت ، جابۆیە جیاوازی تیادا نیە لەنێوان شەریك بۆخوادانانێك بەهۆی دۆستانی خواو پیاوچاکانەوە ئەنجام بدرێت یان بەهۆی دارەکان و بەردەکانەوە یان بەشەیتانەکان و جگە لەوانیشەوە ئەنجام بدرێت .



وەبەڵگەی پەرستنی خۆرو مانگیش خوای گەورە دەفەرموێت :﴿ وَمِنۡ ءَايَٰتِهِ ٱلَّيۡلُ وَٱلنَّهَارُ وَٱلشَّمۡسُ وَٱلۡقَمَرُۚ لَا تَسۡجُدُواْ لِلشَّمۡسِ وَلَا لِلۡقَمَرِ ﴾[١٠١]
واتە ﴿ لەنیشانەکانی تاك و تەنهای خوایە شەو و ڕۆژ و خۆرو مانگ ، نەسوجدە بۆخۆر بەرن نەبۆمانگ چونکە ئەوان هەردوو دروستکراوی خودان و ئەوانیش سوجدە هەربۆئەو دەبەن﴾.

بەڵگەیە لەسەر ئەوەی هەیە کە سوجدە دەبات بۆخۆرو مانگ ، ولەبەرئەوەیە پێغەمبەری خوا صلّى الله عليه وعلى آله قەدەغەی کردووە لەنوێژ کردن لەکاتی خۆر هەڵاتن و خۆر ئاوابووندا[١٠٢] بۆڕێگرتن لەبیانوو هێنانەوە لەبەرئەوەی هەیە کە سوجدە بۆخۆر دەبات لەکاتی خۆرهەڵاتندا وەسوجدەی بۆدەبات لەکاتی خۆرئاوابووندا ، جابۆیە قەدەغەمان لێکراوە کە سوجدە بەرین لەو دوو کاتەدا ، ئەگەر چیش نوێژەکە بۆخوای گەورە بێت ، بەڵام لەبەرئەوەی کردنی نوێژ لەو کاتەدا لەیەکچوونی تیادایە بۆکرداری هاوبەش پەیداکەران قەدەغەکرا بۆئەوەی

[١٠١] فصلت: ٣٧.

[١٠٢] هەروەکو لەفەرموودەکەی عبدالله ی کوڕی عومەردا ڕەزای خوایان لێ بێت دا هاتووە کە پێغەمبەری خوا صلّى الله عليه وعلى آله فەرموویەتی ((لَا يَتَحَرَّى أَحَدُكُمْ فَيُصَلِّي عِنْدَ طُلُوعِ الشَّمْسِ وَلَا عِنْدَ غُرُوبِهَا )) واتە ((هیچ کەسێك لەئێوە باخۆی دوانەخات تاکاتی خۆرئاوا بوون و خۆر هەڵاتن جالەو کاتەدا نوێژەکەی بکات)).

أخرجه البخاري رقم ( ٥٨٥ ) في المواقيت ، باب لايتحرى الصلاة قبل غروب الشمس ، ومسلم رقم ( ٨٢٨ ) في المساجد ، باب الأوقات التي نهى عن الصلاة فية .

ڕێگری بکرێت لەهێنانەوەی بیانوو کە دەبێتە هۆکارێك بۆئەوەی شەریکی بۆخوا تیادا بڕیار بدرێت

پێغەمبەری خوا صلّی الله علیه وعلی آله وسلم هاتووە بۆئەوەی ڕێگری شەریك بۆخوادانان و ئەو شتانەی دەبنە هۆکاری ئەنجامدانی شەریك بۆخوادانان بکات[103] .

وەبەڵگەی پەرستنی فریشتە خوای گەورە دەفەرموێت :﴿ وَلَا يَأْمُرَكُمْ أَن تَتَّخِذُوا الْمَلَائِكَةَ وَالنَّبِيِّينَ أَرْبَابًا ﴾[104]

واتە ﴿ ئەو کەسە (( مەبەست عیسایە سەلامی خوای لێ بێ )) هەرگیز داواتان لێ ناکات فریشتەکان و پێغەمبەرکان سەلامی خوایان لێ بێ بەخودا بزانن و بیان پەرستن ﴾.

بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە خەڵکانێك هەبوون و بەبەردەوامیش هەن فریشتەو پێغەمبەرانیان سەلامی خوایان لێ بێت پەرستووە ، وەبەڵگەشە لەسەر ئەوەی کەئەوە شەریك بۆخوا دانانە .

وەگۆڕ پەرستانی ئەمڕۆ دەڵێن : ئەو کەسەی فریشتەکان و پێغەمبەران سەلامی خوایان لێ بێت و پیاوچاکان دەپەرستێت بێباوەڕ نیە .

وەبەڵگەی پەرستنی پێغەمبەرانیش سەلامی خوایان لێ بێ : خوای گەورە دەفەرموێت :﴿ وَإِذْ قَالَ اللَّهُ يَا عِيسَى ابْنَ مَرْيَمَ أَأَنتَ قُلْتَ لِلنَّاسِ اتَّخِذُونِي

[103] سەیری (( فتح المجید لشرح کتاب التوحید ٢/ ٨٣٥ ، ٨٣٩ )) بکە .
[104] آل عمران: ٨.



وَأُمِّيَ إِلَٰهَيْنِ مِن دُونِ اللَّهِ ۖ قَالَ سُبْحَانَكَ مَا يَكُونُ لِي أَنْ أَقُولَ مَا لَيْسَ لِي بِحَقٍّ ۚ إِن كُنتُ قُلْتُهُ فَقَدْ عَلِمْتَهُ ۚ تَعْلَمُ مَا فِي نَفْسِي وَلَا أَعْلَمُ مَا فِي نَفْسِكَ ۚ إِنَّكَ أَنتَ عَلَّامُ الْغُيُوبِ (١١٦) ﴾[105]

واتە ﴿ ((ئەم فەرمایشتە هەڕەشەیە بۆ دیانەکان کەچۆن لەقیامەتدا هەڵەی بیرو باوەڕەکەیان دەردەکەوێت )) خوای گەورە دەفەرموێت: کاتێك خودا لەعیسا سەلامی خوای لێ بێت دەپرسێت ئایە تۆ بەشوێن کەوتوانی خۆتت ووتوە : منو دایکم بەخودا بزانن ؟ کەئەوەیش دەرچوونە لەسنوری باوەڕبوون بەتاك و تەنهایی خوداو هاوەڵ و وێنە پەیداکردنە بۆی ، عیسایش سەلامی خوای لێ بێت لەوەڵامدا دەفەرموێت :خودایە پاك و گەورەیی هەر بۆتۆیە نابێت من لەسنوری خۆم دەربچم و شتێك بڵێم کەهەقی قسەکردنم تیایدا نەبێت ، خۆئەگەر ووتبێتم ئەوە بەڕاستی خۆت دەیزانیت چونکە تۆ دەزانیت چی لەدەرونی مندا هەیە بەڵام من ئەوەی لەنەفسە تۆدا هەیە هیچی لێ نازانم ، بێگومان تۆ زۆر ئاگادارو زانای بەگشت شاراوە و نهێنیەکان ﴾ .

ئەوە بەڵگەی ئەوەی تیادایە کە پەرستنی پێغەمبەران سەلامی خوایان لێ بێت شەریك بۆخوادانانە هەروەکو پەرستنی بتەکان .

وەهەروەها ڕەدی ئەوانەیشی تیادایە کەجیاوازییان کردووە لەوەدا لە گۆڕپەرستان .

[105] المائدة: ١١٦.

جائەوە ڕەدێكی تیادایە لەسەر ئەوانەی کەدەڵێن : شەریك بۆخوادانان بریتیە لەپەرستنی بتەکان ، لای ئەوان یەکسان نیە لەنێوان ئەوەی بتەکانی پەرستووە و ئەوەی دۆستێك یان پیاوێکی چاکی پەرستووە ، ئینکاری بەیەکسان سەیری کردنی نێوان ئەوانە دەکەن ، وە واگومان دەبەن کە شەریك بۆخوادانان کورت هەڵهێنراوە لەسەر پەرستنی بتەکان بەتەنها ، وەئەوەش لەهەڵەڕوونەکانە لە دوو لایەنەوە :

**لایەنی یەکەم** : بەدڵنیاییەوە خوای گەورە لەقورئانە پیرۆزەکەیدا ئینکاری هەموویانی کردووە و فەرمانی بەجەنگان لەگەڵ هەموویاندا کردووە .

**لایەنی دووەم** : بەدڵنیاییەوە پێغەمبەری خوا صلّى الله عليه وعلى آله وسلم جیاوازی نەکرد لەنێوان بت پەرستێك یان فریشتە پەرستێك یان پیاوێکی چاکدا .

وەبەڵگەی پەرستنی پیاوچاکان : خوای گەورە دەفەرموێت : ﴿ أُوْلَٰٓئِكَ ٱلَّذِينَ يَدۡعُونَ يَبۡتَغُونَ إِلَىٰ رَبِّهِمُ ٱلۡوَسِيلَةَ أَيُّهُمۡ أَقۡرَبُ وَيَرۡجُونَ رَحۡمَتَهُۥ وَيَخَافُونَ عَذَابَهُۥٓ ﴾[١٠٦] واتە ﴿ ئەوانەی ئەوان دەیان پەرستن و هاناو هاواریان بۆدەبەن خۆیشیان بۆئەوەی لەخوا نزیکتر بن هێشتا هەر لەهۆیەك دەگەڕێن کەخۆیانی زیاتر لەپەروەردگار پێ نزیك بکەنەوە ئیتر ئێوە چۆن ئەوان دەپەرستن ، بەئومێدی ڕەحمەتی ئەو پەروەردگارەن و لەتۆڵەو سزایشی دەترسن ﴾.

[١٠٦] الإسراء: ٥٧.



ووتراوە : ئەم ئایەتە لەبارەی کەسانێکەوە دابەزیوە کە مەسیح و دایکی و عوزەیریان پەرستووە سەلامی خوایان لێ بێت ، جاخوای گەورە هەواڵی داوە بەوەی کە مەسیح و دایکی (مەریەم) سەلامی خوایان لێ بێت ، وەعوزەیریش هەموویان بەندەی خوان ، بەپەرستنی خوای گەورە خۆیان لەخوا نزیك دەکەنەوە و بەئومێدی بەزەیی خوای گەورەن و لەسزایشی دەترسن ، ئەوانە بەندەگەلێکن پێویستیان بەخوایەو هەژارن بۆئەوەی ڕەحمیان پێ بکات و بەگوێڕایەڵی کردنیان بۆی داوای لێخۆش بوونی لێدەکەن ﴿يَبۡتَغُونَ إِلَىٰ رَبِّهِمُ ٱلۡوَسِيلَةَ ﴾[١٠٧]واتە ﴿خۆیشیان بۆئەوەی لەخوا نزیکتر بن هێشتا هەر لەهۆیەك دەگەڕێن کەخۆیانی زیاتر لەپەروەردگار پێ نزیك بکەنەوە﴾. واتە : نزیکبوونەوە لێی بەگوێڕایەڵی کردنی و پەرستنی ، جائەوە بەڵگەیە لەسەرئەوەی کەئەوان شیاوی ئەوە نین پەرستنیان بۆبکرێت لەبەرئەوەی ئەوان مرۆڤن و پێویستیان بەڕەحمەتی خوای گەورەیە ، هەژارن ، داوا لەخوای گەورە دەکەن و بەهیوای ڕەحمەتی خوای گەورەن ، وە لەسزایشی دەترسن ، وەهەرکەسێکیش ئاوا بێت بەکەڵکی ئەوە نایەت کە بپەرسترێت لەگەڵ خوای گەورەدا عزوجل وە ووتەی دووەم لەوەی ووتراوە لەبارەی ئەم ئایەتەوە : ئەم ئایەتە دابەزیوە لەبارەی خەڵکانێك لەهاوبەش پەیداکەرانەوە خەڵکانێکیان دەپەرست لە جنۆکەکان ، جاجنۆکەکان موسڵمان بوون و ئەوانەی جنۆکەکانیان دەپەرست بەموسڵمان بوونی ئەوانیان نەزانی ، جنۆکەکان

[١٠٧] الإسراء: ٥٧.

بەبەردەوامی بەگوێڕایەڵی کردن و ملکەچکردنیان بۆخوای گەورە لێی نزیك دەبوونەوە و بەهیوای ڕەحمەتی ئەون و لەسزایشی دەترسن ، ئەوان بەندەگەلێکی خوای گەورەن و هەژارن و پێویستیان پێیەتی بۆئەوە نابن پەرستنیان بۆبکرێت .

وەمەبەست لەئایەتە پیرۆزەکە هەرکامیان بێت ، ئەوا ئایەتەکە بەڵگەیە لەسەرئەوەی کەدروست نیە پەرستنی پیاوچاکان ، ئیتر ئەو کەسانە لەپێغەمبەران سەلامی خوایان لێ بێت بن یان لەڕاستگۆیان بن یان لەدۆستانی خواو پیاوچاکان بن ، بەهیچ جۆرێك دروست نیە پەرستنیان ، لەبەرئەوەی هەموویان بەندەی خوان و هەژارن بۆڕەحمەتی خوای گەورە ، جاچۆن دەبێت بپەرسترێن لەغەیری خوا ؟!

وە وەسیلەش (( هۆکاری نزیك بوونەوە لەخوا )) واتاکەی ئەوەیە : بریتیە لەگوێڕایەڵی کردن و نزیکی ، جا وەسیلە لەزمانەوانیدا : ئەو شتەیە دەیگەیەنێتە مەبەست ، ئەوەی دەیگەیەنێتە ڕەزامەندی خواو بەهەشتەکەی بریتیە لەهۆکاری نزیك بوونەوە لەخوا ، ئەمەیە بریتیە لەهۆکاری شەرعی بۆنزیکبوونەوە لەخوای گەورە لەفەرمایشتەکەیدا ﴿وَٱبۡتَغُوٓاْ إِلَيۡهِ ٱلۡوَسِيلَةَ ﴾ [108] واتە ﴿ هۆکاری نزیکبوونەوە لەخوای گەورە بگرنە بەر ﴾ .

بەڵام چەواشەکاران و خلەفاوان سەرلێشێواوان دەڵێن : وەسیلە بریتیە : لەوەی کە ناوەندێك لەنێوان خۆت و خوادا دابنێیت لەدۆستانی خواو

[108] المائدة: ٣٥.



پیاوچاکان و مردووەکان ، بیانکەیتە ناوەند لە نێوان خۆت و خودا تانزیکت بکەنەوە لەخوا ﴿ مَا نَعۡبُدُهُمۡ إِلَّا لِيُقَرِّبُونَآ إِلَى ٱللَّهِ زُلۡفَىٰٓ ﴾ [109] واتە ﴿ئێمە تەنها لەبەرئەوە ئەو بتانە دەپەرستین تالەخوامان نزیك بکەنەوە و تکامان بۆبکەن لای ﴾.

جاواتای وەسیلە لای ئەو خلەفاوانە : بریتیە لەوەی کە ناوەندێك لەنێوان خۆت و خوادا دابنێیت ، خوات پێت بناسێنێت ، پێویستیەکانت بۆبگوازێتەوە ، وەهەواڵی تۆ بگەیەنێت بەخوا ، هەروەك بڵێی خوای گەورە نازانێت ، یان هەروەك بڵێی خوای گەورە چرووکەو نابەخشێت تەنها لەکاتێکدا نەبێت زۆری لێبکرێت لەلایەن ناوەندەکانەوە ، پاك و بەرزی بۆخوا لەوەی دەیڵێن .

وەهەرلەبەرئەوەشە شوبهەبۆخەڵکی دروست دەکەن و دەڵێن : خوای گەورە دەفەرموێت : ﴿ أُوْلَٰٓئِكَ ٱلَّذِينَ يَدۡعُونَ يَبۡتَغُونَ إِلَىٰ رَبِّهِمُ ٱلۡوَسِيلَةَ ﴾ [110] واتە ﴿ ئەوانەی ئەوان دەیان پەرستن و هاناو هاواریان بۆدەبەن خۆیشیان بۆئەوەی لەخوا نزیکتر بن هێشتا هەر لەهۆیەك دەگەڕێن کەخۆیانی زیاتر لەپەروەردگار پێ نزیك بکەنەوە﴾

جائەوە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە ڕاگرتنی ناوەندەکان لەلایەن دروست کراوەکانەوە بۆلای خوا کارێکی دروستە لەبەرئەوەی خوا بەباشە باسی

[109] الزمر: ٣.
[110] الإسراء: ٥٧.

خەڵکەکەی کردووە ، وەلەئایەتێکی تریشدا ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱتَّقُواْ ٱللَّهَ وَٱبۡتَغُوٓاْ إِلَيۡهِ ٱلۡوَسِيلَةَ وَجَٰهِدُواْ فِي سَبِيلِهِۦ ﴾ [111] واتە ﴿ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە لەخوابترسن هۆکاری نزیکبوونەوە لەخوای گەورە بگرنە بەر و تێبکۆشن لەپێناو خوای گەورەدا ﴾ .

ووتیان : بەدڵنیاییەوە خوای گەورە فەرمانی پێکردوین بەوەی هۆکاری نزیکبوونەوە بۆلای خوا بگرینە بەر ، وەوەسیلەش واتاکەی بریتیە لەناوەند ، ئابەو شێوەیە ووشەی خوای گەورە لەشوێنی خۆی دەگۆڕن و بەئارەزووی خۆیان دەیگۆڕن و واتاکەی تێکدەدەن ، جاوەسیلەی ڕاست و دروست لەقورئان و سوننەتدا بریتیە لە : گوێڕایەڵی کە هۆکاری نزیکبوونەوەیە لەخوای گەورە ، وەنزیکبوونەوە لێی بەناوەکانی و ئاوەڵناوەکانی ، ئەمە بریتیە لە هۆکاری نزیکبوونەوەی ڕاست و دروست ( الوسيلة ) .

بەڵام دروستکراوەکان بکەیتە هۆکاری نزیکبوونەوە لەخوا ئەوە وەسیلەیەکی ڕێلێگیراو و قەدەغەکراوە ، وەوەسیلەیەکی هاوبەش پەیداکەرە بۆخوا ، وەهەرئەوەیشە هاوبەش پەیداکەرەکانی پێشوو گرتوویانەتە بەر بۆنزیکبوونەوە لەخوا : ﴿ وَيَعۡبُدُونَ مِن دُونِ ٱللَّهِ مَا لَا يَضُرُّهُمۡ وَلَا يَنفَعُهُمۡ وَيَقُولُونَ هَٰٓؤُلَآءِ شُفَعَٰٓؤُنَا عِندَ ٱللَّهِۚ ﴾ [112] واتە

[111] المائدة: ٣٥.
[112] يونس: ١٨.



﴿شتانێك دەپەرستن جگە لە خوا کە نە سوودیان پێ دەگەیەنن و نە دەشتوانن زیانیان لێ دوورخەنەوە ، وە دەشڵێن کە ئەوانە تکاکارمانن لای خوا ﴾ ، ﴿ وَٱلَّذِينَ ٱتَّخَذُواْ مِن دُونِهِۦٓ أَوۡلِيَآءَ مَا نَعۡبُدُهُمۡ إِلَّا لِيُقَرِّبُونَآ إِلَى ٱللَّهِ زُلۡفَىٰٓ ﴾ [113] واتە ﴿ئەوانەی کەلەجیاتی خوا چەندین دۆستیان بۆخۆیان گرتووە جگە لەخواو دەیانپەرستن دەڵێن : ئێمە تەنها لەبەرئەوە ئەو بتانە دەپەرستین تالەخوامان نزیك بکەنەوە و تکامان بۆبکەن لای﴾ ، ئەوە بریتیە لە شەریك بۆخوا پەیداکردنی ئەوانەی لەکۆندا بوون و ئەوانەی لەدوای ئەوانیشەوە هاتوون ڕێك وەکو ئەوەی خوای گەورە باسی دەکات ، وەئەگەر چیش ناوی ببەن بە وەسیلە ئەوە خودی شەریك بۆخواپەیداکردنە ، ئەو وەسیلەیە نیە کەخوای گەورە بەدروستی داناوە تا بگیرێتە بەر بۆلەخوا نزیکبوونەوە ، لەبەرئەوەی خوای گەورە هەرگیز شەریك بۆخوادانانی نەگێڕاوە بەهۆکاری نزیکبوونەوە لەخۆی ، و بەڵکو شەریك بۆخوا دانان هۆکاری دوور کەوتنەوەیە لەخوای گەورە وەکو دەفەرمویت ﴿ إِنَّهُۥ مَن يُشۡرِكۡ بِٱللَّهِ فَقَدۡ حَرَّمَ ٱللَّهُ عَلَيۡهِ ٱلۡجَنَّةَ وَمَأۡوَىٰهُ ٱلنَّارُۖ وَمَا لِلظَّٰلِمِينَ مِنۡ أَنصَارٖ ٧٢ ﴾ [114]

واتە:﴿چاك بزانن کەهەر کەسێك هاوبەش بۆ خوا دابنێ بێگومان خوا بەهەشتی لەسەر قەدەغە دەکات و جێوشوێنی ئاگرە و ستەمکارانیش هیچ

[113] الزمر: ٣.
[114] المائدة: ٧٢.

جۆرە یارمەتی دەرێکیان بۆ نیەو ڕزگار نابن ﴾. جاچۆن دەبێت شەریك بۆخوا دانان بکرێتە هۆکاری نزیکبوونەوە لەخوا ، پاك و بەرزییەتی بۆخوا لەوەی دەیلێن .

مەبەست لەئایەتەکە : ئەوەیە کەتیایدا بەڵگەهەیە لەسەر ئەوەی کە هەیە لەهاوبەش پەیداکەرەکان پیاوچاکان دەپەرستێت ، لەبەرئەوەی خوای گەورە ئەوەی ڕوونکردۆتەوە ، وەئەوەشی ڕونکردۆتەوە کەئەوانەی ئەوان دەیانپەرستن کۆمەڵە بەندەیەکی هەژارن بۆلێخۆش بوونی خوای و بەهیوای ڕەحمەتی خوان ﴿وَٱبۡتَغُوٓاْ إِلَيۡهِ ٱلۡوَسِيلَةَ ﴾[115] واتە ﴿هۆکاری نزیکبوونەوە لەخوای گەورە بگرنە بەر ﴾ واتە : بەگوێڕایەڵی کردنی خوای گەورە لێی نزیك دەبنەوە ﴿أَيُّهُمۡ أَقۡرَبُ ﴾ بەپەرستنی خوا پێشرکێ دەکەن بۆنزیك بوونەوە لەخوا لەبەرهەژارییان بۆڕەزامەندی خواو پێویستیان بۆی ﴿وَيَرۡجُونَ رَحۡمَتَهُۥ وَيَخَافُونَ عَذَابَهُۥٓ ﴾ ﴿بەئومێدی ڕەحمەتی ئەو پەروەردگارەن و لەتۆڵەو سزایشی دەترسن ﴾ وەهەرکەسێك سیفەتی وابێت بۆخۆی بەئومێدی خوا بێت و لەسزایشی بترسێت بۆئەوە نابێت کە ببێتە خوایەك و هاواری لێ بکرێت و بپەرسترێت لەگەڵ خودا .

[115] المائدة: ٣٥.



وەبەڵگەی پەرستنی بەردەکان و دارەکان لەلایەن موشریکەکانەوە : خوای گەورە دەفەرموێت : ﴿ أَفَرَءَيۡتُمُ ٱللَّٰتَ وَٱلۡعُزَّىٰ ١٩ وَمَنَوٰةَ ٱلثَّالِثَةَ ٱلۡأُخۡرَىٰٓ ٢٠ ﴾[116]واتە ﴿ هەواڵی لات و عوززاو سێیەمەکەی (مەنات)م بدەنێ ﴾ ((ئەوانە سێ بتەکە بوون لە ( طائف و غطفان ومككة )دا دەپەرستران )).

لەم ئایەتەدا بەڵگەی ئەوەی تیادایە کەکەسانێك هەن لەموشریکەکان بەردەکان و دارەکان دەپەرستن .

جا ووتەکەی ﴿ أَفَرَءَيۡتُمُ ﴾ ئەوە پرسیارێکی ئینکار و سەرزەنشتە ، واتە : هەواڵم بدەنێ ، ئەوە لەڕووی پرسیارکردنی ئینکار و سەرزەنشتکردنەوەیە ﴿ٱللَّٰتَ ﴾ بەخوێندنەوەی بێ شەددەی تائەکە – ناوی بتێکە لە طائف کەئەوەش دەستەواژەیەکە بۆدەبڕین لەبەردێکی ڕازێنراوەو نەخشێنراو ، لەسەری ماڵێك بنیادنراوە ، وەپەردەی بەسەرەوەیە ، لەکەعبە دەچێت لەشێوەدا ، وەبەدەوریشیدا گۆڕەپانێك هەیە ، و زێوانیشی هەیە و خزمەتی دەکات و سەرپەرشتی دەکات ، موشریکەکان دەیان پەرست جگە لەخوا وەئەویش هی هۆزی سەقیف بوو ، وەئەو هۆزانەیشی دۆست و هاوپەیمانی سەقیف بوون شانازییان پێوە دەکردن و پیایدا دەنازین .

وەهەروەها بەتوندکردنی تائەکەش کە شەددەی هەبێت خوێندراوەتەوە ﴿ أَفَرَءَيۡتُمُ ٱللَّٰتَ – هەواڵی لاتم بدەنێ ﴾ ناوی بکەرێکە لە (( لَتَ ، يلُتُ –

[116] النجم: ١٩ – ٢٠.

كارێكە بۆكەسێك بەكاردەهێنرێت كە ئاو تێكەڵی ئارد بكات و حەڵوای لێ دروست بكات )) لات پیاوێكی چاك بوو سیفەتی وابوو حەڵوای دروست دەكردو دەرخواردی حاجیانی دەدا ، جاكاتێك مرد ماڵێكیان لەسەر گۆڕەكەی دروست كرد و پەردەیان پیادا شۆڕكردەوە ، ئیتر دوای ئەوە دەیان پەرست لەغەیری خوا ، ئەوە بریتیە لەلات .

وە ﴿وَٱلۡعُزَّىٰ ﴾ بریتی بوو لەكۆمەڵە دارێك لەدۆڵی نەخلە لەنێوان مەككەو تائیفدا ، بەدەورییەوە ماڵ و پەردە هەبوو ، وەزێوانی هەبوو ، وەتیایدا شەیتان هەبوو قسەیان لەگەڵ خەڵكیدا دەكرد ، و نەفام و نەزانەكان وایان دەزانی كەئەوەی قسەیان لەگەڵ دەكات بریتیە لەخودی ئەو دارانە یان ئەو ماڵەی دروستیان كردبوو بەسەریەوە لەگەڵ ئەوەی كە ئەوەی قسەی لەگەڵ دەكردن بریتی بوو لە شەیتانێك تا گومڕایان بكات لەڕێگەی خوای گەورە ، وەئەو بتە هی قوڕەیش و خەڵكی مەككەو ئەوانەی بەدەوریانەوە بوون .

وە ﴿وَمَنَوٰةَ ﴾ بەردێكی گەورە بوو دەكەوتە شوێنێك نزیكی شاخی قودید بوو ، لەنێوان مەككەو مەدینەدا ، وەئەو بتە هی خوزاعەو ئەوس و خەزرەج بوو ، ولەلای ئەو بتەوە ئیحرامی حەجیان دەبەست وەدەیان پەرست لەغەیری خوای گەورە .

جائەم سێ بتە بریتی بوون لە گەورەترین بتەكانی عەرەب .



خوای گەورە دەفەرموێت ﴿ أَفَرَءَيۡتُمُ ٱللَّٰتَ وَٱلۡعُزَّىٰ ١٩ وَمَنَوٰةَ ٱلثَّالِثَةَ ٱلۡأُخۡرَىٰٓ ٢٠ ﴾ [١١٧] واتە ﴿ هەواڵی لات و عوززاو سێیەمەكەی ( مەنات )م بدەنێ ﴾ ئایە دەوڵەمەندی كردن ؟ ، ئایە هیچ سوودێكی پێ گەیاندن ؟ سەری خستن ؟ ئایە دەیانتوانی دروست بكەن و ڕۆزی بدەن و بژیەنن و بمرێنن ؟ چیتان تیادا بینی ؟ ئەوە لەڕووی ئینكاری كردن و هۆشیاركردنەوەی ئەقڵەكانەوەیە تا بگەڕێتەوە بۆ تێگەیشتن و سەر ڕێگای ڕاست ، ئەمانە تەنها بریتین لەكۆمەڵە دارو بەردێك و دروستكراون و هیچ سوودو زیانیان بەدەست نیە و ناتوانن سود بەكەس بگەیەنن و زیان لەكەس بدەن .

وەلەكاتێكدا خوای گەورە ئیسلامی نارد وە پێغەمبەری خوا صلّى الله عليه وعلى آله وسلم مەككەی پیرۆزی ئازاد كرد هەردوو هاوەڵی بەڕێزی ((موغیرەی كوڕی شوعبەو ئەبو سوفیانی كوڕی حەربی ڕەزای خوایان لێ بێت )) نارد بۆ لات بۆ تائیف هەردووكیان تێك و پێكیان دا بە فەرمانی پێغەمبەری خوا صلّى الله عليه وعلى آله وسلم ، وە خالیدی كوڕی وەلیدی ڕەزای خوای لێ بێت نارد بۆ عوززا و تێكی داو دارەكانی بڕییەوە و ئەو جنۆكەیەشی كوشت كە لەناویەوە قسەی لەگەڵ خەڵكیدا دەكرد و گومڕایی دەكردن ، وەلەڕەگ وریشەو دەری هێنا سوپاس بۆخوا ، وەعەلی كوڕی ئەبو تالیبی ڕەزای خوای لێ بێت نارد بۆ مەنات ئەویش

[١١٧] النجم: ١٩ – ٢٠.

تێکی داو سڕییەوە [١١٨] و نەیتوانی خۆی ڕزگار بکات ، جاچۆن دەتوانێت خەڵك و شـوێنکەوتوانی و بەنـدەکانی ڕزگـار بکـات ؟!﴿ أَفَرَءَيْتُمُ ٱللَّٰتَ وَٱلْعُزَّىٰ ﴿١٩﴾ وَمَنَوٰةَ ٱلثَّالِثَةَ ٱلْأُخْرَىٰٓ ﴿٢٠﴾ ﴾ [١١٩]واتــه ﴿ هـــەواڵی لات و عوززاو سێیەمەکەی ( مەنات )م بدەنێ ﴾ بۆکوێ ڕۆیشت ؟ ئایە سوودی پـێ گەیانـدن ؟ ئایـە تـوانی خـۆی بپارێزێـت لـەدەسـتی سـەربازە یەکخواپەرستەکانی خوای گەورە بۆئەوەی تێکی نەدەن؟

(( وەڵام نەخێر ، والله ئەوانەی لـەغەیری خوا دەپەرستڕێن هیچ کامێکیـان سوودو زیانیان بەدەست نیە بەڵام چونکە شەیتانی ئینس و جین بۆ خەڵکی ڕازاندویانەتەوە بەداخەوە خەڵکانێکی زۆر گومڕایوون و لەڕێگەی ڕاست دوور کەوتونەتەوە ، خوای گەورە پەنامان بدات و بمان پارێزێت لـەوەی شەوێن پیلانەکانی ئەوان بکەوین – وەرگێڕ )) .

جائەوە بەڵگـەی لەسـەر ئـەوە تیادایـە کەکەسـانی واهەیـە دارەکـان و بەردەکان دەپەرستن ، بەڵکو ئەم سێ بتە گەورەترین بتەکانیان بـوون ، و لەگەڵ ئەوەشدا خوای گەورە سڕینیەوە لـەبوون و نەیهێشتن ، و نەیتوانی بـەرگری لـەخۆی بکـات و سـوود بەخەڵکەکـەی خـۆی بگەیـەنێت ، جابەدڵنیاییەوە پێغەمبەری خوا صلّى الله عليه وعلـى آلـه وسـلم جیهـادی کردن و دژیان جەنگاو بتەکانیان نەیان توانی بەرگریان لێبکەن ، جائـەوە بەڵگەی ئەوەی تیادایە  کە شەیخی ئیسلام موحەمەدی کوڕی عبدالوهاب

[١١٨] سەیری : زادالمعاد ( ٤/ ٤١٣ – ٤١٥ ) بکە.

[١١٩] النجم: ١٩ ــ ٢٠.



ڕەحمەتی خوای لێ بێت بەڵگـەی بـۆی هێناوەتـەوە کەخـەڵکانێك هـەن بەردەکان و دارەکان دەپەرستن .

یا سبحان الله خەڵکانێك خوای گەورە ژیری پێبەخشیون کەچـی لەگـەڵ ئەوەشدا دارەکان و بەردە بێ گیانەکان دەپەرستن کە ئەقڵ و ژیری تیـادا نیە و جوڵەو ژیانی تیادا نیە ، کوا ئـەقڵی مرۆڤـەکان ؟ بـەرزی بۆخـوای پەروەردگار لـەوەی دەیڵێن بەرزییەکی گەورە کەشایستەی خۆیەتی .

وەبەڵگەیەکی تر بۆسەلماندنی پەرسـتنی بـەردەکان و دارەکـان لـەلایـەن موشریکەکانەوە فەرموودەکەی پێغەمبەری خوایە صلّى الله عليه وعلى آله وسلم کە ئـەبی واقیـدی لـەیسی ڕەزای خـوای لێ بێـت دەفـەرموێت ((خرجنا مع النبي صلى الله عليه وسلم إلى حنين ونحن حدثاء عهـد بكفـر، وللمشركين سدرة يعكفون عندها وينوطون بهـا أسـلحتهم يقـال لهـا ذات أنواط. فمررنا بسدرة فقلنا: يا رسول الله اجعل لنا ذات أنواط، كمـا لهـم ذات أنواط ))[١٢٠] واته (( لـەگەڵ پێغەمبەری خوادا صلّى الله عليـه وعلـى آله وسلم دەرچووین بۆجەنگی حونەین و ئێمە تـازە وازمـان لـەبێباوەڕی هێنابوو و هاتبووینە ناو ئیسلام ، وە هاوبەشپەیداکەران دارێکیـان هـەبوو بەدەوریدا دەسوڕانەوە و چەکەکانیان (شمشێرەکانیان) پیـادا هەڵدەواسـی پێیان دەووت ذات أنواط ((ذات أنواط – بریتی بوو لـەدرێك کەلـەنەفامیدا

[١٢٠] أخرجه الترمذي رقم ( ٢١٨٠ ) في الفتن ، باب ماجاء لتركبن سنن مـن كـان قـبلكم ، وقـال : (( حـديث حسن صحيح )) وأخرجه أحمد ( ٢١٨/٥ ) ، وإبن أبي عاصم في السنة رقم ( ٧٨ ) ، وإبن حبان في صـحيحه رقم (٦٧٠٢– الإحسان ) . وصححه إبن حجر في الإصابة ( ٢١٦/٤ ).

دەپەرستڕا لەغەیری خوای گەورە و چەند لق و پۆی هەبوو هاوبەش پەیداكەران شمشێرەكانیان پیادا هەڵدەواسی بۆئەوەی چەكەكانیان بەرەكەتی بەربكەوێت و پیرۆز ببێت – وەرگێڕ)) جائێمەش دوای ئەوەی ئەوانمان بەجێهێشت و تێپەڕبووین بەلای داریَكدا ، ووتمان :ئەی پێغەمبەری خوا صلّى الله عليه وعلى آله وسلم ﴿ذاتُ أنواط ﴾ یَك بۆئێمەش دابنێ هەروەكو ئەوان ﴿ذاتُ أنواط ﴾ یان هەیە ..... تاكۆتای فەرموودەكە )).

لەئەبی واقیدی لەیسیەوە ڕەزای خوای لێ بێت ، یەكێك بوو لەوانەی لەساڵی ئازاد كردنی مەككەی پیرۆزدا لە ٨ی كۆچیدا موسڵمان بووە .

پێیان دەووت : ﴿ذاتُ أنواط ﴾ وە أنواطیش كۆی نوطە كەئەویش بریتیە لە هەڵواسین ، واتە خاوەنی كۆمەڵە پەلێك بۆهەڵواسین بەكاربهێنرێت ، چەكەكانیان پیادا هەڵدەواسی بۆئەوەی پیرۆزو موبارەك ببێت ، جاهەندێك لەو هاوەڵانەی تازە موسڵمان بووبوون و بەتەواوی لەیەكخواناسی شارەزانەبوون بە پێغەمبەری خوایان صلّى الله عليه وعلى آله وسلم ووت : ﴿ ئەی پێغەمبەری خوا صلّى الله عليه وعلى آله وسلم ﴿ذاتُ أنواط ﴾یَك بۆئێمەش دابنێ هەروەكو ئەوان ﴿ذاتُ أنواط ﴾ یان هەیە ﴾ وەئەمەش نەگبەتی و نارەحەتی لاسایكردنەوە و خۆشوبهاندنە ، كەبریتیە لەگەورەترین بەڵاكان ، لەو كاتەدا پێغەمبەری خوادا صلّى الله عليه وعلى آله وسلم سەرسوڕمانی خۆی دەربڕی و فەرمووی : الله أكبر الله أكبر الله أكبر ، وە پێغەمبەری خوا صلّى الله عليه وعلى آله وسلم ئەگەر شتێكی پێ



سەیر بوایە یان شتێكی پێ ناخۆش بوایە ئەوا الله أكبری دەكرد ، یان دەیفەرموو سبحان الله و دووبارەی دەكردەوە .

فەمووی (( إنها السنن )) واتە : ئەو ڕێگایانەی كە خەڵكی دەیان گرنە بەر و هەندێكیان شوێن هەندێكیان دەكەون و دەیانكەنە سەرمەشقی خۆیان ، جائەو هۆیەی كەوای لێكردن ئەوە بڵێن بریتیە لەشوێن كەوتنی ڕێچكەكانی پێش خۆتان و خۆشوبهاندنە بە موشریكەكانەوە .

پاشان پێغەمبەری خوا صلّى الله عليه وعلى آله وسلم فەرمووی : ((قُلْتُمْ وَالَّذِي نَفْسِي بِيَدِهِ كَمَا قَالَت بنو إسرائيل لِموسى : ﴿ٱجۡعَل لَّنَآ إِلَٰهٗا كَمَا لَهُمۡ ءَالِهَةٞۚ قَالَ إِنَّكُمۡ قَوۡمٞ تَجۡهَلُونَ ١٣٨﴾[121] )) واتە ((سوێند بەوەی گیانی منی بەدەستە ئەوەی ئێوە ووتتان هەروەك ئەوە وایە كە نەوەكانی ئیسرائیل بەموسایان ووت : ﴿ پەرستراوێكما بۆدابنێ تا بیپەرستین هەروەكو ئەوان پەرستراویان هەیە ، موساش سەلامی خوای لێ بێت پێ ی فەرموون : بەڕاستی ئێوە گەلێكی نەفام و نەزانن﴾ )) . موسا سەلامی خوای لێ بێت لەكاتێكدا دەریاكەی بڕی بە نەوەكانی ئیسرائیل و خوای گەورە دوژمنەكەیانی تیادا نقوم كردوو خنكاندنی و ئەوانیش كە نەوەكانی ئیسرائیلن سەیریان دەكرد لەكاتێكدا كەدەخنكان لەبەرچاویاندا ، بەلای خەڵكانێكدا تێپەڕین كە هاوبەش پەیداكەر بوون و دەسوڕانەوە بەدەوری بتەكانیاندا ، جائەوانە بەموسایان سەلامی خوای لێ بێت ووت : ﴿ٱجۡعَل

[121] الأعراف: ١٣٨.

لَّنَآ إِلَٰهًا كَمَا لَهُمْ ءَالِهَةٌ قَالَ إِنَّكُمْ قَوْمٌ تَجْهَلُونَ ﴿١٣٨﴾ ﴾[١٢٢])) واتە ((سوێند بەوەی گیانی منی بەدەستە ئەوەی ئێوە ووتتان هەروەك ئەوە وایە كە نەوەكانی ئیسرائیل بەموسایان ووت : ﴿ پەرستراوێكما بۆدابنێ تا بیپەرستین هەروەكو ئەوان پەرستراویان هەیە ، موساش سەلامی خوای لێ بێت پێ ی فەرموون : بەڕاستی ئێوە گەلێكی نەفام و نەزانن﴾ )) موساش سەلامی خوای لێ بێت ئینكاری ئەوەی كردو فەرمووی ﴿ إِنَّ هَٰٓؤُلَآءِ مُتَبَّرٌ مَّا هُمْ فِيهِ﴾ واتە : پووچ و بەتاڵە ، ﴿ وَبَٰطِلٌ مَّا كَانُواْ يَعْمَلُونَ ﴾[١٢٣] واتە ﴿بێگومان ئەو حاڵەتەی ئەوانی تیادایە كەبتەكان دەپەرستن سەرئەنجامی تیاچوونە و هەرچیش دەكەن بێ كەڵك و باتڵە ، واتە : خۆیان و بتیان دوابڕاون ﴾ . لەبەرئەوەی شەریك بۆخوا دانانە ، خوای گەورە دەفەرموێت ﴿ قَالَ أَغَيْرَ ٱللَّهِ أَبْغِيكُمْ إِلَٰهًا وَهُوَ فَضَّلَكُمْ عَلَى ٱلْعَٰلَمِينَ ﴿١٤٠﴾ ﴾[١٢٤] واتە ﴿ موسا سەلامی خوای لێ بێت فەرمووی: باشە ئێوە دەتانەوێت جگە لەخوا خوای ترتان بۆبخوازم بۆ پەرستن ؟! كەهەر ئەویشە فەزڵتانی داوە بەسەر خەڵكانی سەردەمی خۆتاندا ﴾ پێغەمبەر موسا سەلامی خوای لێ بێت ئینكاری ئەو كارەیانی كرد هەروەكو چۆن پێغەمبەری خۆشەویستمان صلّى الله عليه وعلى آله وسلم ئینكاری ئەوانەی كرد ، بەڵام ئەوانەی سەردەمی موساو ئەوانی سەردەمی

---

[١٢٢] الأعراف: ١٣٨.

[١٢٣] الأعراف: ١٣٩.

[١٢٤] الأعراف: ١٤٠.



پێغەمبەری خۆشەویستمان صلّى الله عليه وعلى آله وسلم شەریكیان بۆخوای گەورە پەیدانەكرد ، جانەوەكانی ئیسرائیل لەكاتێكدا ئەم قسەیەیان كرد شەریكیان بۆخوا پەیدا نەكرد لەبەرئەوەی بەكردەوە هەڵنەستان بەئەنجامدانی ، وەبەهەمان شێوەش هاوەڵەكانی پێغەمبەری خۆشەویستمان صلّى الله عليه وعلى آله وسلم ئەگەر هاتایە ئەو ﴿ذاتُ أنواط ﴾ە یان بكردایەتە پەرستراو ئەوەی هاوبەش پەیداكەران دەیانكرد ئەوانیش بیانكردایە ئەوا شەریكیان بۆخوا پەیدا دەكرد ، بەڵام خوای گەورە پاراستنی ، لەوكاتەوەی پێغەمبەركەیان صلّى الله عليه وعلى آله وسلم قەدەغەی لێكردن ئەو كارە بكەن دەستیان هەڵگرت و وازیان هێنا ئەم قسەیەیان لەنەزانینەوە كرد ، لەئارەزووەوە نەیان ووت ، جاهەرئەو كاتەی زانیان ئەو كارە شەریك بۆخوا دانانە وازیان هێناو كارەكەیان نەكرد ، خۆئەگەر هاتایە ئەنجامیان بدایە ئەوا شەریكیان بۆخوای گەورە ئەنجام دەدا .

جائەوەی مەبەستە لەئایەتەكەدا : ئەوەیە كە خەڵكانێك هەن دارەكان دەپەرستن ، لەبەرئەوەی ئەو هاوبەش پەیدا كەرانە ئەو دارە پەل پەلانەیان كردبوو بەخواو دەیان پەرست ، وەئەو هاوەڵانە ڕەزای خوایان لێ بێت ئەوانەی زانست لەدڵە كانیاندا جێگیر نەبوو بوو هەوڵیاندا خۆیان بچوێنن پێیانەوە ئەگەر خوای گەورە نەیپاراستنایە بەهۆكاری پێغەمبەركەی صلّى الله عليه وعلى آله وسلم .

**مەبەست** : بەدڵنیاییەوە کەسانێك هەن کە دارەکـان دەکەنـە موفـەڕك و تەبەروك لـەلایدا دەمێننەوە ، وە (( العكوف )) واتاکەی بریتیە لـەمانـەوە لـەلایدا بۆماوەیەك بەمەبەستی نزیك بوونەوە لـەخوای گەورە جابۆیە (( العكوف )) بریتیە لـەمانەوە لـەشوێنێکدا .

جائەوە بەڵگەیە لـەسەر چەندین بابەتی گەورە :

بابەتی یەکەم : ترسناکی نەزانین بەیەکخواناسی ، چونکە بێگومان کەسێك نەزان بێت بەیەکخواناسـی شایـستەی ئەوەیـە بکەوێتـە شـەریك بۆخـوا دانانەوە و بەخۆیشی نەزانێت ، وە لێرەوە پێویستە فێربوونی یەکخواناسی، وەفێربوونی ئەوەی دژیەتی لـەشـەریك بۆخوادانـان تـامرۆڤ لـەسـەر چـاو ڕۆشنی بێت لـەبەرئەوەی کارێك نەکات لـەئەنجامی نەشارەزایی و نەزانینی، بەتایبەتی ئەگەر بینی کەسێك ئەو کارە دەکات وادابنێت کارەکەی هەقـە بەهۆکاری نەزانین و نەشارەزایەکەی ، جالـەو کەسـەدا مەترسـی نـەزانین هەیە بەتایبەتی لە کاروباری بیروباوەڕدا .

بابـەتی دووەم : لـەفەرموودەکـەدا مەترسـی خۆشـبهاندن بەهاوبـەش پەیداکەرەکانەوە هەیە ، وەئەو خۆ چواندنەش لـەوانەیە ببێتە هۆی شەریك بۆخوا دانان ، پێغەمبەری خوا صلّى الله عليه وعلى آله وسلم دەفـەرموێت ((مَنْ تَشَبَّهَ بِقَوْمٍ فَهُوَ مِنْهُمْ ))[125] واتە (( هەرکەسـێك خـۆی بـشوبهێنێت

[125] أخرجه أبو داود رقم ( ٤٠٣١ ) في اللباس ، باب في لبس الشهرة ، وأحمد ( ٢/ ٥٠ ) من حديث عبدالله بن عمر رضي الله عنهما .

قال شيخ الإسلام إبن تيمية رحمه الله : (( هـذا إسـناد جيـد )) . (( إقتـضاء الـصراط المستقيم )) (١/ ٢٣٦ – ٢٣٩) . وقال الحافظ العراقي في تخريج الإحياء : ( ٢/ ٦٥ ) : سنده صحيح .



بەهەر گەلێکەوە ئـەوە لـەوانـە )) جابۆیـە دروسـت نیـە خـۆ چـوواندن بەموشریکەکانەوە .

بابەتی سێیەم : ئەوەیە کە تەبەڕوککردن پیرۆزی وەرگرتن لە بەردەکان و دارەکان و خانوەکانـەوە شـەریك بۆخوادانانـە ئەگـەر چـی بەشـیرکیش ناونەبرێت لـەلای خـەڵکی ، لەبەرئـەوەی داواکردنـی پیرۆزیە لـەجگـە لـەخواوە ، لـەبەردەکان و دارەکـان و لـەگۆڕەکان و جێنزرگاکانـەوە ، وەئـەوە شـەریك بۆخوادانانـە ئەگـەر چـیش بەغـەیری نـاوی شـەریك بۆخوادانانیش ناوی بنێن (( واتە : باخەڵکانێکی سەرلێـشێواویش هـەبن ئـەو شیرکە ڕوونە بەناوی ترەو نـاوبنێن وەکـو ئـەوەی بڵـێن ئـەوە وەسیلەیە، یـان ڕێزگرتنە لە پێغەمبەران سەلامی خوایـان لێ بێـت و ڕاسـتگۆیان و پیاوچـاکان و دۆستانی خواو شەهیدەکان و تا دوایی ، ئەوە هەر هـەمان شـەریك بۆخوادانـانی موشریکەکانە بەڵام ئەوان گۆڕیویانە پەنا بەخوا – وەرگێڕ )) .

وقال الحافظ إبن حجر في فتح الباري : ( ٦/ ٩٨ ) : سنده حسن .

القاعدة الرابعة: أن مشركي زماننا أغلظ شركا من الأولين، لأن الأولين يشركون في الرخاء ويخلصون في الشدة، ومشركو زماننا شركهم دائما في الرخاء والشدة ، والدليل قوله تعالى: ﴿ فَإِذَا رَكِبُوا۟ فِى ٱلْفُلْكِ دَعَوُا۟ ٱللَّهَ مُخْلِصِينَ لَهُ ٱلدِّينَ فَلَمَّا نَجَّىٰهُمْ إِلَى ٱلْبَرِّ إِذَا هُمْ يُشْرِكُونَ ﴿٦٥﴾ ﴾ [126]

**بنەمای چوارەم:** ئەوەیە كە هاوبەشپەیداكەرانی سەردەمی ئێمە شیرك و هاوبەشدانانەكەیان زۆر خەستترو خراپترە لەشیركی هاوبەش پەیداكەرەكانی سەردەمی پێغەمبەری خوا صلّى الله عليه وعلى آله وسلم لەبەرئەوەی هاوبەش پەیداكەرەكانی سەردەمی پێغەمبەری خوا صلّى الله عليه وعلى آله وسلم لەكاتی خۆشی و ئاسوودەیدا هاوبەشیان بۆخوای گەورە دادەنا و لەكاتی نارەحەتی و سەخڵەتیدا بەتەنها خوای پەروەردگاریان دەپەرست و هاواریان بەتەنها لەو دەكرد ، بەڵام موشریكەكانی سەردەمی ئێمە شەریك بۆخوا پەیداكردنەكەیان هەمیشەییە لەكاتی خۆشی و ئاسوودەیدا و ناخۆشی و نارەحەتیدا شەریك بۆخوای پەروەردگار ئەنجام دەدەن و هاوار دەكەنە غەیری خواو ، وەبەڵگەش فەرمایشتی خوای گەورەیە كەدەفەرموێت :﴿ فَإِذَا رَكِبُوا۟ فِى ٱلْفُلْكِ دَعَوُا۟ ٱللَّهَ مُخْلِصِينَ لَهُ ٱلدِّينَ فَلَمَّا نَجَّىٰهُمْ إِلَى ٱلْبَرِّ إِذَا هُمْ يُشْرِكُونَ ﴿٦٥﴾ ﴾[127] واتە ﴿ موشریكەكان كاتێك سواری كەشتیەك یان پاپۆڕێك ببن و لەدەریادا

[126] العنكبوت: ٦٥.
[127] العنكبوت: ٦٥.



بڕۆن بۆ شوێنێك ، ئەگەر بایەكی بەهێز هەڵبكات و شەپۆلی دەریاكە كەشتیەكەیان بخاتە مەترسیەوە و ترسی نقوم وونیان لێ بنیشێت لەو حاڵەتەدا بێباوەڕیەتی خۆیان لەبیر دەچێتەوە و بەهەموو دڵێكیانەوە دەست دەكەن بەدوعاو پاڕانەوە لەخودای تاك و تەنها تالەو تەنگانەو نەهامەتیە ڕزگاریان بكات ، بەڵام كەخودا ڕزگاریان دەكات و دەگەنەوە سەرووشكانی جارێكی تر خودایان لەبیر دەچێتەوە و دەست دەكەنەوە بە بتپەرستیەكەی جارانی خۆیان ﴾.

## ڕاڤەكردنی زانای پایەبەرز صالح الفوزان

بنەمای چوارەم كەبریتیە لەكۆتا بنەما ئەوەیە كە هاوبەشپەیداكەرانی سەردەمی ئێمە شیرك و هاوبەشدانانەكەیان زۆر خەستترو خراپترە لەشیركی هاوبەش پەیداكەرەكانی سەردەمی پێشوو ئەوانەی پێغەمبەری خوایان صلّى الله عليه وعلى آله وسلم بۆلا نێردرا .

وەهۆكاریش لەوەدا ڕوون و ئاشكرایە : بەدڵنیاییەوە خوای گەورە هەواڵیداوە كە هاوبەش پەیداكەرانی سەردەمی پێشوو زۆر بەدڵێكی پاكەوە و بەدڵسۆزییەوە هاواریان دەكردە خوا ئەگەر كارەكەیان لەسەر قورس بوایەو تووشی نارەحەتی بونایە ، جابۆیە هاوارناكەنە غەیری خوا لەبەرزانستیان بەوەی كە جگە لەخوا توانای ڕزگاركردنی نیە لەنارەحەتیەكاندا هەروەكو خوای گەورە دەفەرموێت ﴿وَإِذَا مَسَّكُمُ ٱلضُّرُّ فِى ٱلْبَحْرِ ضَلَّ مَن تَدْعُونَ إِلَّآ إِيَّاهُ ۖ فَلَمَّا نَجَّىٰكُمْ إِلَى ٱلْبَرِّ أَعْرَضْتُمْ ۚ وَكَانَ ٱلْإِنسَـٰنُ كَفُورًا

﴿ ٦٧ ﴾ [١٢٨] واتە ﴿وەهەرکاتێکیش ئێوە لەناو دەریادا تووشی ناخۆشی و زەرەرو کۆسپ بن ، وەك نقوم بوون و بەرەو هەڵدێرچوون هەر خواتان لەبیر دەمێنێ و هەرچی پەرستراوێك هەیە لەبیرتان دەچێ و باوەڕتان بەهیچ شتێکی تر نامێنێت ، کەچی هەر ڕزگاری کردن و بەرەو ووشکانی چوون خێرا ڕوو وەردەچەرخێنن لەپەرستنی خوا بەتاك و تەنیاو کوفری نیعمەت دەکەن و مرۆڤ بەرامبەر بەخوا هەرئاوا ناشوکور بووە ﴾ وەلەئایەتێکی تردا دەفەرموێت ﴿ وَإِذَا غَشِيَهُم مَّوۡجٌ كَٱلظُّلَلِ دَعَوُاْ ٱللَّهَ مُخۡلِصِينَ لَهُ ٱلدِّينَ ﴾ [١٢٩] واتە ﴿ ئەو بێباوەڕو بتپەرستانەو غەیری ئەوانیش ئەگەر لەناو دەریادا شەپۆلی زۆر گەورەی وەکو چیا بێت بۆیان بەهەموو دڵێکیانەوە هاوار دەبەن بۆخوداو داوای ڕزگاربوونی لێدەکەن ﴾ واتە : بەدڵسۆزییەوە لێی دەپاڕێنەوە ﴿فَلَمَّا نَجَّىٰهُمۡ إِلَى ٱلۡبَرِّ فَمِنۡهُم مُّقۡتَصِدٌ ﴾ [١٣٠] واتە ﴿ جاکەخودا ڕزگاری کردن و گەیاندنیەوە سەر ووشکانی هەندێکیان جۆرە سوپاسێك ئەنجام دەدەن بەڵام ئەوانی تریان بەرامبەر ئەو بەزەییەی خودا سپڵەیی دەنوێنن و بێباوەڕ دەبنەوە ﴾ وەلەئایەتێکی تردا دەفەرموێت ﴿فَلَمَّا نَجَّىٰهُمۡ إِلَى ٱلۡبَرِّ إِذَا هُمۡ يُشۡرِكُونَ ﴾ [١٣١] واتە ﴿بەڵام کەخودا ڕزگاریان دەکات و دەگەنەوە

---

[١٢٨] الإسراء: ٦٧.
[١٢٩] لقمان: ٣٢.
[١٣٠] لقمان: ٣٢.
[١٣١] العنكبوت: ٦٥.



سەرووشکانی جارێکی تر خودایان لەبیر دەچێتەوە و دەست دەکەنەوە بە بت پەرستیەکەی جارانی خۆیان ﴾ جائەوانەی پێشوو شەریکیان بۆخوا دادەنا لەخۆشی و ئاسوودەیدا ، هاواریان دەکردە بتەکان و بەردەکان و دارەکان ، بەڵام ئەگەر بکەوتنایەتە ناڕەحەتیەوە و لەلێواری لەناوچووندا بوونایە ئەوا ئەوان هاواریان نەدەکردە بت و دارو بەردو هیچ دروستکراوێك بەڵکو بەتەنها هاواریان دەکردە خوای تاك و تەنها ، جائەگەر جگە لەخوا لەناڕەحەتیەکاندا توانای دەربازکردنی نەبێت جاچۆن دەبێت هاوار بکرێتە جگە لەخوا لەخۆشی و ئاسوودەیدا .

بەڵام هاوبەش پەیداکەرەکانی ئەم کاتە واتە : ئەوانەی لەدوایدا هاتوون ، ئەوانەی شەریك بۆخوادانان لەناویاندا ڕوویداوە لەم ئوممەتی موحەمەدییەدا صلّى الله عليه وعلى آله وسلم ئەوا بەدڵنیاییەوە هاوبەش دانانەکەیان بەردەوامە لەخۆشی و ناخۆشیدا ، تەنانەت لەکاتی ناڕەحەتیشدا دڵسۆزی نانوێنن بۆخوای گەورە ، بەڵکو هەرکاتێك ناڕەحەتیان زیاتر لەسەر توندتر ببێت ئەوا هاوبەشدانانەکەیان و هاوارکردنیان زیاتر دەبێت بۆ حەسەن و حوسەین ڕەزای خوایان لێ بێت وە بۆعبدالقادر ڕەحمەتی خوای لێ بێت وە بۆ ڕیفاعی وەجگە لەوانیش ، ئەوە شتێکی زانراوە ، شتی سەیرو سەمەرەیان لێ باس دەکرێت لەناو دەریاکاندا ، ئەوان ئەگەر کارەکەیان توندتر و ناڕەحەت تر بێت وایان لێ دێت هاوار دەکەن بەناوەکانی دۆستان و پیاوچاکانەوە ، وەداوای فریاکەوتنیان لێ دەکەن جگە لەخوای گەورە (( واتە لەجیاتی لەو کاتی

نارەحەتیـەدا هاواریـان لـەخواكردایـە هـەرناوێكیان بەسـەر زاردا بێـت لەپیاوچاكان و بەناو پیاوچاكان و لـەدۆستانی خواو بەناو دۆستان هاواری لێدەكـەن و داوای فریاكـەوتنی لێدەكـەن – وەرگێـڕ )) لـەبەرئـەوەی بانگخوازانی بەتاڵ و پووچ گومڕایی پێیان دەڵێن : ئێمە ڕزگارتان دەكەین لەناو دەریاكاندا ، جائەگەر تووشی شتێك بوون ناومان بێنن و هاوارمـان بكەنێ و ئێمەش ڕزگارتان دەكەین .

**هەروەكو ئەوە دەگێڕدرێتەوە لەڕێچكەكانی صـۆفیگەریەتی ، ئەگـەر حەزدەكەن لـە (( طبقات الشعراني ))دا بیخوێننەوە ، جاشتی وای تیادایە كە پێستەكان موچڕكەیان پیادا دێت لـەوەی ناوی دەنێن كەراماتی ئەولیا ، وەئەوەی كە ئەوان دەتوانن ڕزگاریان بكەن لـەناو دەریاكاندا ، وەئەوەی كە دەستی درێژ دەكات بـۆ دەریاكـەو هـەموو كەشـتی و بەلـەمەكـە هەڵدەگرێت دەری دەكات بۆسەر ووشكانی و ناهێڵێت تەنانەت قۆلی كراسەكەیش تەڕببێت ، جگە لـەوەش لە خوڕافەت و شتە پڕوپوچەكانیان، جابۆیە هاوبەش دانانیان بەردەوامە لـەكاتی خۆشی و ناخۆشیدا ، جائەوانە شیركەكەیان زۆر توندترە لـەشەریك بۆخوادانانی ئەوانەی لـەپیشوودا بوون**

وەبەهـەمان شـێوە – هـەروەكو شـەیخی ئیسلام (( موحەمـەدی كـوڕی عبدالوهاب )) ڕەحمەتی خوای گەورەی لێ بێت لـەپەرتووكەكەیدا ((كشف الشبهات)) دا دەفەرموێت[132] : لـەڕوویـەكی تـرەوە ((ئەوانـەی پێـشوو

[132] سەیری كشف الشبهات ( لاپەڕەی ١٦٩ – ١٧٠ ) بكە لـەچوارچێوەی دانراوەكانی پێشەوای نوێكەرەوە شەیخی ئیسلام (( موحەمەدی كوڕی عبدالوهاب )) ڕەحمەتی خوای گەورەی لێ بێت – بەشی بیروباوەڕ .



خەڵكانێكی چاكیان دەپەرست لـەپیاوچاكان و فریشتەكان و پێغەمبـەران سەلامی خوایان لێ بێت و دۆستانی خوا ، بەڵام ئەوانەی ئێستا خەڵكانێك دەپەرستن لـەخراپترین و تاوانبـارترین خـەڵك ، وەخۆیـشیان دان بـەوەدا دەنێن ، جائەوانەی ئەوانەی ناویان دەنێن جەمسەرەكان و فریادڕەسـەكان نوێژناكەن ، و ڕۆژوو ناگرن ، خۆیان لە زیناو نێربـازی و داوێـن پیـسی ناپارێزن ، لـەبەرئەوەی بەگومانی خۆیان هیـچیان لـەسـەر نیـە كـەدەبێت بیكەن لـەپەرستن ، حەڵاڵ و حەرامیان لـەسەریان نیە ، بەڵكو ئەوە بەتەنها بۆكەسە عەوام و خەڵكەسادەكانە .

وەئەوان دان بەوەدا دەنێن كە گەورەكانیان نوێژناكەن و ڕۆژوو نـاگرن ، وەئەوان خۆیـان بـەدوور نـاگرن لـەداوێن پیـسی ، وەلـەگـەڵ ئەوەشـدا دەیانپەرستن ، بەڵكو خەڵكانێك دەپەرستن لـەتاوانبارترینی خەڵك ، وەكو حەلاج و ئیبن و عەرەبی و ڕیفاعی و بەدەوی و جگە لـەوانیش .

وە بێگومان شەیخی ئیسلام (( موحەمەدی كوڕی عبدالوهاب )) ڕەحمـەتی خوای گەورەی لێ بێت بەڵگەی لـەسەر ئەوە هێنا كە شەریك بۆخوادانانی ئەوانـەی لـەم دوایانـەدا هـاتوون زۆر گـەورەترو خـراپترە لـەشـەریك بۆخوادانانی ئەوانەی لـەپێـشوودا بـوون ، لـەبەرئـەوەی ئەوانـەی پێـشوو لـەكاتی نارەحەتیـدا بەتـەنها و بەدڵـسۆزی هاواریـان دەكـردە خـواو هاوبەشیان بۆدانەدەنا و لـەكاتی خۆشی و ئاسـوودەیدا شـەریكیان بۆخـوا دادەنا ، فەرمایشتی خوای گەورەی كردە بەڵگە كە دەفـەرموێت ﴿ فَإِذَا

رَكِبُواْ فِي ٱلْفُلْكِ دَعَوُاْ ٱللَّهَ مُخْلِصِينَ لَهُ ٱلدِّينَ ﴾[١٣٣] واتە ﴿موشـریکەکان کاتێك سواری کەشتیەك یان پاپۆڕێك بن و لەدەریادا بڕۆن بۆ شوێنێك ، ئەگەر بایەکی بەهێز هەڵبکات و شەپۆلی دەریاکە کەشتیەکەیان بخاتە مەترسیەوە و ترسی نقوم وونیان لێ بنیشێت لەو حاڵەتەدا بێباوەڕیەتی خۆیان لەبیر دەچێتەوە و بەهەموو دڵێکیانەوە دەست دەکەن بەدوعاو پاڕانەوە لەخودای تاك و تەنها تاڵەو تەنگانەو نەهامەتیە ڕزگاریان بکات﴾.

وصلى الله وسلم على نبينا محمد وعلى آله وصحبه أجمعين

[١٣٣] العنكبوت: ٦٥.



## کۆتایی

لەکۆتایدا داوا لەخوای پەروەردگار دەکەم بیکات بەخاتری ناوە جوانەکانی و سیفەتە بەرزەکانی لەگوناهەکانم خۆش ببێت و ڕەحم بەمن و دایك و باوك و مامۆستاکانم بکات و لێیان خۆش ببێت و بەبەهەشتی بەرینی خۆی شادمان بکات ، وەداوای لێدەکەم کەئەم کارەم لێوەربگرێت و بیخاتە لەسەر کێشانەی تەرازوەو لایەنی چاکەکانمی پێ قورستر بکات ، وەخوای پەروەردگار لەشێخی ئیسلام (( موحەمەدی کوڕی عبدالوهاب)) ڕەحمەتی خوای گەورەی لێ بێت خۆش بێت و بەبەهەشتی شاد بکات و پێگەی لەناویدا بەرزبکاتەوە ، وە مامۆستاو زانای پایەداری ئەهلی سوننەو جەماعە شەیخ صالح فەوزان بپارێزێت و تەمەنی پڕ بەرەکەت بکات بۆخزمەتکردنی ئیسلام و موسڵمانان ، ئامین یاالله .

سُبْحَانَ اللَّهِ ، وَبِحَمْدِهِ ، سُبْحَانَكَ اللَّهُمَّ وَبِحَمْدِكَ
أَشْهَدُ أَنْ لا إِلَهَ إِلا أَنْتَ ، أَسْتَغْفِرُكَ وَأَتُوبُ إِلَيْكَ

براتان

ئاکۆ جلیل کریم ﴿ گۆخڵانی ﴾

سلێمانی

یەك شەممە – ١٦- ٥ – ١٤٣٣

٨-٤-٢٠١٢

## ﴿ پێرست ﴾


| ژ | بابەتەکان | لاپەڕە |
|---|---|---|
| ١ | پێشەکی وەرگێڕ | ٥ |
| ٢ | دەقی پەرتووکەکەی شەیخی ئیسلام بەعەرەبی | ٨ |
| ٣ | واتای کوردی ﴿القواعد الأربع – چوار بنەماکە﴾ | ١٢ |
| ٤ | دەستکردن بەشەرحەکەی زانای پایەبەرز صالح فوزان الفوزان | ٢٣ |
| ٥ | پێشەکییەکەی شەیخی ئیسلام | ٢٣ |
| ٦ | باسی حەنیفییەت – میللەتی ئیبراهیم | ٣٥ |
| ٧ | کەپەرستن ناو نابرێت بەپەرستن تەنها لەکاتێکدا نەبێت کەلەگەڵ یەکخواناسیدا بێت | ٤١ |
| ٨ | گرنگترین شت کەپێویستە بەندە شارەزای ببێت | ٤٩ |
| ٩ | بنەمای یەکەم | ٥٣ |
| ١٠ | بنەمای دووەم | ٥٩ |
| ١١ | مەرجەکانی شەفاعەت | ٦٣ |
| ١٢ | بنەمای سێیەم | ٦٨ |
| ١٣ | باسی وەسیلە | ٨١ |





| ژ | بابەتەکان | لاپەڕە |
|---|---|---|
| ١٤ | بنەمای چوارەم | ٩٩ |
| ١٥ | خوراڤەتی گومرایان | ١٠٣ |
| ١٦ | کۆتایی | ١٠٦ |
| ١٧ | پێرست | ١٠٧ |


